# بەشی سێیەم
# تورکیا و مافەکانی مرۆڤ

نوسینی

کلاوس سلاڤنسکی

# دروشمی ڕۆژنامەی Turkish Daily News:
# (ئاشتی بۆ وولات، ئاشتی بۆ جیهان)

***کەمال ئەتاتورك***

من کە یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨١ چوومە تورکیا، ئەو کاتە دەسەڵات بە دەست سوپاوە بوو، و (ئەجەوید) سەرەکی سوسیالدیموکرات لە ماڵەوە دەستبەسەر بوو. وەکو ڕاوێژکاری پارێزگای کۆپنهاگن لە کاروباری مهاجیرەکان دەبوایە من سەر لەو ناوچانە بدەم کە مهاجیرە تورکیاییەکانی دانمارکیان لێوە هاتوون.

بە پێی باری نائاسایی سەربازی، دەبوایە مەردم کاغەزی ڕەسمی بدرابوایە تیایدا ئەو ناوچانە دیاری کرابوون مرۆڤ بۆی هەبوو سەردانیان بکات.

لەبەر ئەوەی زۆربەی مهاجیرە تورکیاییەکانی دانمارك لە ناوچە کوردییەکانەوە هاتوون، ئەوا من هەر پێشوەخت پەیمانم لەگەڵ وەرگێڕێکی دانمارکی _ کوردی بەستبوو بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ.

لە کاتی گەڕانمانا بە نێو گوندە کوردییەکاندا مەفرەزەیەکی سەربازی بەلاماندا ڕەتبوو. ئێمەیان ڕاکێشا دەرەوە و لوولەی تفەنگەکانیان لەسەر سینگمان دانا. کاغەزەکانمانیان پشکنی و دوای لێپرسینەوەیەکی کورت منیان لەو دەشتە بەجێهێشت وەرگێڕەکەیان لەگەڵ خۆیان بردە شارەکەی ئەو ناوچەیە. ئیتر من بە دوای داچووم و

پـەیوەندیم بـە سـەرۆکی شـارەکەوە کـرد. دوو سـعات پاشـتر منیـان بـردە ئۆردوگایــەکی سەربازی. کە پێم نایە ناو هۆڵێکەوە چاوم بە ڕاڕەوی زیندانێك کەوت کـە سـەربازەکان تیایـا خـەریك بـوون لـە یـەکێ لـە بەندیـەکانیان دەدا. پاشـتر وەدەرکـەوت ئـەو بەندیـە وەرگێڕەکەی من بوو. وایان ڕاگەیاند گوایە لەوە دەکۆڵنەوە بزانن ئـەو کەسـە خزمـەتی سەربازی کردووە یاخود دواکەوتەیە.

ئەمە یەکەمین دیداری من بوو لەگەڵ دەسەڵاتداریەتی تورکیا.

# سێبەرە خوێناویەکەی سوپا

ڕۆژانــە مــن زانیــاریم ســەبارەت بــە بــارودۆخی تورکیــاوە پێدەگــات. نامــەم لــە باڵوێزخانــەی تورکیــا لــە دانمــارك بــۆ دێ. زانیــاریم ســەبارەت بــە کــاری تــیرۆری *PKK* بەرامبەر بە دەوڵەتی تورك و دانیشتوانیەوە پێدەگات. بەیاننامەی ڕێکخراوە کوردییە جیاجیاکانم پێدەگات سەبارەت بە کاری تیرۆری دەوڵەت لە لایەن حکومەتەکانی تورکیا و عێراق و ئێران دژ بە خەڵکی مەدەنی کورد. لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە هەواڵی ڕۆژنامەگەری ڕۆژنامەکانی تورکیا دەگات. هەروەها ڕاپۆرت و بەڵگەنامە و کتێب و ڕوونکردنەوە لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە دێت، لەوانە ڕێکخراوی *Human Rights Watch* ، و *Amnesty International* ، و *Kurdistan Human Rights Project* لە لەندەن، ئینستیتوی کوردی لە پاریس و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە تورکیا و عێراق. هەروەها بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی ئەنجوومەنی ئەوروپا و *EU* و *UN* و بڕیارەکانی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ و دادگای ستراسبۆرگ.

ئەم هەموو زانیاریانە بەیەکەوە بنچینەیەکی باش دروست دەکەن بۆ هەڵسەنگاندنی هەردوو بارودۆخی تورکیا و کوردەکان و هەڵویست گرتنی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤەوە.

هاوبەشیکردنی تورکیا بۆ نموونە لە ریزەکانی *NATO* و ئەنجوومەنی ئەوروپا لە زۆر لایەنەوە کەڵکی بۆ سەقامگیری ئەوروپا هەبووە. بۆیە ئاسایی بوو تورکیا ئەو

پەیماننامەیە ئیمزا بکات سەبارەت بە سەقامگیری لە ئەوروپا کە ژمارەیەکی زۆر لە وولاتە ئەوروپاییەکان لە ئاداری ١٩٩٥ لە پاریس ئیمزایان کرد.

پەیماننامەکە وولاتەکان بە زۆر شت دەبەستێتەوە، لەوانە رێزگرتنی سنوورەکانی یەکتری، رێزگرتنی کەمە نەتەوایەتیەکان و مافەکانی مرۆڤ. تورکیا بەم رادەیە بەشێکە لە خێزانی ئەوروپا. ئەو پردە کەلتووری و ئابووریەی کە تورکیا بە درێژایی مێژوو لە نێوان ئەوروپا و رۆژهەلاتی ناوەراست دروستی کردووە پێویست بوو ببێتە هۆی دەستەبەرکردنێکی تەواو و مەزنتری دیموکراتییەت و مافەکانی ئازادی سیاسی لەوەی کە ئێستا هەیە.

کە بە رۆژ ژمێرە تورکیاییەکەمدا دەچمەوە لە ماوەی ئەم ١٥ ساڵەی دواییدا، دەبینم سیاسەتی راستەقینەی تورکیا زێتر بوەتە نا - ئەوروپی.

لە ماوەی چەندین ساڵ من سەرنجی گۆرانکاریەکانی تورکیام داوە.من کاتێ ئەم هەموو زانیاریانەی باسمان کردن دەخەمە سەریەك و دەیانپێوم لەگەڵ ئەم سەردانانەی تورکیا کە من بەشداریم تێدا کردوون و ئەو هەموو گفتوگۆیەشی دەخەمە پاڵ کە من لەگەڵ چەندەها وەزیر و خەڵکانی بەرپرسی رێکخراوەکان کردوومن، سەیر دەکەم تەنها وێنەیەکی ترسناکی کۆمەڵێکی دیکتاتۆری کەڵەگاییم بەدەستەوەیە.

وولاتێك گاڵتە بە هەموو ئەو بیرە دیموکراتیانە دەکات کە ئێمە کۆمەڵگای خۆمانمان لە ئەوروپا پێ بونیات ناوە، تورکیا جار بە دوای جار دەخوازی ببێتە بەشێکی.

لەو ٧٠ ساڵەی رابووردو، لەو رۆژەوەی تورکیا لەسەر رێ و شوێنی کۆمەڵگای کەڵەگایی عوسمانی لایداوە، دیموکراتیەت تووشی هەڵبەزین و دابەزین بووە.

ئەگەر لە روانگەیەکی بەرجەستەیی دوورەوە سەیر بکەین دەبینین تورکیا لە زۆر لایەنەوە گەیشتۆتە ئاستی خواستەکانی خۆی سەبارەت بە پەرەسەندن بەرەو کۆمەڵگایەکی دیموکراتی و عیلمانی. بەڵام حکومەتە دوابەدواکانی تورکیا و سوپای

دەسەڵاتدار هەمیشە خاوەن خوویێکی بەد و خراپ بوونـە، ئـەویش راونـانی گـەورەترین کەمە نەتەوایەتیە، کە کوردەکانن. بە دەیان ساڵە سیاسەتی شەرعی تورك لـەوەدا بـووە سـنوور بـۆ زمـان و کـەلتوری کـوردی دانـێ و سانسـۆری بخاتـە سـەر و ئـەو پـارت و کەسـایەتیانە راونـێ کـە چـەندین سـاڵە دژ بـەم سیاسـەتە ناشایسـتەو نائەوروپیـە راوەستاون.

ناوچە کوردیەکان ئەوە دوانزەمین ساڵە[1] لە ژێر چەپۆکی ئاسنینی سوپادان، پارتە کوردیـەکان قەدەغـە دەکرێـن، دادگـای تایبـەت سـەرکردە کوردەکـان ناچاردەکـا وولاَت بەجێبێڵن، خوێندنگا کوردیەکان فـەرق و جیاوازییـان دەرهـەق دەکـرێ، دامودەزگاکـانی راگەیاندنی کوردی دادەخرێن و لە سەرووی هەمووشەوە پڕوپاگەندەی دژ بـە کـورد لـە نێو کۆمەڵی تورکدا زیاتر و فراوان دەکرێ.

هـەروەك لـە مێـژوودا بـاوە، لـەو وولاَتانـەی دیموکراتیـەت بـە پشـتیوانی سـوپا دادەمـەزرێنن، کوردەکـان بوونەتـە کۆمـەڵێك هـاوولاَتی پلـە دوو، بـە کۆمـەڵ گونـاهی نالەباریـەکانی تورکیایـان دەخرێتـە ئەسـتۆ، وەکـو تـیرۆر و خراپەکاریـەکانی مافیـا و رووخان و شکستی ئـابووری. ئـەوروپا پێویسـتە بـاوەڕی بـە هـێزە دیموکراتیـەکانی نـاو تورکیا هەبێ، بە هەموو شێوەیەکی بەجێ پشتگیرییان بکات.

بەڵام ئەگەر تورکیا نەتوانێ لەگـەڵ کەمـە نەتەوایەتیـە کوردییەکـەی خـۆی بـژی، ئـەوا ئـەوروپاش نـاتوانێ لەگـەڵ تورکیـا بـژی، وەك بەشـێك لـەو خێزانـە دیموکراتیـەی رۆژنامەی *Politiken* [2] لە سەر وتاری رۆژی ٤ | ٨ ا١٩٩٤ باسی دەکات.

زۆر لــە ســەرکردە تورکــەکان چــاك دەزانــن کــەوا تورکیــا خــۆی ئــەم کــاری (جوداییخوازیە) دەخولقێنێ کە دەبێتە هۆی ئەوەی دەسەڵاتداران بەو پەڕی قورسیەوە ئاساییترین مافەکانی مرۆڤ پێشێل بکەن.

[1] لە کاتی نووسینی ئەم کتێبە

[2] گەورەترین رۆژنامەی دانمارکە.

*دوابەدوای جەنگەكان خوێن لە سەر ڕێیان دەڕۆیشت*

*چقڵ و دڕكەزی هەموو شوێنێكی داگرتبوو*

*سەردەمی سەهۆڵبەندان لە سەر زەوی زاڵ بوو*

*هەتاو بێ تیشك بوو*

*ئادەمیزاد لە یەك بەدوور لە سەرمانا هەڵدەلەرزین*

*كەس برادەری، یاخود خوشك و برای كەس نەبوو.*

(بلێند ئەجەوید) ی سەرەك وەزیرانی توركیای پێشوو[٣] ئەم چەند دێڕەی سەرەوەی لە ساڵی ١٩٧٠ نووسیوە.

شەڕی ناوخۆ و دەسەڵاتدارانی سوپا و زەبروزەنگ و تیرۆر بوونەتە بارێكی قورسی مێژوویی بە شانی توركیاوە. ئیتر گۆڕانكاریەكان زۆر خێرا روودەدەن، چ لە توركیا و چ لە جیهان.

لە دوای هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی وارشۆ ئیتر مەسەلەی مافەكانی مرۆڤ چیتر بە مەسەلەیەكی ناوخۆ دانانرێ.

لە مانگی تشرینی دووەم _ نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩١ ئەنجومەنی ئەوروپا سەبارەت بە مافەكانی مرۆڤ ئاگانامەیەكی پەسەند كرد، كە دەبێتە راستە هێڵێك بۆ *EU* تا وەكو وولاتانی ئەندام لە ئایندەدا لە كاری خۆیاندا لە سەری بڕۆن. لە ئاگانامەكەدا دووپاتی ئەوە دەكرێتەوە مەسەلەی مافەكانی مرۆڤ فاكتەرێكی زۆر گرنكە لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەكاندا و یەكێكە لە بەردەكانی بناغەی هاریكاری ئەوروپا لە لایەنی هاوبەشێتی ناوخۆی ئەوروپا و هاریكاری وولاتانی ئەندام لەگەڵ وولاتانی دەرەوەی ئەوروپا.

لە دوای ئەمە ئەنجومەن داخی خۆی دەردەبڕێ بەوەی تا ئێستا بە ئاشكرا مافەكانی مرۆڤ لە ولاتانێكی بێشماردا پێشێل دەكرێن، ئاگانامەكە بەڵێنی ئەوە دەدات

[٣] و ئێستاش

مافەكانی مـرۆڤ و مافـە بنەڕەتیـەكانی ئـازادی لـە هـەموو جیـهان بـەرەوپێش ببـات و بیانپارێزی.

(ئەمە یاسـای كۆمـەڵگای جیـهانی و سـەرتاپای وولاَتانـە، ئـەركی بـەردەوامی تـەنێ تەنێ و هاوبەشیانە).

زۆر بە ڕوونی و ئاشكرایی دووپاتی ئەوە دەكرێتـەوە: (ئەنجومـەنی ئـەوروپا ئـەوە دێنێتەوە یاد، كە شێوەی جیاجیای ئاشكراكردن و پیشاندانی پێشێلكردنی ئـەو مافانـە نیشانەی نائارامی دەربڕینن، داواكردنی دووبارە دابین كردنەوەی ئـەو مافانـە، ئیـتر بـە دەستتێوەردان ناژمێردرێ لە كاروباری ناوخۆی ئەم وولاَتانە، هـەروەها ئـەم مەسـەلەیە بەشێكی گرنگ و یاسایی پێكدێنێ لەو گفتوگۆیانەی نیـوان "هاوبەشـیێتی "[4] و ولاَتـانی تر. وولاَتانی هاوبەش لەسەر كۆششی خۆیان بەردەوام دەبن دژ بە پێشـێلكردن لـە هـەر كوێیەك بێ ).

توركیـاش لـە سـەر ئاسـتی رەسمیـەوە بۆتـە ئـەندام و چۆتـە نـاو كۆمـەڵێ لـەم رێككەوتننامانــە، لەوانــە گرینگترینیــان ئاگانامـــەی جیـــهانی مافـــەكانی مـــرۆڤ، پەیماننامـەی نێودەوڵەتی سـەبارەت بـە مافـە مـەدەنی و سیاسـییەكان، هـەرورها مافـە ئـابووری و كۆمەلاَیـەتی و كەلتورییـەكان. بـە پێـی ئاگانامەكـەی ئەنجومـەنی ئـــەوروپا، نابێ لـە رێگـای بڕیـاری تایبەتیـەوە لـە پرینسـیپەكان لابـدرێ بـەبیانووی رەچـاوكردنی لایەنی نیشتمانی یان كەلتوری یاخود ئایینی.

چەند ساڵێك دوای بەسەرهاتەكەی ١٩٨١ ی توركیا، سەبارەت بە رەچاو كردنی مافە بنەڕەتیـەكان و چۆنیـەتی پیادەكردنیـان لـە لایـەن توركیـاوە، لـە سـاڵی ١٩٩٣ چـاوم بـە وەزیری دادی ئەوسا (سەیفی ئۆكتای) كەوت.

لە ساڵی ١٩٨١ وە جار لە دوای جار بۆم دووپات بۆتەوە كـەوا (كـارێكی ئاسـاییە) لـە زیندانەكان و پۆلیسخانەكان لـە خـەڵك بـدرێ، جـا گونـاهی ئـەو خەڵكە لـە ڕووداوێكی

[4] مەبەست لە هاوبەشییتی ئەوروپایە

ئوتومبێل و هاتووچۆ دابێ یاخود لە شتێکی گرنگتر. بە واتایەکی تر ئەمە بۆتە شێوەیەکی ئاسایی لە کاتی لێپرسینەوە و تەحقیق کردن پێی ڕاهاتوون. من ئەمانەم گشتی خستە بەردەمی وەزیر. ئەو لە وەڵامدا گوتی کەوا تورکیا لە بواری مافەکانی مرۆڤەوە زۆر لە پێوانە و ستانداردی ئەوروپا رەتی داوە، هەروەها گوتی لەو ساڵانەی دواییدا گۆڕانکاری پۆزەتیڤ ڕووی داوە لە بواری گرتنی تاوانباران و لە دادگادان و باری سزادان. وەزیری داد لەم بۆنەیەدا ئاماژەی بۆ یاسای سزادانی ساڵی ١٩٩٢ کرد کە مافی زیاتر دەداتە تاکە کەس. بەڵام دانی بەوە نا کەوا گیروگرفتی گەورەیان هەیە لە بواری فێرکردنی کارمەندانی سوپا و پۆلیس.

بەڵام من دەڵێم زۆر بەداخەوە مەسەلەی دیسپلین و زەبت و رەبتی پۆلیسی رەقەکار و توندوتیژ و جەللادەکانی سزا و جەزرەبەدان لە نێو سوپادا، تاکە گیروگرفتی تورکیا نین. ئەوەتا ڕووداوەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی تورکیا لەم دوانزە ساڵەی دواییدا گەواهی ئەم قسەیەمان دەدەن.

# وولاّتی وێرانی کوردەکان

کە پیاو بە درێژایی سنووری تورکیاو سوریادا تێپەڕدەبێت، دەبینێت چۆن بورجەکانی چاودێریکردن و چەندەها تانۆکی تەلی دڕکداری ڕووەو سوریا دیمەنەکە دەشێوێنن.

کە بەرەو بەشی خوارووی ڕۆژهەلاّتی تورکیا وەڕێ دەکەویت، چەند گوندێکی پەرش و بلاّوت بەرچاو دەکەوێ، لەگەلّ چەند کێلگە پەمۆیەکی نیمچە وشکهەلگەڕاو کە ژن و مندالّ خەریکی ڕنینیانن.

کوڕێژگە شوانێکی کوردی تەمەن نزیك دە سالاّن، لە دەو ڕێیەکە دانیشتوە و پالتۆکەی خستۆتە ژێر بالّی خۆی. خەریکە زۆر بە ووردی و سەرنج لاپەڕەیەکی دڕاوی ڕۆژنامەیەك دەخوێنێتەوە، کە فڕەفڕیەتی بە دەست ئەو بایەی هاوکات یاری بە پەمۆ پێ گەییوەکان دەکات. تۆ بلّێی ئەمە ووتارێك بێت لە ڕۆژنامەی ***Üzğür Ğündem*** ی کوردی، کە دەسەلاّتدارانی تورك ناوە ناوە دایدەخەن؟ تۆ بلّێی ئەمە هەوالّێك بێت لە بارەی شاری (کارتان) کە دەکەوێتە ناوچە نەوتیەکانی ئەم نزیکە، کە بەم دواییە ***PKK*** ی ڕێکخراوی کوردی ئەفسەرێکیان تیایدا گوللەباران کرد و سوپاش دوابەدوای ئەمە سەرتاپای تانکیە نەوتەکانی داخست و ئاگری تێبەردان؟

ئەو بەشە کوردیەی تورکیا ئەوەندە نزیکە لە شەڕی ناوخۆ ئیتر ووشەی ناتەبایی پڕ بە پێستی نی‌یە کە باسی باری ئەم ناوە دەکرێ.

لەم گۆشەیەی خوارووی رۆژهەڵاتی تورکیا، کاروانە سەربازیەکان گرمەیان دێ لە گەڕانیاندا بەدوای *PKK*، لە کاتێکدا جوتیارە چەکدارەکان بە وولاغ زەوی دەکێڵن و بە دەست تۆوی دەدەن. خەڵکێکی تر لە بەردەم دەرگای بۆ نموونە زیندانی (ماردین) ماونەتەوە و چاوەڕوانن بچنە سەردانی هێندێك کەس لەو بیست هەزار کوردەی لە ژێر هەلومەرجی زۆر ناخۆش لەبەر چالاکیەکانی *PKK* گیراون. ئەو رەشماڵ و خیوەتانەی لە بەردەم زیندانەکان هەڵدراون وایان لێ هاتووە ژیانیان تێدا بێ ترستر بێ لە ژیانی گوندەکان.

هەر مانگێك دەوروبەری ١٠٠ گوند، بە موعەدەلی دانیشتوانەکەی نزیکەی ٣٠٠ کەسێکیان چۆڵی دەکەن، سوپا دەستیان بەسەردا دەگرێ، ئەوە لە کاتێکا ئەگەر بولدۆزەریان لێنەدرێ.

لە نێو کەلاوەکاندا تەنها شاخە کوردیەکان بە پێوە ماون، کە دەسەڵاتداران بە پیتی زل و زەبەلاح تەنانەت لە سەر چیای (ئەرارات) وەکەی حەزرەتی نوح ئەم دروشمەیان نووسیوە:

(خۆشبەختە ئەوەی خۆی بە تورك دەزانێ).

بە پێی بۆچوونی لێپرسراوانی مەسەلەی کورد لە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، حکومەتی تورکیا لەبەردەم دوو گیروگرفتدایە: یەکەمیان تێبگات ئەو هەڵە و چەوتیە چیە کە لە خوارووی رۆژهەڵاتی تورکیا روویداوە؟ دووەمیان *PKK* چۆن رادەگیرێ.

( ڤیتاهان ئۆجاك) لە قاتی هەرە سەرەوەی وەزارەتی دەرەوە لە ئەنقەرە دادەنیشێ. ئەو بەشە کەوتۆتە لاپەڕێك، کە شێوەکەی لە قاسەی بانق دەکا و دەرگایەکی هەیە نزیکەی ٣٠ سم ئەستوورە.

بەپێی بۆچوونی (ئۆجاك) حکومەتی تورکیا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە باری گوزەران لە خوارووی رۆژهەڵاتی تورکیا دەبێ باشتر بکرێ و پێویستە پرۆژەی ئابووری بخرێتەکار، بەلام ئەمە نزیکەی لەسەدا ٤٠ - ٥٠ ی بودجەی کشتوکاڵی تێدەچێ. ئەو پێ

لەوە دەنێ کەوا کوردەکان مافی کەلتوری خۆیان وەرنەگرتووە، بەڵام وەکو پەڵپوبەهانــە ئەوەی زێدە کرد کەوا کەمە نەتەوایەتیەکانی دیش لە تورکیا لە هەمان بار دان.

ناتەبایی نێوان کوردەکانی تورکیا و سوپای تورک ڕۆژ بە ڕۆژ توندتر دەبێ.

کاری توندوتیژی دەبێتە هۆی ئەوەی راونــانی دانیشتوانە کوردەکان و ریکخراو و پارتــەکانی دۆستی کــورد زیـاد بکـا. خراپــتربوونی بارەکـە بـۆی هەیـە ببێتـــە شــەڕێکی ناوخۆی راستەقینە، چونکە ئەو پارتــە چەکدارە کوردیـە (*PKK* ) جـارێکی تـر دێتـەوە وەڵام، بە بومبای خۆتەقێن و هێرش بردنە سەر بۆ نموونە ناوچەکانی گەشت و گوزار.

راستیش ئەوەیە، ئەو بارە تراژیدیە لەلایەن حکومەتە یەکبەدوا یەکەکانی تورکیا خۆیان خولقێندراوە، نەك هەر تەنـها کەوتونەتـە راونـانی گـەلی کـورد، بـەڵکو هەرێمـە کوردیەکـەیان لـە نالـەبارییێکی کۆمەڵایـەتی ئاشـکرا بـە پاشکەوتویی بەجێهێشـتووە، بـە بەراورد لەگەڵ ئەو پەرەسەندنەی لە ناوچەکانی تری تورکیادا هەیە.

راپۆرتێك لە کۆمەڵـەی پـارێزەرانی دیاربـەکری پایتـەختی هەرێمـە کوردیەکـە لـە ساڵی ١٩٩٥ ئەوە دەردەخا کەوا دەستوور و ژمارەیەك لە یاسا پیشەییەکان دژوارن لەگەڵ زۆربەی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان کە تورکیا مۆری کردوون.

سەرۆکی کۆمەڵەی پارێزەران (سەزگین تانریکولو) ئــەوە روونـدەکاتـەوە کـە یاسـای ژمارە ٢٨٢٠ ی تایبەت بە پارتە سیاسییەکان قەدەغەی کردووە پارتەکان ببنــە بڵندگـۆی کۆمەڵانی کەمە نەتەوایەتیەکان، پارتەکان نابی لە زمانی تورکی بەولاوە هیچ زمـانێکی دی بەکاربێنن. یاسای ژمـارە ٢٩٠٨ تایبەتـە بەدامـەزراندنی کۆمەڵـەکان، ڕێگا نـادا هیــچ کۆمەڵەیەك دابمەزرێ کە خۆی بـە زمـان و کـەلتورێکی دیکـە جگـە لـە تورکـی بـەولاوە خەریك بکات.

یــەکێ لــە وەزیرەکـانی پێشــووی حکومــەتی ئەجــەوید ویسـتی لـــە ســاڵی ١٩٩٥ ڕێکخراوێکی دارایی دابمەزرێنێ، بەڵام لەبەر یاسای نـاوبراو بـۆی نـەکرا ڕێکخراوەکـەی تۆمار بکرێ، چونکە چەمکی (کوردی) تێدا بوو.

یاسای سەرنووسکردنی ژمارە ١٥٨٧ ئەمەی خوارەوەی تێدایە:

(دایك و باوك ناو لە منداڵی خۆیان دەنێن، بەڵام ناوەکە نابێ دژ بە کەلتوری نەتەوایەتی و رێ و رەوشتەکان بێ) . لە پەیڕەونامەیەکدا کە دوابەدوای یاساکە هاتووە، لە پەرەگرافی ٥ دا سەبارەت بە نازناو دەڵێ: نازناو (ناوی فامیلی و بنەماڵە) دەبێ تورکی بێ.

یاسایەك هەیە لە بارەی بەڕێوەبردنی ناوچە و هەرێمەکانە، ژمارەکەی (٥٤٤٢) ە. ئەم یاسایە فەرمانێکی گرتۆتە خۆی دەڵێ پێویستە وەزارەتی ناوخۆ ناوی ئەو شارانە بگۆڕێت کە تورکی نین.

مۆرکی ئەندازە زمانەوانیەکە تەنانەت بە دەستوورەوەش دیارە کە لە پەرەگرافی ٤٢ یدا هاتووە: (هیچ زمانێك لە زمانی تورکی بەولاوە نابێ بەکاربێت، لە فێرکردنی هاووڵاتیانی تورکیا لە دامودەزگاکانی فێرکردن و خوێندنگاکان لە تورکیا).

هاوڕێك لەگەڵ ئەم یاسایە لە یاسای فێرکردن و خوێندنی زمانی بێگانە ژمارە ٢٨٢٣ دا هاتووە، ئەو زمانە بێگانانەی دەخوێندرێن پێویستە لە لایەن حکومەتەوە بڕیاریان لەسەر بدرێ لە سەر پێشنیاری (ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی).

هەر لە کاتی کۆدێتا سەربازیەکەی ساڵی ١٩٨٠ وە ئەوا سوپا لە رێگای ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی حوکمڕانی تورکیا دەکا، ئەو ئەنجومەنی ئاسایشەی لە ساڵی ١٩٨٤ پێکهێندرا و سەرۆکی ئەرکانی سوپا سەرۆکایەتی دەکا.

لەگەڵ یاسای نەهێشتنی تیرۆر ژمارە ٣٧١٣ یاسای تریش دەرکرا، سەبارەت بە سەربەستی چاپەمەنی و فیلم و ڤیدیۆ و موزیك و پەخش کردنی رادیۆ و تەلەفزیۆن و دەسەڵاتی پۆلیس لەم بوارەدا. پەیامی هاوبەش لەم یاسایانە ئەوەیە پۆلیس بۆی هەیە هەر چالاکیەکی کەلتوری راگرێ دژی یەکەی دوڵەت و نەتەوەی تورك بێت.

رۆڵی دادگاکان لێرەدا زۆر کەم کراوەتەوە، کە راستەوخۆ بەم کۆمەڵە یاسا تەسك و سنووردارانە بەڕێوە دەبرێن و ناڕاستەوخۆ بەو دەسەڵاتە زۆرەی دراوە بە پۆلیس و

سوپا بە پێی دەستووری باری نائاسایی کە لە ناوچەکانی خوارووی رۆژهەڵاتی تورکیا لە ساڵی ١٩٨٠ وە بۆتە (باری ئاسایی).

لەگەڵ ئەوەی کەوا ئەم نموونانە بە ئاشکرا ئەوە پیشان دەدەن تا چ رادەیەك یاساکانی تورکیا و جێبەجێ کردنیان لە دادگا سنوور لەبەردەم ئەو رێککەوتننامانە دادەنێن کە تورکیا مۆری کردوون وەکو ئەوەی بۆ نموونە لە بواری مافەکانی مرۆڤ، ئەوا بە پێی راپۆرتەکەی کۆمەڵەی پارێزەران (ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی) بە پێویستی زانیوە کەوا ٩ ناوچە لە تورکیا کە بەشی هەرەزۆری دانیشتوانیان کوردن دەستنیشان بکا و ناویان بنێ بە ناوچەی دادگایی تایبەت.

لە ماوەی نێوان ١٩٨٤ – ١٩٩٤ دادگای ئاسایشی دوڵەت لە دیاربەکر ٦٠٠٠٠ کەسی گرتووە، وا تاوانبار کراون و حوکم دراون، گوایە سەرپێچی ئەم یاسایانەیان کردووە کە لە سەرەوە باسمان کردن.

ئەو ژمارەیە ئەوانەی دەگەڵ حسێب نەکراوە کە گیراون و پاشتر بەردراون (لەبەر نەبوونی بەڵگە) یاخود نزیکەی ئەو ٣٠ کەسەی هەموو مانگێك لە کاتی گلدانەوەیان لە لای پۆلیس بێ سەروشوێن، بزر دەبن، هەروەکو لە نێو ژمارەکانی رێکخراوی مافەکانی مرۆڤ ***IHD*** باسکراون ***( Insan.lari Dernegi )***.

# هەموو بەر پێشێلکردنەکان دەکەون

راپۆرتی رۆژانە لە رێکخراوە تورکی‌یەکان و ئەوانی دەرەوە بەڵگەنامە دەدەن بە دەستەوە کە یاسا نوێیەکەی سزادانی تورکیا، باری جێبەجێکردن و ئەنجامدانی لە سیستەمی دادگایی تورکیا بەرەو چاکتر نەبردووە.

رێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا *IHD* وا دەردەخا کەوا لەو ساوەی سوپا لە سەرەتای ١٩٨٠ کانەوە دەسەڵاتەکانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی مەدەنی بەجێهێشت ئیتر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە زیادی دایە.

ئەو ژمارانەی خوارەوە لە راپۆرتی ساڵانەی *IHD* ی ١٩٩٦ وەرگیراون:

- لە سێدارەدان بە کەیفی خۆ، مردن لە ژێر ئەشکەنجە ١٩٠ کەس
_ ئەو مەدەنیانەی لە ئەنجامی کردەوەی سەربازی گیانیان لەدەستداوە ١١٩ کەس
- ئەوانەی دوای گلدانەوەیان لە لای پۆلیس بێ سەروشوێن بوونە ١٩٤ کەس
- تەنها ئەو داوا و شکاتانەی راگەیاندراوە لەمەڕ ئەشکەنجەدان ٣٤٦ کەس
- ئەو گوندانەی وێران کراون ٦٨ گوند
- ئەو سەندیکا و رێکخراوانەی داخراون ١٣٢ رێکخراو
- ئەو رۆژنامەنووسانەی گیراون ٤٢١ کەس
- ئەو بلاّوکراوانەی دەستیان بە سەردا گیراوە ١٩٥ بلاّوکراوە
- ژمارەی زیندانیە سیاسیەکان ١٤٠ کەس

پارێزەری ناودار (یوسف ئالاتاس) کە پەیوەندی بە *IHD* هەیە، لە کاتی سەردانێکما بۆ تورکیا روونی کردەوە کە دەسەڵاتدارانی سوپا لە ناوچە کوردیەکاندا هیچ جیاوازی لە نێوان *PKK* و کوردی ئاسایی ناکەن. لە مانگی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ساڵی١٩٩٣ سوپای تورك هێرشی کردە سەر ناوچەی (ئەلبیستان) و چەندین ناوچە و شاری بە چەکی کیمیاوی وێران کرد. *IHD.* بە لێکۆڵینەوە و پشکنینی زانستیانەی جل و بەرگی زێتر لە ١٠٠ کەسی مردوو، بەڵگەی بۆ ئەمە وەدەست هێناوە.

وەزیری پیشووی مافەکانی مرۆڤ (ئەزیمەت کویلوئۆگلو) لە دیداریکی لەگەل وەفدیکی دانمارکی لە تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری سالی ١٩٩٤ هەمان شتی سەلماند.

لە قەراخەکانی ئەوروپا تورکیا تەنها شوینی شەرمەزاری و رووزەردی بەردەکەویّ، وەکو یەکیك لەو وولاتانەی لە کۆمەلیك راپۆرت بۆ چەندەمین جار مۆری نا دیموکراتیەتی لیدەدریّ، لەوانەش دوا راپۆرتەکانی ئەمنستی ئینتەر ناشیونال سەبارەت ئەشکەنجەدانی مندال.

ئەمنستی لە ئۆکتۆبەری سالی١٩٩٦ هەلمەتیکی لە دژی تورکیا خستەکار، چونکە تورکیا وەك ئەندامیکی ئەنجومەنی ئەوروپا و *OSCE* (ریکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپا) و *NATO* ، بە بۆچوونی ئەمنستی مامەلەی زۆر بە باشی لەگەلدا دەکری. مامەلەیەکی زۆر باش بە بەراوورد لەگەل ئەو شیوەیەی دەسەلاتدارانی تورك مامەلەی هاوولاتیانی خۆیانی پی دەکەن.

راپۆرتەکە سەبارەت بە ئەشکەنجەدانی مندالان، وینەیەکی ترسناکی باری مافەکانی مرۆڤ لە کۆمەلگای تورکی دەخاتە روو.

ئەمنستی دەلی تورکیا بۆتە دیموکراتیەتیکی بە ترس بەرامبەر ژیان، هەروەها بەلگەی وا پیشکەش دەکا کە چۆن مندالی تەنانەت ١٢ سالی لە پۆلیسخانەکان ئەشکەنجە دەدرین.

لە مانگی کانونی دووەم/ ژانوەری ساڵی ١٩٩٥ منداڵێك بـە نـاوی (دونـا تـالون )کـە تەنها تەمەنی ١٢ ساڵ بوو، گیرا، بە گومانی ئەوەی نانێکی دزیوە. ئـەو کچـە بچکۆڵـە بـە پێچەوانەی یاسا، پێنـج رۆژ لـە پۆلیسخانەی سـەرەکی ئەنقـەرە هێشـترایەوە بـێ ئـەوەی بۆی هەبێ پەیوەندی بە پارێزەرێك یاخود بە کەسوکاری بکات.

"لێیـان دام ، ئێـواران چاویـان دەبەسـتمەوە. دەیـان بەسـتامەوە و وایـەری ئەلەتریکیان دەخستە پەنجەکانمەوە. ئینجا یەکێکیان دینەمۆکـەی هـەڵدەکرد. تـەوژمی ئەلـەتریکیان لـە دەموچاویشـم دا. بـەیانی رۆژی پاشـتر لێپرسـینەوەیان دەسـپێکرد. یەکێکیان زۆر بە توندی بە هۆکی - تۆکی‌یەکەی لە دەموچاوی دام ".

بـە پێـی راپۆرتەکـەی ئەمنسـتی (دونـا) دەڵێ لـە زگیشـیان دام. بـەڵام هیـچ کەسـێ نەدرایە دادگا لەسەر ئەشکەنجەدانی ئەو کچە.

چیرۆکێکی دی چیرۆکی کورێکـە لـە دەوروبـەری هـەمان تەمەنـە و نـاوی (خـەلیل ئیبراهیم ئۆکالی) یـە، لـە رۆژی ٢٧/ تشرینی دووەم - نۆڤەمبـەری سـاڵی ١٩٩٥ لـە شـاری ئەزمیر گیرا، کە شاری گەشتوگوزارە. ئەم منداڵە لە دوای سێ رۆژ گرتن لە پۆلیسخانەی (چنارلی) خرایە بەشی چاودێری چڕ لە نەخۆشخانە.

وا دیارە ئەم ووشانەی (نازم حیکمەت) ی شاعیری تورکیان لەبیرکرووە کە دەلی:

با زەوی بە منداڵان بسپیرین
تەنانەت ئەگەر بۆ رۆژیکیش بی
با ئەو رۆژە نیشانەی دۆستایەتی بی
لە دوای ئیمە منداڵان زەوی دەگرنە ئەستۆ و
درەختی نەمر دەروینن.

(لیسبیت پاڵە) کە سەرۆکی کۆمیتەی یونیسیفی سویدە، لە ئـەنجامی راپۆرتەکـەی ئەمنسـتی لـە نۆڤەمبـەری سـالی ١٩٩٦ نارەزاییـەکی بـۆ حکومـەتی تورکیـا نـارد. هـەر

یەکسەر دوابەدوای ئەمە وەزیری دەرەوەی تورکیا (تانسۆ چیلەر) وەلامی دایەوە و سەرسامی خۆی دەربڕیبوو سەبارەت بە نارەزاییەکە.

(چیلەر) ئەوەی ئاخنیبووە وەلامەکەی مندالان لە تورکیا لە باوەشی یاسای تورکی پاریززاون.

وەزیری دەرەوەی تورکیا راستەوخۆ دەچیتە ناو ئەو مەسەلەی باسمان کرد سەبارەت بە کچۆلەکە (دونا). (چیلەر) رونی کردۆتەوە ئەم کچە بە تاوانی دزی لەگەل یەکیکی تر لە خیزانەکەیان گیران و رۆژی پاشتر بەردران، ئەو شایەدیەی داویانە دیارە لەبەر ئەوەیە ئەمنستی پارەی داوەتە ئەم خیزانە تا قسەکانی خۆیان بگۆرن و روونکردنەوەی ناراست بدەن.(تانسۆ چیلەر) وەلامە پینج لاپەرەییەکەی بەوە کۆتایی پی دینی کە ئەم زانیاریە نادروستانە سەبارەت بە تورکیا بەم شیوەیە بەدرۆخرایەوە و تورکیا هەموو شتیك دەکات لە پیناو پەیرەوکردنی پەیماننامەی مندالانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

لیرەدا دەبی ئەوەش بووتری تورکیا تا ئیستا پەیماننامەیەکی ئەوروپی لە هەمان بابەت مۆر نەکردووە بۆ پاراستنی مافەکانی مندال.

لە سالی ١٩٩٥ وەزیری دەرەوەی تورکیا (نەوزاد ئەیاز *Nevzat Ayaz* ) لیدوانیکی لەگەل ژمارەی ٣/٢٩ ی رۆژنامەی ***Information*** [٥] کرد. لە لیدوانەکەدا هاتوە کەوا (حکومەتی تورکیا دسپیشخەرییکی تازەی خستۆتە روو بۆ رووبەرووبوونەوەی رەخنەی جیهانی دەرەوە). لە ١/ ئەیلول، سیپتەمبەری سالی ١٩٩٥ بابەتیکی تازە دەکەویتە خشتەی وانەکانی خویندکارانی دواناوەندیەکانی تورکیا، ئەویش بابەتی دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤە. هەروەها خویندکارانی پۆلەکانی ٦ -٨ ی سەرەتایی لە بابەتی (کۆمەلناسی) فیری مافەکانی تاکەکەس و دیموکراتی دەبن. بە پیی ***Information*** (نەوزاد ئەیاز) بەم جۆرە بەلگە بۆ دەسپیشخەریەکە دینیتەوە:

---

[٥] رۆژنامەیەکی گرنگی دانمارکییە.

(ئەگەر ئیمە بمانەوی دیموکراتیەت بۆ مەودایەکی دوور دابین بکەین، پیویستە گەنجەکان فیری مافەکانی مرۆڤ ببن. بە دەسپیکردنی ئەم خویندنە هەر لەم سالەوە، ئیتر هەلیکی گەورەتر دیتە پیش تا پەرلەمانی ئەوروپا لەم پایزە یەکبوونی گومرگی نیوان *EU* و تورکیا پەسەند بکات).

ئەوەی من بزانم ئەم خویندنە نەبوو بە هیچ، وادیارە تورکیا ئەمەی هەر بۆ مەبەستەکەی سەرەوە بوو، ئەگینا شتەکە خۆی لە خۆیدا پۆزەتیڤە.

بەلام هەرچەندە وەزیرەکانی تورکیا روونکردنەوە بۆ جیهانی دەرەوە بنووسن، ئەوا باری مندالان لە تورکیا لە سالی ١٩٨١ بە دواوە بەرەو خراپی دەروات.

تورکیا ئەمنیەت و پاراستنی مندالانی خۆی بەلاوە ناوە و چاوی نوقاندووە بەرامبەر ئەو زەبروزەنگانەی دەرهەق بە دوارۆژ دەکرین. لەیەکی لە سەردانەکانم بۆ ئەم وولاتە یادگاریەکم هەیە کە ئەم نالەباریە پیشاندەدا.

لە ناوەراستی ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا، لە گەرەگی (کیزیلا) کچۆلەیەکی تورکی بچکۆلانە لەسەر جادە دانیشتبوو. تەمەنی تەنها سی _ چوار سالان دەبوو. تەرازوویەکی قۆپاو و شکاوی خۆکیشانی لە پیش خۆی دانابوو، تاوەکو خەلك خۆیانی پی بکیشن و چەند پولیکی بدەنی. هەموو ئیوارەیەك ئەم منالە لە ژیر سەرما و گەرما بە چاوی بە خەوەوە دادەنیشت، لە کاتیکا ئەم هەموو ئوتۆمبیلە بە تۆز و دوکەلەوە بە لایدا رەت دەبوون و تەنها بیست سانتیمەتریان نیوان بوو لە گەلیدا.

من سالانی سەرەتای ژیانم لە کۆپنهاگن لە *Vesterbro* [٦] بەسەر بردووە، لە خویندنگاکانی *Kofoed* کارم کردووە و بە سەردان چوومەتە زۆر لە وولاتانی جیهانی سییەم. ئیتر بەم حیسابە دەبی من کەسیکی قایمم لی دەرچووبی. کەچی لەگەل ئەوەشدا ئەم کچۆلەیە چەندەها شەو خەوی لە چاوی من هەرماند. ئیوارەیەکیان بریارم دا هەندیك پارەی بدەمی. زۆر بە نەرمی جوولەیەکم پیی کرد بەلکو بەئاگابی

٦ گەرەکیکی میللی و هەژارە

و پارەکە وەرگری، ئەویش بە چاویکی خەوالوەوە نیگایەکی تیبریم، هەمان نیگای مندالەکانی خۆم بوو لەو کاتەی ئیواران دەیان خەمە ژیر لیفەی گەرم و ماچی شەوباشیان دەخەمە سەرگۆنا. پارەکان لە دەستی خلۆربوونە خوارەوە، لەم ئانەدا زانیم ئەو یارمەتیە کاریکی باشیشە و خراپیشە.

باشە چونکە کەمیك خواردن بۆ خۆی و لەوانەیە بۆ کەس و کاری دابین بکات.

خراپیشە چونکە هەتا پارەی بدریتی ئەوا بەردەوام دەخریتە سەر ئەم جادەیە، تا ئەو کاتەی تەواو گەورە دەبی یان دەمری. ئەم کچە بەزۆر شیوە نموونە و وینەیەکی باری ئیستای تورکیایە. بەلام ئایا تۆ بلیی ئەمە ووتار خویندنەوەیەکی مرۆڤایەتی نەبی لە لایەن بینەریکی ئەوروپایی؟ .....لەوانەیە، بەلام واقیعی تورکیا شتیکی زۆر ترسناکە. ئەو بارودۆخەی خوارووی رۆژهەلاتی تورکیا کە شیوەی شەری ناوخۆی هەیە رووی لە زیادبووندایە.

کاری تیرۆر لە لایەن هەردوو سوپای تورك و بزووتنەوەی *PKK* ی کوردی ئەنجام دەدری. لە ناو خەلکی سادەی تورکیا خەریکە جۆریك لە (دەردە ڤیتنام) سەرهەلدەدا. هەروەك گەنجیکی کورد لە سەردانیکمدا بۆ دیاربەکر پیی گوتم: کە مرۆڤ خزمەتی سەربازی خۆی تەواو کرد ئیتر دوو دەرفەتی لە بەردەمدایە، یان ئەوەتا دەچیتە ناو ئیسلامیەکان یان ریگای شاخەکان دەگری، بە واتایەکی تر دەچیتە ریزی *PKK* .

لەو دوانزە سالەی شەری ناوخۆ هەر سالی ٤٠ ملیار کرۆن[٧] مەسرەفی شەرە. ئەم شەرە تا ئیستا بۆتە هۆی کوشتنی ٢١٠٠٠ کەس[٨]. کەواتە کوشتنی یەك کەس لەم شەرە شیتانەیەدا ٢٣ ملیۆن کرۆن[٩] لەسەر تورکیا دەکەوی. ئاخۆ دابین کردنی ژیانی کەسیك، بۆ نموونە ئەو کچە بچکۆلەی سەر جادەکانی ئەنقەرە، چەندی تیدەچی.

---

[٧] بە پارەی دانمارکی دەکاتە نزیکەی ٥ ملیار دۆلار.

[٨] لە کاتی نووسینی ئەم کتیبە

[٩] بە پارەی دانمارکی دەکاتە ٣،٢ ملیۆن دۆلار.

# دەستدریژی کردنە سەر کاری پیشەیی

چەوساندنەوە و جەور و ستەم لە تورکیا هەر بەتەنها کوردەکان ناگریتەوە.

لـە سـالی ١٩٩٦ ریکخـراوی جیـهانی (سـەندیکا سەربەسـتەکانی نیودەولـەتی) راپۆرتیکی بلاوکردەوە سەبارەت بە پیشیلکردنی مافەکانی سەندیکاکان.

هەرچەندە حکومەتی تورکیا چەندین جار پـەیمانی چاککردن و راسـتکردنەوەی ئەو یاسایانەی داوە کـە سنوور لـە بـەردەم مافـە بنچینەییـەکانی سـەندیکاکان دادەنـی، کەچی هیشتا تورکیا لە ریزی پیشەوەی وولاتە سەرکوتکەر و پیشیلکەرەکانە.

لە تەمموز/ جولای سالی ١٩٩٥ دەستووری تورکیا گۆردرا و ئـەو قەدەغەیـەی لابـرد کە پیشتر هـەبوو سـەبارەت بـە بەشداری سـەندیکاکان لـە کـاری سیاسـی و پـەیوەندیان لەگەل پارتە سیاسیەکان. بەلام بە داخەوە یاسای دژ بە _ تیرۆر *Anti - terror* تـا ئیسـتا لانەبراوە کە ماوەی سنووردانانی زۆری تیایە، ئا لیرەدا بەکاردیت بـۆ راونـانی خـەلکیك لـە ئـەندامانی سـەندیکاکان. بـە هـەمان شیوە کۆمـەلیك یاسـای تایبـەت هەیـە، ری لـە فەرمانبـەرانی دایـەرەو دەزگا میریـەکان دەگـرن، ئەگـەر بیانـەوی خۆیـان ریکخـەن و گفتوگۆی بە کۆمەل ئەنجام بدەن. ئەمەش مامۆستایان و پۆلیس و خـەلکانی نیـو سـوپا دەگریتـەوە. لەگـەل هـەندیش ئـەم سـنوور دانانــە لـە بـەردەم مافـە سـەندیکاییەکان نەیتوانیوە کاری دژ بە حکومـەت راگری. هەرچـەندە لـە کـاتی لـەچاپدانی ئـەم کتیبـە هیشـتا راپۆرتەکـەی سـەندیکا سەربەسـتەکانی نیودەولـەتی ئامـادە نـەبووە، کــەچی

ریکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا *IHD* بە بەلگە رایگەیاندووە کەوا بەلای کەم ٤٥ جار دەستدریژی کراوەتە سەر کاری سەندیکا لە تورکیا.

خەلکیکی زۆر دەکەویتە بەر دەستدریژیەکانی دژ بە سەندیکا تورکیەکان و نوینەرە پیشەییەکان. لەوانە دوکتۆرەکان و کارمەندانی دی لە بواری تەندروستی، مامۆستایان و فەرمانبەرە رەسمیەکانی دی، فەرمانبەرانی سیستەمی دادگایی.

بەکورتی ئەم پیشیلکردنەی مافە سەندیکایەکان هەموو ئەو کۆمەل و لایەنانە دەگریتەوە کە ئیمە لە دانمارك پییان دەلیین *LO* [10].

تورکیا یەکیکە لەو ولاتانەی لەگەل دانمارك لە هاریکاریدان. ئیمە لە ئەنجوومەنی ئەوروپا و ناتۆ لەگەل تورکیا لەسەریەك میز دادەنیشین. تورکیاش هەروەکو ژمارەیەکی زۆر لەوولاتان پەیماننامەکانی *ILO* [11]ی لەبواری بازاری کار مۆر کردووە.

جیاوازیەکە لەوەدایە کەوا دەسەلاتدارانی تورك بەردەوام سەرپیچی ئەم پەیماننامانە دەکەن، زۆر بەداخەوە هەر ئەوانیش نین بە تەنها لەم سەرپیچیکردنانەدا هەروەك راپۆرتەکەی ناوبراو باسی دەکا.

پیشیلکردنی مافە سەندیکاییەکان لە تورکیا خۆی لەم شتانەدا دەبینیتەوە: جەزادان بە پارە، رۆژانە و مانگانە کەمکردنەوە، گەفلیکردن، گواستنەوە لە کار، کاربەدەرکردن، تیهەلدان لە کاتی خۆپیشاندان، دەستدریژیکردنە سەر دایەرە و دەزگاکانی سەندیکاکان، حوکمی زیندان، داخستنی سەندیکاکان.

لە سالی ١٩٩٥، ١٢٠ دەزگا و دایەرەی سەندیکاکان لە لایەن دەسەلاتدارانی تورك داخران. لیرەدا چەند نموونەیەکی تری سالی ١٩٩٦ دەخەینە روو:

---

[10] ریکخراویکی رەشمالئاسایە گشت سەندیکاکانی دانمارك دەگریتە ژیر خۆی.

[11] ریکخراوی کریکارانی جیهانی.

*١٨ی نیسان / ئەپریل*

دەیان هەزار فەرمانبەری رەسمی لە سەرانسەری تورکیا کاریان راگرت و داواکاریەکانیان ئەوەبوو (مافی سەندیکایەکی ئەوتۆیان هەبی کەوا مافی مانگرتن و گفتوگۆی بە کۆمەلی هەبی و مانگانەیەکی بەرزتریان بۆ دابین بکری). فەرمانبەرانی رەسمی خۆپیشاندانی نارەزاییان لە شارەکانی ئەستەمبول وئەنقەرە و ئەزمیر ئەنجامدا. لە ئەدەنە لە لای کەنارە دەریاییەکانی گەشتوگوزار نزیکەی ١٠٠ مامۆستا رێپێوانیکی نارەزاییان کرد کە بە زەبری کیبل بلاوەیان پیکرا. لە ئەنجامی پیکدادانەکان چەندەها کەس بە توندی بریندار کران و زۆرانی دیش لە لای پۆلیس گلدرانەوە. هەمان شت لە ئەستەمبولیش روویدا، لە ئەنقەرە فەرمانبەرانی دایەرە رەسمیەکان ریگایان نەدرا بگەنە گۆرەپانی (کیزیلای) نزیک پەرلەمان. حکومەتی تورکیا لیکۆلینەوەی دادگایی خستەکار لە دژی ریکخەرانی ئەم نارەزاییانە.

*٢٤ی ئایار/ مای*

دەسەلاتدارانی تورك پینج لە کارمەندانی سەندیکای مامۆستایانیان لە (کیریکالە) بەزۆر لە دایەرەکانی سەندیکا گوازتەوە.

سی مامۆستا ( ئایشە ئاوچی، ئەحمەد جیجەك، سامی یانیك ) گوازرانەوە بۆ خویندنگایەکی تر وەك سزادانیك لەبری چالاکییان لە کاری پیشەیی.

هۆی سزادانەکەیان بەشداریکردن بوو لە نارەزاییەکانی ١٨ی نیسان/ ئەپریل.

*٤ ی حوزەیران/ یونیو*

دادگاییکردنی ئەو فەرمانبەرانە دەستی پیکرد کە بەر لیدانی پۆلیس کەوتبوون لە شاری ئەدەنە لە کاتی کار راگرتنی ١٨ی نیسان/ ئەپریل، هەموو ولاتی داگرتبوو. داواکان ئەوەبوون کەوا (ئەوان لە دژی پۆلیس وەستاون) و (ریپیوانی نایاساییان

کردووە). هەرچەندە زۆربەی گوناهبارکراوەکان راپۆرتی دوکتۆریان پیشاندا، کەچی فەرمانی بەندکردنیان درا بەوەی گوایە ئەوان لە پۆلیسیان داوە.

*١١ی حوزەیران/ یونیو*

کۆمەلیك کریکار لەبەردەم کۆمپانیای هاتوچۆی نیودەولەتی (***Inchcape Retrans*** ) خۆپیشاندانیکیان ریکخستبوو، کە سەربازەکان هاتن و تیکەلبوون ١٤٠ کریکار خواحافیزیان لیکرا، چونکە ئەندامی سەندیکابوون. سەرۆك و ئەندامانی (***Motor Vehicle Workers Trade Union***) لەوساوە خرانە زیندان و کەوتنە بەر سزای جەزادان و مانگانە برین.

*١٥ی تەمموز/ یۆلیو*

لە شاری دیاربەکر (ئەنور ئولەز) ئەندامی سەندیکای ***Yol – Is Trade Union*** لە لایەن پۆلیسەوە گیرا، دوای ئەوەی شەو بەسەر مالەکەیان دادا.

ژنەکەی (ئولەز) بۆ ریکخراوی مافەکانی مرۆڤ ***IHD*** روونکردەوە، پۆلیس دەرگای مالەکەیانی بە کوتك شکاندووە تا لیی بیتە ژوورەوە و کەوتونەتە لیدانی هەردوو مندالی مالەکە (فەیزوللا – ١٥ سال) و (یەلیز _ ١٩ سال) .

هۆی ئەمە: چالاکی لە ریزی سەندیکاکان.

*٢٠ی ئەیلول/ سیپتەمبەر*

پۆلیس ٢٠ کریکار و کارمەندانی سەندیکای گرت کە لە ئیستەمبول مانیان گرتبوو، لە ئەنجامی کاربەدەرکردنی کۆمەلیك کریکار لە کۆمپانیایەکی گوازتنەوە. هۆی دەرکردنی ئەم کریکارانە ئەوەبوو کە ئەندامی سەندیکا بوون.

*١٤ی تشرینی یەکەم/ ئوکتۆبەر*

پۆلیس (ئیوارەیەك بۆ هاوکاری) قەدەغە کرد، کە کریکارە مانگرتووەکانی پیشەسازی پیستە لە شاری (توزلا) نیازیان بوو ئەنجامی بدەن.

پیویستە ئەم دەستدریژیانەی تا رادەیەك تۆزیك نەرمن لە بەر رۆشنایی پیشیلکردنی گشتگر و چەند جارەی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن دەسەلاتدارانی تورکەوە سەیر بکری، کەوا دەستدریژی زۆر بە زەبر و توندوتیژ دەگریتە خۆی، وەکو ئەشکەنجەدان و سانسۆری رۆژنامەگەری و شوین بزرکردن و کوشتن و گوند سوتاندن.

راپۆرتەکەی سەندیکا سەربەستەکانی نیودەولەتی بەلگەیەکی روون و بەردەستە کە ئەوە پیشان دەدا، مافەکانی رادەربرین و سەربەستی کۆبوونەوە و مافی خۆریکخستن لە نیو کۆمەلە و یەکیتیەکاندا لە کۆمەلیك پەیماننامە نیودەولەتیەکاندا مافی زۆر گرنگن.

ئەمە نەك هەر بە تەنها لە پەیماننامەکانی *ILO* دا هەیە کە تورکیا مۆری کردوون و سەرپیچیشیان دەکات، بەلکو لە پەیماننامە مەزنەکانی *UN* و پەیماننامەی ئەوروپا سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤیشدا هەیە، کە مافە بنچینەییەکانی ئازادی بۆ موچەخۆر و نمایندەی سەندیکاکان مسۆگەر دەکات.

# پەرپووتی لە بواری ئازادی رادەربرین

لە ناوەراستی هەشتاكاندا چوومە ئەستەمبول بۆ سەردانی چەند ناسیاویكم لەنووسەران و رۆژنامەنووسان و هونەرمەندانی سینەما و خەلكانیكی دی كە لە بواری راگەیاندنی كەلتوری كاریان دەكرد. زۆربەیان دۆست و برادەری هەردوو نووسەر (سارە ستینوس) و (ئیریك ستینوس) [١٢] بوون، هەر بۆیەش شارەزاییەكی باشیان هەبوو سەبارەت بە سیاسەتی كەلتوری دانمارك و ترادیسیۆنە (گروندڤی) [١٣] یەكان كە دووپاتی ئەوە دەكەنەوە زانیاری خۆی لە خۆیدا جۆرە بەختیاریەكە.

كۆمەلیكی گەورەی نووسەران، لەوانە (كەمال ئوزەر) و (ئولكو تامەر) و (یەشار كەمال) و (ئۆرهان پاموك) و زۆرانی دی، دەزگای بلاوكردنەوەی خۆیان دامەزراندبوو لە پیناو پاراستنی ئازادی ووشە. هەر لەوساوە دەسەلاتدارانی تورك هەولی ئەوەیاندا كەوا سنوور لەبەردەم ئازادی دەربرین دانین. جار لە دوای جار دەست بەسەر چاپكراوەكاندا دەگیرا، بەلكو زیانی ئابووریان پیبگا. هەلبەتە گران دەوەستی ئەگەر مرۆڤ لە توركیا نووسەر بی.

ژمارەیەكی زۆر لەو میرانەی ووشە لە سالی ١٩٩٤ بەشداری كۆبوونەوەی نووسەران بوون لە شاری (سیواش) لە ئەنجامدا ئاگریكی كوشندەی تراژیدی لە لایەن دەمارگیرە ئاینیەكان تیبەردرا.

---

[١٢] دوو نووسەری دانماركین

[١٣] قەشە و شاعیر و رابەریكی رەوشەنبیریی مەزن و ناسراوی دانماركە لە سەدەی نۆزدەهەم.

هەروەها ئەم نووسەرانە بەشیکن لەو ۱۱۰۰ رەوشنبیرە تورك و كوردانەی لە هاوینی سالی ۱۹۹٦ لەبەردەم دادگای ئاسایشی ئەستەمبول بە کاری جودایخوازی تاوانبار کراون، چونکە هەریەکە و بە شیوەیەك هاتۆتە زمان و داوای چارەسەریکی سیاسیان بۆ ئەو دووبەرەکیەی لەگەل کوردەکان کردووە.

۹۸ نووسەر تاوانبار کراون بەوەی بەشداریان لە ئەنتۆلوژیای (ئازادی بیر و گوتن) کردووە.

بە پیی ژمارە ۳٤ی ( *Update on the State and Affairs in Turkey* ) کە لە لایەن ئینستیتوی کوردیەوە لە پاریس دەردەچی، یەکی لە تاوانبارکراوەکان لەبەردەم دادگا گوتویەتی زۆر زەحمەت بووە بۆی تا منالە هەشت سالیەکەی تیگەیەنی کە تەنانەت بیرکردنەوە خۆی لەخۆیدا تاوانیکە لە تورکیا.

لەسەر هەمان شیوە ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرە رووسەکان، ئەدەبی تازەی تورکی بە شیوەیەکی وروژینەر و هەژینەر نووسراوە. زۆر بە کەلکی ئەوە دیت کە بە دەنگی بەرز بخویندریتەوە، ئەدەبیکی ریالیستیە، زۆر جار وەکو ژیاننامەیەکە، لە هەمان کاتدا مۆری هاوبەشی و دەستەجەمی پیوەیە. بناغەی ئەم ترادیسیۆنەش نووسەری بی وینە نازم حیکمەت ۱۹۰۲ - ۱۹٦۳ داینا. ئەم شاعیرە بەشیکی زۆری ژیانی لە زیندان بەسەر برد، کتیبەکانی بۆ ماوەی ۲۷ سال قەدەغە بوون. لە کۆتاییدا نازم حیکمەت لە تاراوگە سەری نایەوە.

لە سەرەتایهەشتاکان لەگەل کۆمەلیك لە رۆژنامەنووس و نووسەران لە ئەستەمبول لە ناو کەشتییە _ پاسیك دانیشتبووین کە بە ناو ئاوی بسفۆردا دەخولایەوە. یەکی لە نووسەرە تورکەکان ئەم تیکستەی نازم حیکمەتی هینایەوە:

*رۆژەکان تاریکن*
*هەر رۆژە و هەوالیکی مردووان دیت*

*بە دەستی خۆمان*

*ئاگرمان بەردایە جوانترین جیهانەکان.*

نووسەرەکانی تر کە لەگەڵماندا بوون داوایان لێکرد بێدەنگ بێ. دوای چەندین ساڵ لە دوای مردنی نازم حیکمەت، تەنانەت بە ئینگلیزیش ووشەکانی هەر مەترسییان تێدا ماوە.

پاشتر لە دانیشتنێکی تایبەت کۆبووینەوە، گوێم لەم حیکایەتە ئەنەدۆڵیە بوو: پیاوێکی پیر و دانا بە کوڕێکی گەنج دەڵێ کەوا کارەساتێکی ترسناك روودەدا. بیرەکانی گوندەکە ژەهریان تێدایە و هەرکەسێك لە ئاوەکەیان بخواتەوە مێشك و ئیدراکی نامێنێ و قسەی تێکەڵ و پێکەڵ دەکا.

هەرچەندەی کوڕە گەنجەکە دەکا و دەکۆشێ تا خەڵکی گوندەکە ئاگادارکاتەوە، مەسەلەکە بۆ برا و برادەرانی روون کاتەوە، کەچی کەس باوەری پێناکا. ئیتر بۆ ئەوەی خۆی رزگارکا ناچار سەری خۆی هەڵدەگری و گوندەکە بەجێدیلێ. دوای چەند ماوەیەك لە هەندەران رۆژێك غەریبی هەڵدەستێ و بیری گوند دەکاتەوە و زۆر پەریشانی ئەوە دەبێ بزانێ چی روویداوە. کە دەگەڕێتەوە دەبینێ هەموو لە ئاوەکەیان خواردۆتەوە و ئیتر کەس بیر و مێشکی لا نەماوە.

لەگەڵ ئەوەی هەموو خەڵکی گێژ و وێژ بوونە و قسەی تێکەڵ و پێکەڵ دەکەن، کەچی ئەو هەوڵی ئەوە دەدات سەرلەنوی خۆی بە ژیانی گوندەکەی رابێنیتەوە.

بەڵام ئەوەی لە هەموو شتێك زێتر خەمباری دەکا ئەوەیە، هەموو خەڵکەکە وا دەزانن ئەو شێت بووە، وەکو شێت مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. سەرەنجام بارەکە دەگاتە رادەیەکی ئەوتۆ کە ئیتر توانای بەرگەگرتنی نامێنی و یەکسەر ئەویش دەچێتە لای بیرەکە و ئاوەکە دەخواتەوە. بەم جۆرە ئەویش زەینی تاریك دەبی و قسەکردنی ئاڵۆز و پاڵۆز دەبی.

کە (یەشار کەمال) ی نووسەر و کاندیدی پاداشتی نۆبل، لە سالی ۱۹۹٦ بە هۆی ووتارەکانی سەبارەت بە ئازادی رادەربرین تاوانبار کراو پاشانیش حوکمی زیندان کرا، من بیرم لەم حیکایەتە کردەوە.

بە رای *Lasse Ellegaard* (لاسە ئیلەگۆو) کە لە رۆژنامەی *Informatio* رۆژنامەنووسە، ئەم حوکمە رۆشنبیرانی تورکیای دابەشی سەر دوو بەرە کرد.

کەمالیستەکان وای بۆ دەچوون کە (یەشار کەمال) دەبوایە جیاوازیەك بکات لەنیوان کوردەکان و *PKK*، ووتارە بزوینەر و یەخەگرەکەی لە گۆڤاری *Der Spiegel*زیانی زیتر بووە لە قازانجی بۆ خەبات لە پیناوی دیموکراتی.

هەرچی لایەنگیرانی (یەشار کەمال) بوون رایان وابوو، مرۆڤ ناتوانی باسی مەسەلەی ئازادی دەربرین بکات بی ئەوەی ئاماژە بۆ ئەو هەموو شالاو و هیرشە سیاسیانە بکات کە دەولەتی تورك دەیانکاتە سەر ماڤی ئازادی گوتن و نووسین.

ئەم حوکمە بوە مایەی نارەزاییەکی توند لە هەموو دونیا.

نووسەری ئەمەریکایی *Arthur Miller* لە مانگی نیسان/ ئەپریلی سالی ۱۹۹٦ لەبارەی حوکمەکەوە گوتی :

(ئای کە چ ئەبسوردیەتیکی- نامافولیەتیکی- ئازار گەیەنەرە. ئەگەر مەسەلەکە ئەوەندە گرنگ و جیدی نەبایە، لەوانە بوو وەك بابەت بۆ کۆمیدیایەك بشیابایە. بەلام کۆمیدیا کەمە لە بەردەمی تۆ و ئازادی تۆ وەك مرۆڤ. ئەو هەموو خەلکەی لە سەراپای دونیا لە ریگای کتیبەکانت و خەریکبوونت بە کاری مرۆڤایەتی تۆ دەناسن، ئەم خەلکە لەم هەلویستەی ئیستادا بە گیان لەگەلتدان. من دلنیام ئەوان بە رق و بیزەوە سەیری ئەم بریندارکردنەت دەکەن و ئەو پەری ریز لە بەرامبەرت دەنوینن).

۲۸۰۰ کەس لە ئەندامانی *PEN* [١٤] لقی ئەمەریکا بە هەمان شیوەی لقی دانمارك و زۆرانی دی نارەزایی خۆیان بۆ تورکیا نارد.

---

[١٤] ریکخراوی نووسەران

بەندی ١٩ لـە ئاگانامـەی جیـهانیی نەتـەوە یـەکگرتووەکان سـەبارەت بـە مافـەکانی مـرۆڤ هـەق دەداتـە (یەشـار کـەمال) و لایـەنگرەکانی و پشـتی ئـەوان دەگریـت. مـافی رادەربرین بە ئازادی مافیکی سیاسی گرنگە. نابی سانسۆری لەسەر هەبی. بـە واتایـەکی تر، دەسەلاتداران لە بنەرەتدا بۆیان نیە تیکەلی ئەوە بن ئـاخۆ هاوولاتیـان چـی دەلیـن یاخود چی دەنووسن. بەلام مافی دەربرین بە ئازادی روانگەیەکی تریشی هەیـە، ئـەویش مافی بەدوادا گەران و وەدەسـهینانی زانیاریـە. بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ بتوانـی بـە ئـازادی رای خۆی دەربری، چالاکانە بەشداری ژیانی کۆمەل بکات، پیویستە بۆی هەبی دەستی بگاتە زانـین و زانیـاری. بەداخـەوە زۆر نموونـەی ئـەوتۆمان نیـە کـەوا ئــەم چەشــنە ئــازادی دەربرینە لە لایەن دەسەلاتدارانی تورکەوە پەیرەو دەکری.

هەموو کەسیش ئەو دەرفەتەی نیە وەکو (یەشار کەمال) کـە لـە دونیـادا ناسـراوە، یاخود وەکو کچە رۆژنامەنووسی ئاژانسی رۆیتەر (ئەلیزا مارکوس).

ئەم کچە زنجیرە ووتاریکی سەبارەت بە شەری دژ بە *PKK* لەخوارووی رۆژهەلا تی تورکیا نووسی. (ئەلیزا مارکوس) بە (گرتیخستنی رقابەرایەتی نەژادی و رەگەزایەتی) گوناهبارکرا. چەند کۆمەلیکی ئەمەریکی دەستژۆیشتو نارەزایی خۆیـان دەربـری و ئیـتر تورکەکان وازیان لیهینا بەو مەرجەی تورکیا بەجی بیلی، ئیمـرۆش وا لـە قوبـرس وەك پەیامنیری رۆیتەر کاردەکات.

به هەمان شیوە (یوسف یەسلیگۆز) ی خاوەن بنکەی چاپەمەنی و بلاوکردنەوە

بەوە رزگاری بوو کە نەژادنامەی سویسـری هەیـە. هەرچـەندە ئـەویش لـە مـانگی حوزەیران/ یونیوی سالی ١٩٩٦ لە فرۆکەخانەی ئەستەمبول گیرا لەبەر ئەوەی کتیبیکـی بە زمانی ئەلمانی بلاو کردبۆوە لە ژیر ناونیشانی ( دەروازەیەك بۆ ئەدەبی کوردی ).

ئەمانە لە کاتیکدا وەزارەتی دەرەوەی تورکیـا لـە سـالی ١٩٩٥ فۆلدەریکـی لـە بـارەی مافەکانی مرۆڤ لـە تورکیـا بـە زمـانی ئینگلیزی لـە چـاپ دا. دوو لاپـەری فۆلدەرەکـە بریتیە لە لیستەیەك بەناوی ئەو چاپەمەنیە کوردیانەی لە تورکیا بلاوکراونەتەوە.

هەر لە سالی ١٩٩٤ وە بالویزی تورکیا لە دانمارك ئاشکرای کرد کەوا یەکیك لەو حکومەتە فرە پارتە دوا بەدوای یەکانەی تورکیا نیشانەی ریفۆرمی ئەوتۆی پیشانداوە، کە بواری ئازادی دەربرین چاکتر دەکات.

ئەو کاتە (تانسۆ چیلەر) سەرەك وەزیران بوو. لەگەل وەرسوورانەوەی سالی ١٩٩٦/ ١٩٩٧ بوو بە وەزیری دەرەوە لە کۆحکومەتدا لەگەل پارتی رەفاهی ئیسلامی، کە لە مانگی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری سالی ١٩٩٦ پیشنیاری یاسایەکی خستەروو بۆ زیدەکردنی کۆنترۆل بەسەر ( میدیاکان ) دەزگاکانی راگەیاندن لە تورکیا.

بە پیی رۆژنامەی *Information* (چیلەر) روونی کردۆتەوە کە گوایە مەبەست لە پیشنیارەکە دانانی سنووریك بووە لەبەردەم سەرۆك دەزگاکانی راگەیاندن کە بە جۆریك هەلس و کەوتیان کردووە وەك ئەوەی بلیی لە سەرووی خەلکەوە بن و ئەوە رەت دەکاتەوە کە مەسەلەکە دانانی سانسۆر بیت.

(چیلەر) یەکیکە لەو سیاسەتمەدارانەی زۆرترین جار بە خراپی لە لایەن میدیاکانەوە باسی کراوە. لە مانگی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری سالی ١٩٩٦ کارەساتیکی ئوتومبیل پەردەی لەسەر ئەوە هەلمالی کەوا چۆن خەلکانیك لە سەرکردایەتی پۆلیس، لەگەل سیاسەتمەداریك و سەرۆك مافیایەکی ناشیونالیستی راستڕەو لە بواری قاچاخچییتی چەك و بازرگانی هیرۆیین بەیەکەوە کاردەکەن.

وەزیری ناوخۆ (مەمەد ئاگار) کە پیشتر سەرەکی پۆلیس بوو بە ناچاری دەستی لەکار کیشایەوە، لەبەر ئەوەی دەستی لە رووداوەکەدا هەبوو.

میدیاکانی تورکیا زۆرتر ئاماژەیان بۆ تیوەگلانی (چیلەر) کرد لەم مەسەلانەدا. خۆی و میردە بازرگانەکەی (ئوزەر چیلەر) لە لایەن زۆر لە رۆژنامەکان گوناهبارکران بەوەی بەشدارن لە بەرپرسیاریەتی کۆمەلیك کاری خراپ و بەرتیل خۆری و گویراگرتنی لەژیرەوە لەو کاتانەی لە گەل سەرەك وەزیرانی پیشووی کۆنسەرڤاتیف (مەسعود یەلماز) حکومەتی هاوبەشیان هەبوو.

پێشنیارەکە سنووری ئەوەندە مەزنی لە بەردەم بواری میدیاکان دانا بوو، تا نەتوانن خۆیان لە مەسەلە ناسکەکان بدەن، بە رادەیەك (سلیمان دیمیریل) ی سەرەك کۆمار ڤیتۆی لە دژی پێشنیارەکە بەکار هێنا، ئەمە شتێکی زۆر نائاساییە لە سیاسەتی تورکیا. ئەمە لەدوای ئەوە بوو کە خاوەن رۆژنامە گەورەکانی تورکیا وەکو(حورییەت) و (میللییەت) و (سەباح ) و (جمهوریەت ) و زۆرانی تر، رویان کردە (ستراسبۆرگ) تاوەکو داوای یارمەتی لە ئەنجومەنی ئەوروپی بکەن.

لەوانەیە ئەم جۆرە نموونانە لە روانگەیەکی دانمارکیەوە شتی خراپ (نێگەتیڤ) بن، بەلام بە رەچاوکردنی باری تورکیا ئەم شتانە نیشانەی ئەوەن کە هەندی تەرزە بیرکردنەوەی دیموکراتی بۆیان هەیە لە هەلویستی تایبەتدا سەرکەون. بێگومان ئەمە خۆی لە خۆیدا بارودۆخێکی ترسناکە.

واقیعە دلتەزینەکە لە پوختەی راپۆرتەکانی رێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە ماوەی ١٩٩٠ – ١٩٩٥ دەبینری. لە ماوەی پێنج سال دەسەلاتداران ٣٨٩ گۆڤاریان داخستووە. ١٢٤٩ کتێب و گۆڤار دەستی بەسەردا گیراوە و ٢١٩ نووسەر و رۆژنامەنووس خراونەتە زیندان. نموونەکان زۆرن و دلتەزێنن.

بە پێی ژمارەی رۆژی ١٩٩٤/٨/٩ ی رۆژنامەی *Information* ، ئۆتومبیلەکەی سەرنجدەری بە توانای رۆژنامەی جمهوریەت (ئوگور مومجو) سەر لەبەیانیەك لەبەردەم مالی خۆی لە ئەنقەرە تەقیندرایەوە، لەو کاتەی خەریك بوو پێی بنێتە ناویەوە.

ئەم رۆژنامەنووسە لەم ئانەدا خەریکی ئامادەکردنی ووتارێك بوو لە بارەی پۆلیسی نهێنی تورکیا.

لە مانگی ئاب/ ئۆگۆستی سالی ١٩٩٥ ماسیگرێك لاشەی شێویندراوی رۆژنامەنووس (فەرهاد تەپە)ی دۆزیەوە کە تەمەنی تەنها ١٩ سال بوو.

چەند رۆژێك لە دوای ئەمە ئافرەتی رۆژنامەنووسی تەمەن ٢٢ سال (ئایسەل ماكاج) بە سكی پرەوە كە لەسەر مندالبوون بوو، شوین بزر بوو، تا ئیستاش نەدۆزرایەوە.

رۆژی ٨ ی كانوونی دووەم/ ژانوەری سالی ١٩٩٦ ئاژانسی رۆیتەر رایگەیاند كە لە كاتی یەكی لە چالاكیە وەرزشیەكان لە ئەستەمبول پۆلیسی تورك ئەوەندەیان لە رۆژنامەنووسی ٢٧ سالی (مەتین گۆكتەپە) داوە تا گیانی دەرچووە.

تاكە شتیكی (باش _ پۆزەتیف) كرابی لە ئەنجامی ئەم نموونە تراژیدیەی ستەمی درندانەی پۆلیس ئەوەبووە، كە ئەم مەسەلەیە لە پەرلەمانی توركی لە ١٥ ی تشرینی یەكەم/ئۆكتۆبەری سالی ١٩٩٦ كەوتە بەر گفتوگۆ و لیدوان.

رۆژنامەنووسی لە توركیا بۆتە پیشەیەكی ئەوتۆ مەترسی ژیانی لیدەكری.

رۆژنامەی *Ŭzğür Ğündem* ی بە زمان توركی و بە خاوەن كوردی، قورسترین زەبری بەركەوتووە. لەو ساوەی لە سالی ١٩٩٢ بۆ یەكەم جار دەرچووە و تا ئیستا زیاتر لە ٢٠ رۆژنامەنووسی لی كوژراوە و پتر لە ٣٠٠ ی لی گیراوە و بە پیی زانیاریەكانی ریكخراوی مافەكانی مرۆڤ *IHD* زۆریان ئەشكەنجە دراون.

بە تەنها لە سالی ١٩٩٦ رۆژنامەكە زیتر لە ١٠٠ جار دراوەتە دادگا، جار بە دوای جار بە سەر نووسینگەكانی دا دراوە و دەستی بەسەردا گیراوە و هەروەها بۆ ماوەی دوورو دریژ داخراوە.

(كارولینا مورهید) لە *Index on Censorship* روونی كردەوە كە (ئیزمەت ئیسمەت) بەرپرسیاری نووسین لە رۆژنامەی *Turkish Daily News* ناویری بگەریتەوە توركیا پاش ئەوەی لە سالی ١٩٩٤ لە بەردەم كۆنگراسی ئەمەریكا قسەی كرد. هەرچەندە گەرەنتی ئەوەشی درایە كە قسەكانی دەرنەچن، كەچی لەگەل هەندیش قسەكانی گەیشتەوە دەسەلاتدارانی تورك.

(ئیسمەت) تارادەیەك وتاری هاوسەنگپاریزی لە بارەی کوردەکان نووسیوە، چەندین سالە لەم رۆژنامە تورکیە کاردەکات کە بە زمانی ئینگلیزی دەردەچیت (ئیلنور جەڤیك) کە راویژکاری سەرۆك (دیمیریل) بووە، خاوەنی ئەم رۆژنامەیەیە..

لە یەکی لە سەردانەکانم بۆ تورکیا (جەڤیك) گوتی بەردەوام مانگانە دەداتە (ئیسمەت) کە ئیستا لە سەر ویستی خۆی لە مەنفا لە لەندەن دەژی.

من لە راستی ئەم قسەیە ویکەوتم کاتی لە سالی ۱۹۹٦ (ئیسمەت) م لەدیداریك لە لەندەن بینی. دیدارەکە پەیوەندی بە کۆبوونەوەکانی ئاشتی لایەنە کوردیە عیراقیەکانەوە هەبوو، بە ئامادەبوونی نوینەرانی ئەمەریکا و تورکیا. تەنانەت پەیوەندیکردن بە نیوەندە سیاسییە دەسترۆیوەکانی ناو تورکیاش نەیتوانی یارمەتیەك بۆ رۆژنامەنووسیکی بیلایەنی وەکو (ئیزمەت ئیسمەت) دابین بکات.

دەسەلاتدارانی سەربازی تورکیا لەم سالانەی دواییدا رۆژ بە رۆژ هەلویستی زیدە ناکۆکیان دژ بە رۆژنامەنووسان و میدیاکان وەرگرتووە، هەروەکو لە کۆریك و لە راپۆرتیکی سالی ۱۹۹۳ دەردەکەوی.

زانیاریەکان لەم لایەنانە وە هاتوون: *British Bar Human Rights Committee* ریکخراوی ئەلمانی مافەکانی مرۆڤ *Medico International* ، و *Kurdish Human Right Project*.

راپۆرتەکە بە زیتر لە سەد بەند و برگەی یاسایی تورکیادا دەچیتەوە، کە راستەوخۆ ناکۆك و دژوارن لەگەل بەلگەنامە یاساییە نیودەولەتیەکان، کە یەکیك لەوانە ریکەوتننامەی مافەکانی مرۆڤی ئەوروپایە. ناکۆکی و دژواریەکان بۆ نموونە، لە بوارەکانی ئازادی دەربرین و ماڤ دادگایی کردن بە شیوەیەکی دادپەروەرانە و پاراستن لەبەردەم جیاوازی نەژادی و زۆری دی.

ریکخراوەکان دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە خودی بەند و برگە یاساییەکان و بەکارهینانیان لە نیو سیستەمی دادگایی گیروگرفتیکی ئەوتۆ نیە.

گرنگترین سکالا و پەلپی کۆرەکە و راپۆرتەکە لەسەر بوونی یاسای دژ بە _ تیرۆر *Anti –terror* ی تورکیە کە دەسەلاتیکی بی سنوور دەبەخشی بۆ وەلاوەنانی پرینسیپە دادگاییە تورکی و نیودەولەتیەکان.

ئەم ریکخراوانە لە راسپاردەکانی خۆیاندا دەلین کەوا دان بەوەدا دەنریت کە حکومەتی تورکیا لە ناکۆکی و دووبەرەکیەکی چەکدار ئالاوە لەگەل *PKK* لە خوارووی رۆژهەلاتی تورکیادا، *PKK* لە زۆر حالەتدا خۆی تووشی خەتاباری کردووە بە کاری توندوتیژ و کوشتنی کارمەندانی رۆژنامەگەری و داپلۆسینی ئازادی دەربرین. بەلام لەگەل هەندیش ریکخراوەکان رایان وایە حکومەتی تورکیا پیویستە لە ئاستی بەرپرسیاریە نیشتمانی و نیودەولەتیەکاندا بیت و ئەو ریفۆرمە دەستنیشانکراوانە لە دەستوور و لە کۆمەلیك یاسای تایبەت ئەنجام بدات.

خۆ هەر رۆژنامەنووسان بەتەنها نین کە گیروگرفتی سەربەستی دەربرینیان هەیە. رۆژنامەی *Turkish Daily News* لە ژمارەی رۆژی ١٦ ی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ١٩٩٦ ئاشکرای کرد کەوا پۆلیس هونەرمەندی ناسراوی مۆسیقا و کارای مافەکانی مرۆڤ (سانار یورداتاپان) ی گرتووە. بەوە تاوانباریان کردووە کەوا خەریکە فیلمیکی دوکۆمەنتار لە سەر کوشتنی رۆژنامەنووسە کوردەکان لە خوارووی رۆژهەلاتی تورکیا دەردەکا، بەلام بە قسەی (ئەرەن کەسکین) ی پاریزەری، ئەو تەنها مۆسیقای بۆ فیلمەکە داناوە.

هۆی راستیش وادیارە ئەوە بوو فیلمەکە لە کەنالی سەتەللایتی کوردی *MED-TV* پەخش کرا.

*MED – TV* لە ئادار/ مارتی ١٩٩٥ وە پرۆگرامە کوردیەکانی بۆ ملیۆنەها مالە کورد لە هەموو جیهان بلاوکردۆتەوە. بۆ یەکەم جار کوردەکان توانیان پرۆگرامی کوردی ببینن و بە کوردی گوی لە گفتوگۆ و مشتومری سیاسی چەندین بابەتی جیاجیا بگرن. لە هاوینی سالی ١٩٩٦ تورکیا زۆری لە ولاتانی وەك فەرەنسا و ئەلمانیا کرد تا ری بە

کۆمپانیاکانی تەلەفزیۆن بگرن و قەدەغە دانینە سەر ئەوەی لەگەل *MED – TV* لەسەر پەخشکردنی پرۆگرامەکان ریککەون. ری گرتنەکە وای کرد*MED – TV* لەگەل کۆمپانیایەکی ئەمەریکی ریککەوی کە بەرنامەکان لە لەندەنەوە بلاو بکاتەوە. لە ئەنجامی ئەمەوە وای لیهات لە دوادوایی سالی ١٩٩٦ قەدەغەکەشیان هەلگرت.

لەو بەشەی ئەم کتیبە کە (ڤیللۆ سیگوردسن) نووسیویەتی بە ووردتر باسی کاروباری ریکخراوە کوردیەکان دەکری، لە بەشەکەی (سورین سونەگۆو) باسی نموونەی ئەو هەولانە دەکری کە بالویزخانەی تورکیا دەیاندا لە پیناو فشار خستنەسەر سەربەستی دەربرین لە لایەن کوردەکان و تورکەکان لە دانمارك.

چونکە لە دانمارکیشەوە رۆژنامەنوسە کوردەکان بۆ میدیا کوردیەکان کاردەکەن و بنکەشیان لە دەزگای زانیاری کوردیەکانی *ERNK* دایە.

حکومەتی دانمارك بەربەستی لە ریگای سەربەستی دەربرینی کوردەکان دانەناوە، لە شیوەی ئەو بەربەستەی بۆ نموونە لە ئەلمانیا هەیە.

(نیلس هیلڤی پیتەرسن) ی وەزیری دەرەوەی دانمارك لە نامەیەکیدا بۆ من لە ١٩٩٤/٥/٤ نووسیویەتی: کردنەوەی نووسینگای زانیاری لە دانمارك تەواو ئازادە، بەو ئەندازەیەی ئەو چالاکیانەی لەم نووسینگانە ئەنجام دەدرین، بە شیوەیەکی یاسایی بەریوە بچن و لەگەل یاساکانی دانمارك برۆن. ئیتر بەم شیوەیە هیچ بەربەستیك لە ریگای ئەوەدا نیە کە نووسینگەی زانیاری لە کۆپنهاگن بکریتەوە.

سنووردانان لەبەردەم سەربەستی دەربرین لە تورکیا زیتر ریکخراوە مرۆڤایەتیەکان دەگریتەوە، کە خەریکی مافەکانی مرۆڤن.

ریکخراوی *IHD* لە مانگی ئایار/ مایسی سالی ١٩٩٦ کتیبیکی بلاوکردەوە بە نیوی (میژووی مافەکانی مرۆڤ) ( *Insan Haklari Tarihi* ). هەر سی رۆژ دوای دەرچوونی کتیبەکە دەستی بەسەردا گیرا.

(ئوزجان ساپان) ی خاوەن دەزگای بلاوکردنەوە و (ئەرۆل ئانار) ی نووسەر هەردووکیان دوا بەدوای ئەمە بە (پالپشتیکردنی پروپاگەندەی جودایخوازی لە دژی یەکییتی دەولەت) تاوانبارکران.

لەمەش زیتر نووسەری کتیبەکە تاوانیکی تری خرایە پال بەوەی لەبەشی (مەسەلەی کورد) نوسیویەتی کەوا کوردەکان سەر بە کەلتوریکی ترن کە کەلتوری تورکی نیە، کوردەکان هەر لە کاتی ریککەوتننامەی لۆزان (*Lausanne* ) لە سالی ١٩٢٣ کەوتونەتە بەر شالاوی راونان و داپلۆسین. (ئانار )لە کاتی بەرگری لەخۆکردن لە ٣/ تشرینی یەکەم _ ئوکتۆبەری/ ١٩٩٦ بۆ دادگای ئاسایشی دەولەتی نووسیوە کەوا پینج سال خەریکی نووسینی کتیبەکە بووە. زیتر لە ٢٠٠ سەرچاوەی ناوخۆ و دەرەوەی بەکار هیناوە، لەوانەش هەندیك لە بەلگەنامەکانی *UN* .

(ئانار) لەو رایەی خۆی پاشگەز نابیتەوە کە کەلتوری کوردەکان جیاوازە لەوەی عەرەب و فارس و تورك. هەروەها بەرگری لەو راستیە میژووییە دەکا کە کوردەکان بۆ چەندین سەدە وەکو کەمەنەتەوایەتیەك لە ئیران و عیراق و سوریا و تورکیا بە ژیردەستی ژیاون.

هەروەها (ئانار) جەخت لەسەر ئەوە دەکا کتیبەکە بەلگە دینیتەوە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە سەر بناغەی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراتی و چارەسەریکی ئاشتیانە نەوەك سەربازی. ( بەکارهینانی هیزی سەربازی لە دژی مافەکانی کەمەنەتەوایەتیەکان لە جیاتی باشتر کردنی ئەو مافانە، وەکو ئەوە وایە قفلیك لە کیشەکە بدەی. چارەسەر ئەوەیە مافی کەمەنەتەوایەتیەکان بدریتە کوردەکان، کەش و هەوایەك بۆ کوردەکان بخولقیندری، کە لە سایەیەوە بتوانن ناسنامەی کەلتوری خۆیان دەببرن).

(ئانار) لە دوادوایی نامەی بەرگریکردنەکەی لە بەردەم دادگا، ئەم قسانەی حەزرەتی عیسا دینیتەوە کە ئاراستەی دەسەلاتدارانی سەردەمی کۆنیان دەکا :

(ئەگەر قسەکانم هەڵەن، فەرموو پیم بلین ناراستیەکەم لە کوییە، ئەگەر قسەکانیشم راستن ئیتر بۆچی سزا بدریم ؟)

(ئانار) نامەکەی تەواو دەکات و پی لەسەر ئەوە دادەگری هیچ ووشەیەك لە کتیبەکەی نیە بۆ دەربرینی (مەبەست و بیری تاوانکاری) نووسرابیت.

(ئەرۆل ئانار) بە هەمان بەندی یاسا تاوانبار کرا کە (لەیلا زانا) ی ئەندامی پەرلەمانی پی ١٥ سال خرایە زیندان.

ئەم نووسەرەمان کە قسەکانی حەزرەتی عیسای بە نموونە هینابۆوە وەکو دژواریەکی تراژی _ کۆمیدی لە رۆژی ١٩٩٦/١٢/٢٤[١٥] لە شاری ئەستەمبول دادگایی کرا.

دادگایی کردنی کتیبەکە و میژووی مافەکانی مرۆڤ تا ئیستا بەرزترین و دیارترین خالە لە بواری داپلوسینی روو لە زیادە و سەرکوتکردنەوەی سەربەستی دەربرین لە تورکیا.

ئەم مەسەلەیە نەك هەر بە تەنها ئەوە پیشان دەدا کەوا چۆن سەرپیچی بەندی ١٩ ی ئاگانامەی جیهانی *UN* سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ و بەندی ١٠ ی پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤ لە ئەوروپا دەکریت، بەلکو نیشانەی ئەوەشە کەوا چۆن شەری حکومەتی تورك لە دژی هەموو ئازادیەکی بیر و دەربرین دەگاتە ئەوەی تەنانەت لە دژی میژووی مافەکانی مرۆڤیش داوا قەید بکات _ داوایەك، کە دەولەتی تورك خۆیشی ناتوانی تیایا سەرکەوی.

---

[١٥] ١٢/٢٤ رۆژی لە دایك بوونی حەزرەتی عیسایە.

# زیندانییە سیاسییەکان

بە ماوەیەکی کەم بەر لە جەژنەکانی کریسمسی ساڵی ١٩٩٦ ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا فاکسێکی *SOS* ی دەرکرد. ئەم فاکسە هاواری بەهاناهاتن بوو بۆ پشتگیری کردنی یەکێك لەو هەزار هەزارە زیندانییە سیاسیانەی لە تورکیا گیراون. ئەم گیراوە ناوی (ڕەشید کەیران) ە. ئەم دە ساڵەی دوایی لە زیندانی *Merkez Kapali Cezaevi* لە ئەنقەرە بەسەر بردووە.

(ڕەشید کەیران) تەمەنی ٣٥ ساڵە و ١٨ ساڵ حوکم کراوە. هەرچەندە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە و بەر ئەشکەنجەدان کەوتووە، کەچی کاربەدەستان داو و دەرمان کردنیان لێ قەدەغە کردووە.

سێ بەندی تر لە هەمان زیندان مردوون، چونکە ڕێگای دوکتۆریان نەدراوە بۆ چارەسەرکردن. هیچ ژمارەیەکی ڕەسمی لە بەردەستدا نیە ئاخۆ چەند بەندی و گیراو لە زیندانەکانی تورکیا دەمرن، بە هۆی چارەسەر نەکردنیان یاخود پشت گوێ خستنیان.

کە سەرۆکی لیژنەی دادگایی لە ناو پەرلەمان[١٦] (بیۆرن ئیلمکویست) لەگەل پرۆفیسۆر (ئیریك سیسبوی) نوینەری کۆمیتەی هیلسنکی دانمارکی سەریان لە زیندانەکانی تورکیا دا، دووپاتی ئەوەیان کردەوە کە بارودۆخیان خراپن و گیراوەکان مامەلەی خراپ و ناشیرینیان دەرهەق دەکری. ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی زۆر جار

[١٦] مەبەست پەرلەمانی دانمارکە

بەندیەکان یاخیبن، ئەوەتا  دواترین یاخیبونیان ئەوەی پاییزی سالی ١٩٩٦ بوو کە تیایا ١٢ زیندانی لە ئەنجامی مانگرتنیان لە خواردن مردن.

یەکیك لە هەرە ناسراوترین زیندانیەکانی تورکیا ئافرەتی کورد و ئەندامی پەرلەمان (لەیلا زانا) یە. لە سالی ١٩٩١ وەك نوینەری پارتی دیموکراتی *DEP* بۆ پەرلەمانی تورکیا هەلبژیردرا.

(لەیلا زانا) خەلکی دیاربەکری (پایتەختی) کوردە، کە دەکەویتە خواروی رۆژهەلاتی تورکیا. لەگەل ١١ کەسی دی لە سالی ١٩٩٤ بە (جودایخوازی) تاوانبار کرا.

ئەو بەرگری و پاریزگاریەی پەرلەمەنتارەکانی *DEP* هەیانبوو، هەلگیرا و بۆ ماوەی چوار رۆژ لە ناو بینای پەرلەمان لە (تاراوگە) دا بوون.

کە بیناکەی پەرلەمان لە کۆتایی هەفتە داخرا، پۆلیس لە دەرەوە ئامادە بوو، ئیتر (لەیلا زانا) ١٥ سال حوکم درا و یەکیك لە هۆیەکانی ئەوە بوو کەوا  لە ناو پەرلەمانی تورکیا بە کوردی قسەی کردووە.

رۆژی پینج شەممەی ٢٧ ی ئەپریل/ نیسانی سالی ١٩٩٥ لەگەل چەند کەسانیکی تر لەوانە سەرەك وەزیرانی پیشوو (ئەنکە یۆرنسن) و (لاسە بۆدتز) و ( ڤیلۆ سیگوەردسن) و (نیلس بارفۆید )ی  سەرەکی *PEN* ی دانمارك چوینە سەردانی (لەیلا زانا) لە بەندیخانەی *Ulucanlar*  لە ئەنقەرە. بەندیخانەکە وەك تەویلەیەکی ئەسپان لە سالی ١٩٢٠ دروست کراوە و یەکیکە لە هەرە بەندیخانە ناخۆش و سەرەتاییەکانی تورکیا. (لەیلا زانا) روونی کردەوە کەوا بە هۆی نەخۆشی ئیسقان براوە بۆ خەستەخانە و داو و دەرمان کراوە، هەروەها سەرەرای هەلومەرجی ناخۆش، کەچی ئەو باشترین ژووری لە زینادنەکە هەبوە.

ژوورەکەی ئەو لە دوو چاوە پیك دەهات. چاوەیەکیان دوو پاسەوانی ئافرەتی تیدایە، بەشەو و رۆژ خەریکی چاودیری کردنی ئەون. یەکیك لە هۆیەکانی ئەم

چاودیری کردنە باری تەندروستیەتی. لە هەمان کاتدا چاودیری کردنەکە جۆریك لە دلنییایەکیشی پی دەبەخشی. تاکە پەنجەرەی ژوورەکە پینج مەتر لە بەرزیدایە، تەنها لەویوە رۆناهی رۆژی بەرچاو دەکەوی، ئەمە بیجگە لەو جارانەی سەردانی دەکری یاخود هەفتەی جاریك یاری باسکیتبۆل دەکات.

لە مانگی شوبات/ فیبریوەری سالی ١٩٩٥ بۆ یەکەم جار ریگای پیدرا چاوی بە ئەندامەکانی تری *DEP* بکەوی. ئەم ئەندامانە بۆ ماوەی یەك سال تاك تاك و لە ژوری تەنها بەند کرابوون. (لەیلا زانا) لە ریگای یاری تۆپینەوە توانی میردەکەی ببینی، کە ئەویش گیراوە. هۆی گیرانی هەردووکیان دەگەریتەوە بۆ ئەوەی داوای مافەکانی دانیشتوانە کوردەکانیان کردووە، کە دەوروبەری چارەگی سەرجەمی دانیشتوانی تورکیان. منالەکانیان رەوانەی لای هەندی برادەر کراون لە فەرەنسا.

زیندانیەکانی نیو ئەم بەندیخانەیە هەردوو بابەتی تاوانکاری ئاسایی و زیندانی سیاسیشی تیدایە. (لەیلا زانا) ئارەزووی کرد تەنها وەلامی پرسیارە سیاسیەکان بداتەوە، چونکە - وەکو خۆی ووتی - من بە هۆی سیاسەتەوە لیرەم و لە ژیر هەر هەلومەرجیکی سیاسیدا بژیم ئەوا من کاری سیاسی خۆم هەردەکەم. (لەیلا زانا) گوتی ئیمە دەمانزانی مەترسی گرتنمان لەسەرە. بەلام بارو زروفمان لە زیندان وورده وورده باشتر بووە، چونکە سەنگاییەکی نیودەولەتی خراوەتە سەر حکومەت. ئەوە بە لای ئیمەوە زۆر بە نرخ و گرنگە کە خەلکی بیگانە سەرنج دەنوینن بەرامبەر بە ئیمە و گەلی ئیمە.

حکومەتی تورك بە دریژایی دادگایی کردنەکە دەیگوت سیستەمی سیاسی ناتوانی تیکەلی کاروبار و بریارەکانی دادگا بیت، چونکە دیموکراتی لە تورکیا هەیە.

بەلام لە سالی ١٩٩٥ سەرەك وەزیرانی ئەوسا (تانسۆ چیلەر) گوتی ئەو خۆی بە تەنها وای کرد *DEP* تاوانبار بکریت و حوکم بدریت. بە رای پەرلەمانتارەکانی *DEP* (چیلەر) بەم جۆرە خۆی سەرپیچی دەستووری تورکیای کردووە.

(لەیلا زانا) ئەوەی خستەرو کەوا شتی لەو بابەتە لە وولاتانی دیموکراتی راستەقینە رووی نەداوە، هەموو ئەندامانی پەرلەمان کە سەر بە یەك پارتن زیندانی بکرین.

(لەیلا زانا) ئەوەی روون کردەوە لە کاری سیاسی تورکیا دوو هیز هەیە. یەك لەو هیزانە رۆناکی خوازن و ئەوی دیکەیان تاریکی خواز، لیرەدا ئاماژەی بۆ ئەم گفتوگۆیە کرد کە سەبارەت بە دیموکراتیکردن و گۆرینی یاساکان لە ئارادایە. هیزی ئەوتۆ هەیە دەیانەوی پەیوەندیان لەگەل ئەوروپا باشتر بکەن و دەیانەوی چارەسەری عەسکەریانەی کیشەی کورد راگرن. هیزی دیش هەیە رایان وایە مەسەلەکە تەنها قەلاچۆکردنی تیرۆریزمە، هەموو لایەنەکانیش هەر تورکن. ئەم کۆمەلە کەمترن، بەلام هیزیکی زۆریان هەیە.

یەکیك لەو تاوانانەی خراوەتە پال سیاسەتمەدارەکانی *DEP* و خەلکانیکی وەکو (یەشار کەمال) ی کاندیدی پاداشتی نۆبل، دەگریتەوە بۆ بەندی ژمارە ٨ ی بەدناو لە یاسای ئەنتی - تیرۆر، کەوا هەموو دەربرینیك قەدەغە دەکات کە شیوەی جودایخوازی هەبیت.

لە لایەنی رەسمیەوە هەموو ئاخاوتنیك لەبارەی بوونی کەمە نەتەوایەتیەکی نەژادی، تاوانە.

ئەو فورساییەی خرایە سەر حکومەتی تورکیا لە لایەن کۆمەلگای نیو دەولەتی، وای کرد(چیلەر) ی سەرەك وەزیرانی ئەوسا، بەلینی ئەوە بدات کەوا بەندی ژمارە ٨ لاببری. بەلام (لەیلا زانا) چاودیریکەرە سیاسیەکانی دی لەو باوەرەدان هەتا ئەگەر بیتو لیبوردنیکیشیان بدریتی لە ئەنجامی یاسا گۆرین، ئەوا ناوەرۆکی ئەم بەندە دەخریتە نیو یاسایەکی ترەوە، جاریکی دی حوکم دەکرینەوە. (لەیلا زانا) دەلی بیرکردنەوە ئازادە لە تورکیا، بەلام دەربرین نا. گۆرانکاریەکان تەنها ئارایشت کردنن.

بەندییەکانی *DEP* بۆیان هەیە رۆژنامەکان بخویننەوە، دیار بوو (لەیلا زانا) زۆر ئاگاداری مەسەلەکان بوو. دووبارە ئاماژەی بۆ گرنگی جەخت و قورسایی نیودەولەتی کرد، چونکە تورکیا لە بواری ئابووریەوە زۆر پشتی بەدەرەوە بەستووە. هەروەها گوتی ئەرکی سەرشانی هەموومانە ئەم گۆرانکاریانە رابگرین کە ئەمرۆ لە تورکیا لە ئارادان. ئنجا روونی کردەوە کەوا لە سەدا ٧٠ ی بودجەی تورکیا بۆ سوپا تەرخان کراوە. گەورەترین گیروگرفتیش کیشەی کوردە. ئەگەر بیتو ئەو کیشەیە چارەسەر بکریت، ئیتر پیویست بەو خەرجیە زل و زەبەلاحەی سوپا و پۆلیس نابیت. لە جیاتی ئەمە پیویست بە دایەلۆگ (گفتوگۆ) هەیە. دەولەتی تورکیا نایەوی گفتوگۆ بکات، حکومەت چەندین جار دەستنیشانی ئەوەی کردووە کەوا دەستوور ریگای لەبەردەم چارەسەری کیشەکە گرتووە. بۆیە بەر لە هەموو شتیك پیویستە دەستوور و کۆمەلیك یاسای تایبەتی بگۆردرین. ئەگەر ئەم گۆرانە روونەدات ئەوا کیشەی کورد چارەسەر ناکری.

(لەیلا زانا) دەستنیشانی کۆمەلیك کیشەی لەم بابەتەی کرد لە دونیادا. بۆ نموونە ئیسرائیل – *PLO*. بۆ ماوەی چەندین سال ئەمان لەشەردا بوون، ئیستاش لە سەر ئاشتیەکی بەردەوام گفتوگۆیانە. شەریش لە تورکیا دوو لایەنی هەیە. چونکە مەدەنیەکان دەیانەوی دەولەت لە ئاشتیدا بژیت. لە سالی ١٩٩١ گەلی کورد ئومیدیکی هاتەوە بەر کە *DEP* هاتە نیو پەرلەمان، هەروەها حکومەتی تورکیا *DEP* وەك پردیك بەکارهینا بۆ پەیوەندی کردن لەگەل *PKK*. (ئوزال) ی سەرەك وەزیرانی پیشتر داوای کرد گفتوگۆیەك لە نیوان *PKK* و حکومەت بەرپا بکریت، بەلام کە ئەو مرد ئیتر هەموو وتوویژ و والا بوونەوەیەك راوەستا.

(لەیلا زانا) گوتی ئەگەر نەتەوەی کورد مافە بنەرەتیەکان وەرگرن، ئەوا هیچ هۆیەك بۆ چالاکیە سەربازیەکانی *PKK* نامینی. هیچ کەسی داوای دەولەتیکی سەربەخۆ ناکات. دەولەتیکی کوردی شتیکی ریالیستی نیە، ئەمە زیندە خەونە.

ئەمە هەرگیز ئامانجی *DEP* نەبووە. ئەوەی ئەمڕۆ لە ئارادایە ئەوەیە کە کوردەکان ژێردەست دەخرێن، بەلام ئەگەر کوردێك حاشا لە ناسنامەی خۆی بکات ئەوا دەتوانی ببی بە ژەنەڕال یاخود بە وەزیر. ئەگەر هەمان کورد بە پێچەوانەوە هەڵبستی ئەوا جێگای وەکو من دەبێتە ئەودیو شیشەکانی زیندان.

ئەمڕۆ وا جیهان والا دەبێتەوە، سنوورەکان خەریکی هەڵوەشاندنەوەن، زۆر شێوەی سەربەخۆیی دروست کردن هەیە. لە قوبرس یۆنانیەکان و تورکەکان هەریەکە و پەرلەمانی خۆیان هەیە. ئێمە لە تورکیا ١٥ ملیۆن کوردین، هیچ کەسیکمان بۆی نیە بە ئاشکرا بە ناسنامەی خۆی بژی. بریارە گرنگەکان لە تورکیا سیاسی نین، بەلکو سوپا دەریان دەکات، کە دەیەوی کیشەکەکان تەنها بە توندوتیژی چارەسەر بکات. باری کۆمەلایەتی خراپ و ترسناك لە سۆڤیەتی جاران ئەوەمان پیشان دەدا کە ناتوانری وولاتیك بە زەبری سوپاوە بە یەکگرتوویی رابگیری. پیویستە یاساکانی تورکیا بگەنە ئاستی پیوانە نیودەولەتیەکان، کۆمەلگای نیودەولەتی، تورکیا توند بە ریککەوتننامە نیودەولەتیەکان ببەستیتەوە. ئەمە دەبیتە هەنگاویکی بە سوود لە پیناو بەدیموکراتیکردن و سەقامگیربوون لە تورکیا.

بەم جۆرە (لەیلا زانا) کۆتایی بە قسەکانی هینا، پیش ئەوەی پینج سەرباز و ئافرەتیکی فەرمانبەری بەندیخانە وەپیش خۆی بدەنەوە بەرەو زیندانەکەی.

# توركیا لەبەردەم شكایەتكاری

لە ئەنجامی ئەو هەمووە دەستدریژیانەی دەكرینە سەر مافەكانی مرۆڤ، توركیا چەندەها جار راكیشراوەتە بەردەم شكاتكاری لە ستراسبۆرگ، كە بارەگای كۆمیسیۆن و دادگای مافەكانی مرۆڤی ئەوروپا دەگریتە خۆ.

پەیماننامەكەی سالی ۱۹۵۰ ی مافەكانی مرۆڤ لە ئەوروپا بۆتە كەرەسەیەكی كاریگەر لە دژی رژیمە زۆردارەكان.

لە سالی ۱۹۸۸ وە سیستەمی مافەكانی مرۆڤ لە ئەوروپا زیتر لە ۱۵۷۸ داوای لە دژی توركیا تاووتو كردووە. هەموو هاونیشتمانیانی ولاتانی ئەندام لە ئەنجوومەنی ئەوروپا دەتوانن لەبەردەم دادگای مافەكانی مرۆڤ شكات بكەن، ئەگەر بیتو مافەكانیان بە پیوانەی پەیماننامەی مافەكانی مرۆڤ لە ئەوروپا پیشیل بكریت. ئەم سیستەمەی پشكنین زۆر بە هیز و كاریگەرە، بەلام لە هەمان كاتدا زۆریش قورس و لەسەرخۆیە. میكانیزمی شكات لە سی ئۆرگان پیك دیت: كۆمیسیۆن و ئەنجومەنی وەزیران و دادگا.

كۆمیسیۆن ئەو مەسەلانە تاووتو دەكا كە ئیتر هیچ دەرفەتی پیداچوونەوە و تیهەلچونەوەیان لە ولاتی خۆیان نەماوە. ئەگەر شكات و داواكە پیشكەش بكریت بەر لەوەی شەش مانگ بەسەر بریاری كۆتایی ناو ولاتی خۆی تیپەری، ئەوا ئیتر شكاتكار دەبی دیار و ناسراو بی، مەسەلەكان لە چوارچیوەی پەیماننامەی مافەكانی مرۆڤ دابی. ئیستاكانی لەو ساتەوەی داواكە دەگاتە دەست كۆمیسیۆن تاوەكو دوابریاری دادگا دەردەچی نزیكەی پینج سال دەبا.

لە سەدا ۹۰ ی داواکان رەت دەکرینــەوە، چونکـە یـان ئـەوەتا ناکەونـە چوارچیـوەی پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤ، یاخود هەر لە بنەرەتدا هیچ سەرپیچیەك رووی نــەداوە. ئەگەر کۆمیسیۆن بینی داواکە دەبی ریی ئاسایی خۆی بگری، ئەوا لە هەمان کاتدا دەتوانی هەولیك بدات بەلکو لایەنەکان لە نیوان خۆیان پیك بین.

ئەگەر ئـەم پیکهاتن و ریککەوتنـە مومکین نـەبوو، ئـەوا راپۆرتیــك دەنووسـری، کۆمیسیۆن هەلسەنگاندنی خۆی دەکا سەبارەت بەوەی ئاخۆ سەرپیچی کراوە یان نـا. لـە دوای ئەمە دوا بریار سەبارەت بە چارەنووسی ئەو داوایانـەی ناخرینـە بـەردەمی دادگا بە دەستی کۆمیتەی وەزیرانی ئەنجومەنی ئەوروپایە، کە لە هەموو وەزیرانـی دەرەوەی وولاتانی ئەندام لە ئەنجومەنی ئەوروپا پیك دیت.

هـەندیك داوا لەبـەر گرنگـی لایـەنی پرینسـیپەوە رەوانـەی دادگا دەکریـن، ئەگـەر دەولـەتیك لـە لایـەن دادگای مافەکانی مـــرۆڤ حوکـم کـرا بـەوەی مـافی هاوولاتیـانی پیشیل کردووە، ئەوا لەسەری پیویستە ئەم چەوتیە راسـتکاتەوە. جاری وا هەیـە دەبـی قەرەبو بکاتەوە، ئەگەر پیویستی کرد دەبی یاساش بگۆردریت، تـاوەکو ئیـتر داوای لـەم بابەتـە جـاریکی دی نەیەتـە پیشـەوە. کۆمیتـەی وەزیرانـی ئەنجومـەنی ئـەوروپا دەبــی لیبکۆلیتـەوە کـە ئـەو دەولەتـەی لـە لایـەن دادگــاوە حوکـم کــراوە، بریارەکــانی دادگــا جیبەجی دەکا.

لیرەدا گرنگە ئەوە دووپات بکریتەوە، هەر بە تەنها ئەرکی سەرشانی ئەو دەولەتە حوکمدراوە نیە کە بریاری حوکمەکەی لە دژدا دەرکراوە، بــەلکو سـەرجەمی دەولـەتانی ئەوروپا کە بەستراونەتەوە بە دادگـای مافـەکانی مـرۆڤ لـە ئـەوروپا دەبـی لەسـەر ئـەم بریارەی دادگا برۆن.

بـەم جۆرە ئـەرکی سەرشـانی وولاتەکانـە یاسـاکانی خۆیـان و جیبــەجی کردنیــان راستکەنەوە بە ئەندازەی ئەوەی هاوشان بن لەگەل بریارەکانی دادگا.

لەم بۆنەیەدا گرنگە ئەوەمان لەبیر نەچی کە دانیشتوانی ناوچە کوردیەکان لە تورکیا لە ژێر ئیش و ئازاری هەژاریەکی زۆردا دەژین، سوپا و پۆلیس ئەو خاوەن داوایانەی دەرفەتی سەرکەوتنیان هەیە، دەخەنە ژێر پالەپەستۆیەکی زۆر، نەبادا لەبەردەم دادگایەك لە وولاتیکی دووری ئەوروپا شکات لە دەولەتی تورك بکەن.

کەچی لەگەل هەندیش لەوساوەی حکومەتی مەدەنی دەسەلاتی رەسمی لە تورکیا گرتۆتە دەست، ژمارەی داواکان زیادیان کردووە، ئەمەو هەرچەندە بە ئەنجام گەیاندنی داوایەکی لەم بابەتە یەکجار زۆری تیدەچی.

ئەو داوایانەی لە دانمارکەوە دەگاتە کۆمیسیۆن، بەشی زۆری لەبارەی مندال لە دایك و باوك سەندنەوەیە[17]، یاخود لە بارەی خویندن و فیرکردنی سیکس و شتی لەم بابەتەیە. داواکانی دژی تورکیا جۆریکی ترسناکی تەواو جیاوازن.

هەشت لە زۆرترین ئەو هۆیانەی لە داواکاندا دووبارە دەبنەوە بەریر ئەمانەن:

- گوند ویرانکردن
- مامەلەی خراپ و ئەشکەنجەدان
- شوینبزرکردن
- گرتن بەبی بریاری دادگا
- لەسیدارەدان بە کەیفی خۆ لە لایەن پۆلیس و سوپاوە
- سەربەستی دەربرین
- قەدەغەکردنی پارتە سیاسی و ریکخراوە پیشەییەکان
- مردن لە ژیردەستی پۆلیس لەکاتی گیران.

---

[17] زۆر وا دەبی دەولەتی دانمارك یان شارەوانیەکان مندال لە دایك و باوکیان دەسینن، چونکە وای دەبینن کە ئەوان لەبەر زۆر هۆی جیاواز ناتوانن مندالەکە بە پیی پیویست پەروەردە بکەن، مانەوەی مندال لە لای دایك و باوکی زیانی پی دەگەیەنی.

بە پیی بەندی ژمارە ٢٤ لە پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤ لە ئەوروپا هەر وولاتیك مافی ئەوەی هەیە داوا لە دژی وولاتیکی دی تۆمار بکات.یەکیك لەو وولاتانەی بەم کارە هەلسا دانمارك بوو لە دژی تورکیا.

لە داوایەکی سالی ١٩٨٢ کۆمیسیۆن لای دانمارکی گرت، بەوەی کە تورکیا خۆی خەتابار کرد بە سەرپیچیکردنی پەیماننامەکە. ئەم یەکلایی کردنەوەیە ئەوە دەگەیەنی تورکیا دانی بەوەدانا هەر هاوولاتیەك مافی ئەوەی هەیە شکات لە بەردەم دەزگای ستراسبۆرگ بکات.

(گیرت پیتەرسن) لە بەشەکەی خۆی باسی هەلومەرجی سیاسی ئەم مەسەلە دەکات.

(لارس ئادەم ریهۆف) کە مامۆستایە لە زانکۆی کۆبنهاگن لە کتیبەکەیدا بە ناوی (پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤ لە ئەوروپا) دەلی ئەو شکاتانەی تا ئیستا لە لایەن دەولەتان کراوە، ئەوە نیشان دەدەن کەوا پیشیلکردنی سیستەماتیك و زەقی مافەکانی مرۆڤ دەتوانری لەم ریگایەوە بگەیەنریتە کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ: (بوونی دەرفەتی شکات کردن لە دەولەتیك توخمیکی بە کەلکە لە نیو گفتوگۆ دیپلۆماسیەکان، کە بە پیی باروزروف دەتوانی لە ریگای گفتوگۆ چارەسەریك بسەپینی).

هەرچۆنیك بیت مەسەلەکەی سالی ١٩٨٢ بوە هۆی ئەوەی زۆر لە تورکەکان و کوردەکان بۆ یەکەم جار دەستیان بگاتە شیوە دادگاییەك کە لە توانایدا هەبی یەخەی دەسەلاتدارانی تورکیا بگریت. حکومەتی تورکیاش هەستی بەمە کردوە، ئەم مەسەلەیە لە سالی ١٩٨٤ وە رووی لە زیادیدایە. یەك لیشاو شکات و داوا پەردەیان لەسەر دەستدریژیە درندەییەکانی رژیم ئاشکرا کرد. زۆربەی داواکان لە بارەی دەستدریژی کردنە بۆ سەر کوردەکان، لە ١٩٩٠ وە ژمارەیان گەیشتوتە ٨٢٧ داوای دژ بە تورکیا.

یاساناسی نەرویجی و ئەندامی لەپیشی ئەمنستی (جۆن رود) لە کۆنفرانسیکدا لە ئۆسلۆ لە سالی ١٩٩٦ روونی کردەوە کەوا سیستەمی تاوتوکردن لە ستراسبۆرگ خەریکە لە باریەك دەچی، لەبەر زۆری ژمارەی ئەو هەموو داوا و شکاتانەی دژ بە تورکیا و سروشتی ترسناکی ئەم داوایانە.

ریکخراوی بەسەنگی مافەکانی مرۆڤ *Kurdish Human Rights Project (KHRP)* لە لەندەن سەنتەریکی بەلگەنامەی زۆر گەورەی گەشە پیکردوە بۆ داواکانی دژ بە تورکیا.

*KHRP.* تۆریکی نیونەتەوەیی لە پاریزەر و خەلکی چالاکی بواری مافەکانی مرۆڤ و ریکخراوەکان، تەنانەت لە تورکیاش دامەزراندووە. هۆیەکەشی دەگەریتەوە بۆ ئەوەی دەسەلاتداران لە تورکیا بە جۆرەها شیوە هەول دەدەن کەوا ترس بخەنە دلی قوربانیەکان نەوەك لە لای کۆمیسیۆن شکات بکەن.

ئەگەر بیتو پاریزەران داوایەك بگرنە خۆ، ئەوا تاوانباریان دەکەن بەوەی پشتگیری تیرۆریستەکان دەکەن، هەندیکی تریان لە ژیر هەلومەرجی نادیار و نائاشکرا دەکوژن، هی واشیان هەیە دەخرینە زیندان و ئیزنی پاریزەراتیان لی دەستیننەوە. بۆیە لە زۆر حالەتدا *KHRP* خۆی داواکانی دژ بە تورکیا دەگریتە ئەستۆی خۆی.

لەو ٨٢٧ شکاتەی سالانی ١٩٩٠، ٤٥٧ ی رەوانەی حکومەتی تورکیا کرا، تاوەکو روونکردنەوەی خۆیانی لەسەر بدەن. ٢٤٥ شکات رەت کرایەوە، ٩٦ یان خرانە بەر لیکۆلینەوەی بەردەوام. لە سالی ١٩٩٠ وە کۆمیسیۆن راپۆرتی سەبارەت بە ١٢ داوا داوە، لە هەموویاندا تورکیا بە هۆی دەستدریژیەکانی گوناهبار دەرچووە. پینج لەو داوایانە بە ریککەوتنی نیوان تورکیا و خاوەن داواکان کۆتایی پیهاتووە. ئەوە چەندین سالە تورکیا بەردەوام خەریکی هەرەشە بووە لەو شکاتکارانەی ستراسبۆرگ. لە سالی ١٩٩٦ تورکیا دوو حوکمی پرینسیپ ئامیزی لە بواری مافەکانی مرۆڤ بەسەردا برایەوە، ئەو داوایانەش کە ماون وا بەریوەن بۆ دادگا.

ئەو داوایانەی لە بەردەستی کۆمیسیۆن بـە ریککەوتن کۆتاییـان پیـهات، لـە بـارەی رووداوی زۆر توندوتیـژ و سـتەمکاری بـوون. نموونەیـەکی بچـووك لەوانـە داوایەکـە لـە بارەی پۆلیسیك کە کچیکی ١٧ سالانی ئەشکەنجە داوە و پاشـتر لەبـەردەم خوشـکیکی لـە خۆی بچووکتر پری داوەتی و دەسـتدریژی سیکسـی کردۆتـە سـەری. لـە داوایـەکی تـردا هاتووە کەوا سەربازەکان بـە زۆر خـەلکی گوندەکانیـان ناچـار کـردووە کـە گـوی خۆیـان بخۆن.

لە ژمارەیەکی زۆر لـە داواکـان دەسـەلاتدارانی تـورك وەلامدانـەوەی کۆمیسـیۆنیان دواخسـتووە و دریژەیـان پیـداوە، یـاخود راسـتەوخۆ کۆسـپیان لـە ری دانـاوە لـە ریگـای ئەزیـەتدانی خـاوەن داواکـان و کەسوکاریان. ئـەم جـۆرە شـیوازانە دەزگـای مافـەکانی مرۆڤی لە ستراسبۆرگ ئەوەندە تورە کردووە، کە دادگا زۆر بە توندی تورکیای مەحکوم کـردووە، لەبەرامبـەر سـەرپیچیکردنی زۆری کۆمـەلیك بـەند و برگـەی پەیماننامـەی مافەکانی مرۆڤ لە ئەوروپا.

یـەکیك لـە داواکـان لـەبارەی ویرانکردنـی گونـدە کوردیـەکان بـوو لـە ناوچـەکانی خوارووی رۆژهەلاتی تورکیا. لە میان سالانیکی دوور و دریژی کیشەی نیوان حکومـەتی تـورك و بزووتنـەوەی یـاخی بـووی *PKK* ، نزیکـەی ٣٠٠٠ گونـد لەلایـەن حکومـەت و *PKK* وە، تیکدراوە.

لـە سـالی ١٩٩٤ مـن لەگـەل (ئەزیمـەت کۆیلوئوگلـو) ی وەزیـری مافـەکانی مرۆڤـی تورکیا کۆبوومەوە. ئەم وەزارەتە نە بابەت و ناوەرۆکی هەبوو، نە دارایی، نـە دەسـەلات یاخود مافی ئەوەی هەبوو مەسەلەکانی مافی مرۆڤ تاووتو بکات.

وەزیری ناوبراو روونی کردەوە کەوا بە هۆی ئەم گوندە ویرانکراوانە، زیتر لە دوو ملیۆن کەس لە تورکیا بی مالن. پرۆفیسۆر (ئیریك سییەسبوی) لە سالی ١٩٩٥ سەری لە کۆمەلیك لەو دیهاتە چۆلکراوانەدا و لەگەل خەلکە راگویزراوەکە قسەی کرد.

گوندنشینەکانی دییەکی کوردی رازی نەبوون بەشداری هەلبژاردنی شارەوانییەکانی ٢٧ی مارس/ ئاداری سالی١٩٩٤ بکەن، چونکە حکومەت ریگای نەدا پارتە کوردیەکە بەشداری بکا. دەبوایە خەلك لە ژیر کۆنترۆلی سەربازە چەکدارەکان دەنگیان بدابایە و دەنگەکان لە بارەگای جەندرمە بژمیردرابان. ئیتر هەموو ری و شوینیکی دیموکراتی بەلاوە نرابوو.
(سییەسبوی) دەگیریتەوە دەلی: ( سزای گوندەکە ئەوەبوو بە فرۆکە بۆمباران کرا. چوار کەس لە دانیشتوان بریندار کران. لە خەستەخانە نەیانهیشت تیمار بکرین، چونکە بریندارەکان رازی نەبوون بلین ئەوەی بۆمبارانی کردن ***PKK*** بوو.)

گوندیکی تر بە هەمان شیوە لە رقان و لە تۆلە لەلایەن دەسەلاتدارانی تورکەوە چۆلکرا. یەکیك لە بنکە سەربازیەکانی ناوچەکە درابووە بەر بۆمبا، سەربازیك کوژرا بوو. گوندیەکان بەم شیوەیە بۆ (سییەسبوی) یان گیرابوەوە: (بەیانی رۆژی پاشتر سەربازەکان هاتن و خەلکەکەیان لە بیناکەی خویندنگا کۆ کردەوە و ژن و پیاویان لیك جودا کردنەوە. بە لیدان کەوتنە گیانی پیاوەکان و هەموو خانووەکانیان خاپوور کرد. ئەوشتانەی بەنرخ بوون سەربازەکان هەموویان دزی و ئەوی مایەوە تیکوپیکیاندا. تەنانەت بەرمالەکانی مزگەوتیشیان دزی. پیاویکی پیر لە ژیر ئەشکەنجەدان بوو تا سەعات نۆی ئیوارە. سەربازەکان مریشکیان دەدزی و کەر و گیانلەبەرەکانی تریان دەکوشت).

ئەوانەی پرۆفیسۆر (سییەسبوی) دەیانگیریتەوە، هەزاران کوردی مەدەنی هەموو سالیك تووشی دەبن، لە سالی ١٩٩٢ ، ٥٠٠ کەس لە گوندنشینەکان ئەوەندەیان بەدەست ئازار و ئەشکەنجەی حکومەتەوە چەشت، ناچار لە ریگای ***KHRP*** لە لای کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە ئەوروپا شکاتیان کرد.

لـە رۆژی ١٠ ی تشـرینی دووەم/ نۆڤەمبـەر، سـەربازەکان چوونــە نــاو گونــدی (کەلەکچی) و گوندەکەیان سووتاند، ئاژەڵەکانیان دایـە بـەر گوللە، خەڵکەکەیان بـەزۆر کۆکردەوە و کەوتنە ئازاردانیان.

لـە رۆژی ١٦ی ئــەیلول/ سـیپتەمبەری ١٩٩٦ دادگـا تورکیـای حوکـم کـرد بـەوەی سەرپیچی نۆ بەند و برگەی هەمەجۆری لە پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤ کردووە.

لەو شتانەی دادگا جەختی لەسەر کرد ئەوەبوو کە هێزەکانی ئاسایش راستەوخۆ بەرپرسـیارن لـە سـووتاندنی خانووەکـان، بەمـەش ریـز و حورمـەتی خیزانیـان پیشـیل کردووە. سەرەرای ئەمەش دادگا بە پەیوەست لەگـەل ئـەوەی خـەلکی گوندەکـان لـە لای کۆمیسیۆن شکاتیان لە تورکیا کردووە، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە دەسـەلاتدارانی تـورك کەوتبوونـە بـەدوادا گـەران و هەرەشـە کـردن لـە ژمارەیــەکی زۆری لادییـەکان تــاوەکو راگـەیاندنیکیان پـی ئیمـزا بکـەن، تیـایدا نووسـراوە کـەوا ئـەوان لـە راسـتیدا بــە هیــچ شیوەیەك شکاتیان لە لای کۆمیسیۆن نەکردووە.

بۆیە دادگا وای دەبینی کە مامەلەکردنەکەی کاربەدەستانی تـورك ( گوشـاریکی دژ بەیاسا و پەسەند نەکراوە بەرامبەر بـە شـکاتکارەکان لـە پینـاوی ئـەوەی لـە داواکانیـان پاشگەز ببنەوە و بیانکیشنەوە.)

بۆچـی هەمیشـە ئـەم گونـدە بیچـارە و داماوانـە خـاپوور دەکریـن؟ ئایـا ئـەو شـارە بچکۆلانانە پرن لە پیشمەرگەکانی *PKK* ، هەروەکو حکومەتی تورك رایدەگەیەنی؟

(یەشار کەمال) هەلسەنگاندنی خۆی لـە وتـاریکدا لـە سـالی ١٩٩٥ لـە گۆڤـاری (دیـر شپیگل _ *Der Spiegel* ) دەربری:

(دوای ئــەوەی دوو ملیــۆن و نیــو ئادەمیزادیــان دەربــەدەر کــرد، ئیســتاش وا رۆژهەلاتی ئەنادۆلیان خستۆتە ژیر ئابلوقەی خۆراك. هەر کەسیك ئـیزنی پۆلیسی پـی نـەبی، نـاتوانی خـواردن بکریـت، چونکـە خـەلکی گوندەکـان نـانی پیشـمەرگە دەدەن. دەغلـودان و داربــەرو و قــەزوان و گویــز و بـادەم و میوەجـات و دارسـتانەکانی ئــەو

گوندنشینانە دەسوتیندری، کە بە لایانــەوە باشــترە رابکــەن نــەوەك بــۆ پاســەوانیی گوندەکانیان لە دژی پیشمەرگە دەست بدەنە چەك.

ئاژەلەکانیان سەردەبرین. بۆچی دەبی ئـەو گوندانـە بسوتیندرین و لەگـەل زەوی تەخت بکرین؟ لەبەر ئـەوەی نـەوەك دالـدە و نـانی پیشـمەرگە بـدەن. ئـەوەی ئیمـە لـە ئەستەمبول گوێبیست دەبین، پیشمەرگە پیویستیەکانی خۆیان لە پاسەوانی گوندەکان[18] وەردەگرن. لە رۆژهەلاتی ئەنادۆل ٥٠٠٠٠ پاسەوانی کریگرتە هەیە. سەرتاپای ناوچەکە بۆتە کۆیلەی ئەوان. دەولەت لە رۆژهەلاتی ئەنادۆل هەموو شتیکە. هەموو شتیکیان لـە کوشـتن و بریـن و ویرانکـردن و سـووتاندن لەدەسـت دی. بروایـان بـە هیـچ دەسـتوور و یاسایەکی مرۆڤایەتی نیە.)

وەکو لــە پیشــتر باسـکرا (یەشـار کـەمال) گونـاهی ئـەوەی خرایـە ئەسـتۆ کـە چالاکیـەکانی زیـان بـە دەولـەت دەگەیـەنی، حوکمیکـی جیبـەجی نـەکراوی بـۆ دەرکـرا. ئیمرۆ وا بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو لە وولاتی سوید دەژی.

هـەر لـە دەوروبـەری دەرچوونـی بریـاری دادگـا لـە مەسـەلەی گونـدە ناوبراوەکـە، پەرلـەمانی ئـەوروپا لـە ئاکامی شکاتە روو لـە زیادیـەکانی دژ بــە تورکیـا، لـە مـانگی ئەیلول/ سیپتەمبەری سالی ١٩٩٦ بە ملیارەها یارمەتی راگرت کە دەبوایە تورکیا لـە *EU* ی وەربگرتبایە، بـە پیـی ریککـەوتنی یـەکییتی گومـرگ لـە نیـوان تورکیـا و *EU* کە لە مانگی کانوونی دووەم/ ژانوەری سالی ١٩٩٦ کەوتە بواری جیبەجیکردن.

لە ٦ی کانوونی یەکەم/ دیسەمبەری ١٩٩٦ سیسـتەمی سیاسـی ئـەوروپا لـە بـەدوادا چوونی بەردەوامی خۆی تورکیای بە ئاشکرا مەحکوم کرد.

کۆمیتەی ئەوروپی بـۆ پاراسـتن لـە دژی ئەشـکەنجەدان، رەخنەکـەی خـۆی لەسـەر راپۆرتیـك بونیـات نـابوو کـە لـە ئـەنجامی چـەند سـەردانیکی تورکیـا لــە سـالانی

[18] مەبەست لە جاشەکانە

١٩٩٠ - ١٩٩٦ نووسرابوو. وەفدەکـەی کۆمیتەکە سـەردانی زۆر جیگـای کردبـوو لەوانـەش بەندیخانەکان و چەندین جار بە بەلگە سەلماندی کەوا خەلك دراوەتە بەر ئەشکەنجە.

هاوشـان لەگـەل کـاری (سـەنتەری دانمـارکی هینانــەوە سـەرپیی قوربانیــەکانی ئەشـکەنجە)، کـە خەریکـە بەلگەنامـە کۆدەکاتـەوە سـەبارەت بـە دەسـتدریژی بـەدەنی و دەروونی سەر زیندانیە سیاسیەکانی تورکیا، کۆمیتەکـەی ئـەورووپاش توانـی کۆمـەلیك حالەتی ئەشکەنجەدانی بەدەنی و دەروونی بخاتە روو.

زۆر لـەم شـایەدیانە لـە رۆژی ١٨ی تشـرینی دووەم/ نۆڤەمبـەری سـالی ١٩٩٦ لـە دیداریکدا لە (کریستیانسبۆرگ)[١٩] دووبارە کرایەوە.

دیدارەکە لە لایـەن سـەندیکای ئاسایی پزیشکان و ئەمنستی ئینتەرناسیونال بـە هاوکاری لەگەل وەزارەتەکانی دەرەوە و داد و تەندروستی ریـك خرابـوو، تیشك خرایـە سەر ئـەوەی کـە پزیشکان رۆلیکی سـەنترال و گرنـگ دەبینـن لـە بەدیکۆمـەنت کردنـی دەستدریژی کردنەکان.

دوکتـۆر (توفــان کویســە ) ی ســەرۆکی (ســەنتەری هینانــەوە ســەرپیی تورکیــا) مەترسـی هەیـە بـەر سـزادان بکـەوی، چونکـە سـەنتەرەکەی رازی نیـە لیسـتەی نـاوی نەساغەکانی بداتە دەست کاربەدەستانی تورك. بە پیی بۆچوونی (ئینگە گینیفکـە) کـە سەرۆکی (سەنتەری دانمارکی هینانەوە سەرپیی قوربانیەکانی ئەشکەنجەدان) ە، هـەولی دەسەلاتدارانی تورك بۆ تیکدانی کاری چارەسەرسازی لـەوە دیـارە کـە سـەرۆکی پیشوی پۆلیس کرا بە وەزیری داد.

وەزارەتـی دەرەوەی تورکیـا لـە ریگـای وەزارەتـی داد داوای نـاوی ئـەو نەسـاغانەی کردووە کە لە سەنتەرەکانی هینانەوە سەرپی چارەسەر دەکرین، بە بیـانوی ئـەوەی کـە گوایـە کاربەدەسـتان دەیانـەوەی ئـەو کەسـانە بدەنـە دادگـا کـە ئەشـکەنجەی ئـەو نەساغانەیان داوە.

---

[١٩] وەکو لەمەو پیش ئاماژەمان بۆ کرد بارەگای پەرلەمانی دانمارکە

بـە پیـی (ئینگـە گینیفکـە) ئەمـە بەلگەیـەکی تونـد نیـە، چونکـە گـەر ئـەو کاربەدەستانە بیانەوی ئەم جۆرە دادگاییە ساز بدەن ئەوا دەتوانن بیکەن.

(ئینگە گینیفکە) دەلی: ( ئەگەر دادگا لـە "ئەدەنـە" دوکتۆرەکان و بەریوەبـەری سەنتەرەکان ناچار بکات ناوی ئەو کەسانە بدەن کە سەریان بەو سـەنتەرانەدا کـردووە، ئەوا زەبریکی بە تایبەت ترسناك ئاراستەی کاری دوکتۆری دەکری، نـەك هـەر بەتەنـها لە سەنتەرەکانی دژی ئەشکەنجەدان بەلکو لە هەموو تورکیا. ئەوەیە مەسەلەکە).

حوکمیکـی تـر کـە لـە دژی تورکیـا دەرچـوو، لـە داوایـەك بـوو سـەبارەت بــە ئەشکەنجەدانی سیاسەتمەداریکی کوردی تەمەن ۳۳ سال لە شاری (مـاردین) لـە خـواروی رۆژهەلاتی تورکیا.

(زەکی ئاکسۆی) لـە رۆژی ۲۵ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبـەری سـالی ۱۹۹۲ لـە لایـەن پۆلیسەوە گیرا، بەوە تاوانبار کرا کە لایـەنگیری *PKK* یـە. ئـەو ١٦ رۆژەی دواتـر خرایـە بەر ئەشکەنجەدانیکی سیسـتەماتیك: لیـدان و تـەوژمی کارەبـا و سـەر خستنە ژیـر ئـاو (هەلواسینی فەلەستینی) و هـەروەها ئەشـکەنجەدانی دەروونـی. دەسـت و پییـەکانی لـە توانای کارکردن کەوتن. لە نیو زیندانیشدا ریگای نـەدرا بچیتـە لای دوکتـۆر، بـەلام لـە دوای بەردانی لە ۱۰ی کانوونی یەکەم/ دیسەمبەر خرایـە نەخۆشـخانەیەکی زانکۆ. ئـەم نەخۆشخانەیە سەلماندی کەوا (ئاکسۆی) ئەشکەنجە دراوە. بەلام داواکاری گشتی رەسمـی مەسەلەکەی رەت کردەوە.

بە هاوکاری ریکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا *IHD* و *Kurdish Human Rights Project* لـە لـەندەن، (ئاکسـۆی) لـە ریگـای دادگـای مافـەکانی مرۆڤـی ئـەوروپا لـە ستراسبۆرگ شکاتی لە دژی تورکیا قەید کرد. لەو کاتـەی داواکـە لـە لای کۆمیسـیۆنەوە لەژیر تـاووتو کـردن بـوو، (ئاکسۆی) لـە لایـەن خـەلکانیکی نەناسـراوەوە بـە تەلـەفۆن هەرەشەی مەرگی لیدەکرا.

لە رۆژی ٢١ی شوبات/فیبریوەری سالی ١٩٩٤ کە کۆمیسیۆن بریاریدا داواکە رەوانـەی دادگای مافەکانی مرۆڤ بکات، داوا لە حکومـەتی تورکیا کرا تا بـە شیوەیەکی رەسمی وەلامی خۆی سەبارەت بـە مەسـەلەکە بداتـەوە. رۆژی ١٥ی نیسان/ ئـەپریلی سالی ١٩٩٤ وەکو دوامۆلەت بۆ ئەو مەبەستە دیاریکرا. دوو رۆژ بـەر لـە مۆلەتەکـە هەرەشـەیان لـە (ئاکسۆی) کرد تا داواکەی بکیشیتەوە. یـەك رۆژ لـە پیش بەسـەرچوونی مۆلەتەکـە لـە ١٤ی نیسان/ ئەپریلی سالی١٩٩٤ لە کاتیکدا (ئاکسۆی) بەریگاوە بوو بەرەو مال درایە بـەر گوللە و کوژرا. تورکیـا یـەکیکی لەسـەر ئـەم کوشـتنە گـرت، گوایـە ئـەندامی ***PKK*** یـە و داوای کرد شکاتەکە لە دادگای مافەکانی مرۆڤ رابگیری. لە سالی ١٩٩٤ وە تـاکو ئـەمرۆ[٢٠] تورکیـا هـەول دەدات نەیـەلی داواکـە بـەریوە بـروات، ئـەویش بـە ریگـاگرتن لـە نـاردنی بەلگەنامەکان و شایەدی دان و ....هتد.

لە رۆژی ٢٣ی تشرینی یەکـەم/ ئۆکتۆبـەری سـالی ١٩٩٥ کۆمیسـیۆن لــە بەرامبــەر تورکیادا چیتر ئارامی لەبەر نەما و تورکیـای بـە گوناهبـار دەرکـرد لـە سـەرپیچیکردنی بــەندی ژمــارە ٣ ی پەیماننامــەی مافــەکانی مــرۆڤ لــە ئــەوروپا، کــە تایبەتــە بــە قەدەغـەکردنی ئەشـکەنجەدان و هـەروەها بـەوەی کـە تورکیـا کۆسـپی لـە ریگــای کـاری کۆمیسیۆن داناوە.

لە رۆژی ١٨ی کـانوونی یەکـەم/ دیسـەمبەری سـالی ١٩٩٦ تورکیـا حوکـم کـرا لەبـەر شکاندنی قەدەغەی ئەشکەنجەدان و پینج بەندی تر لە پەیماننامەکە، لەوانــەش کۆسـپ دانان لە ریگای کاری کۆمیسیۆن و دادگا.

هەشت دادوەر دەنگیان بۆ حوکمەکە دا بەرامبەر یەك دەنگ لە دژی. ئەو یەکەش ئەندامیکی تورکی دەستەی دادگاکە بوو وەکو لە پیشتر باسمان لیوەکرد، مـەرجیکی زۆر ئاساییە کەوا هەر شکاتیك پیویستە یەکـەم جار لـە بـەردەم دادگـای بـالاوە لـە دانمـارك تەواو بووبی، پیش ئەوەی بگاتە بەردەم کۆمیسۆنی مافەکانی مرۆڤ لە ئەوروپا.

---

[٢٠] لە کاتی نووسینی ئەم کتیبە

کـەچی لـە مەسـەلەی تورکیـا، کۆمیسـیۆن لـە ژمارەیـەکی زۆری ئـەو شـکاتە نوییانـەدا چـاوەریی ئـەوەی دادگـای بـالا ناکـا. هـۆی ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کۆمیسـیۆن بـە بەڵگـە بـۆی دەرکـەوتووە کـە تورکیـا بـە بەرپرسـیاریەتی و مەوزوعیەتـەوە لـەو شکاتانەی سـەبارەت بـە دەسـتدرێژیەکان ناکۆڵێتـەوە. داوای بـۆ نموونە سەبارەت بە ئەشکەنجەدان و گوند سـووتاندن هـەرگیز بـە شـێوەیەکی جیـدی و گرنـگ لێکۆڵینـەوەیان بـۆ نـاکری و زۆر جاری واش هەیـە هـەر بـەلاوە دەنرێـن. وەکـو یاساناسی نەرویجی (جۆن رود) دەڵی کۆمیسیۆن بۆی دەرکـەوتووە کـە داوا و شـکاتەکانی تورکیا، دەستیان ناگاتە ئامرازە دادگاییە کاریگەرەکان لـە نـاو تورکیـا، بۆیـە کۆمیسـیۆن ئـەوەی قبوولـە کـە زیـان پێگـەییوەکان لـەم حالەتانـەدا دەتوانـن راسـتەوخۆ شـکات لای کۆمیسیۆن بکەن. بۆیە لە پراکتیککردنی دادگایی کۆمیسیۆن جۆرە (ڕێبـازیکی تایبـەت بۆ تورکیا) پەیدا بووە.

بە پێی ئەم هەموو حالەتە بە دیکۆمەنت کراوەی پێشێلکردنی مافەکانی مـرۆڤ بە هەزاران خەلکی مەدەنی کـورد کەوتونەتـە بـەر ئـازار و دەسـتدرێژی زۆر و زەبـەند. یەکێك لە هۆیەکانـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ دەسـتووری دەوڵـەتی تـورك خـۆی کـە هـەر لـە پێشـەوە لـە بـەندی ژمـارە ٢ باسـی ڕێزگرتنـی مافـەکانی مـرۆڤ دەکـا، بـەلام دواتـر لـە بەندی ژمارە ٣ دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە دەوڵەتی تورکیا یەك پارچەیە و نـابی بـەش بەش بکری، زمانیش زمانی تورکیە.

مرۆڤ سەری لە دووبارە بوونەوەی ئەو هەموو توندوتیژیە سوردەمێنی، کەوا هەم زیان بە ناو و دەنگی حکومەتی تورك دەگەیەنی و لەهەمان کاتدا بۆ ژیانی کوردەکـان و تورکەکانیش زیـان بەخشـە. سـەرەك وەزیرانـی پێشـووی تورکیـا[21] (بلنـد ئەجـەوید) لـە شیعریکیدا لە سالی ١٩٧٠ ئەمەی بەم شێوەیە روون کردۆتەوە:

[21] لە کاتی نووسینی ئەم کتێبە

( ئیمە نە هێزی داهینانمان هەیە و نە ئارەزوی مەرگیش دەکەین). لە کاتی کۆبوونەوەی وەفدە دانمارکیەکە لەگەل (ئەجەوید) لە رۆژی ١٩٩٥/٥/٢٧، (ئەجەوید) رایگەیاند کە تورکیا پیویستی بە دەستووریکی نوی هەیە. یەکیك لەو شتانەی بۆ نمونە ئەو باسی کردن، گیروگرفتی ریکخراوەکانی لاوان بوو کە مافی ئەوەیان نیە لە هەلبژاردنەکان خۆیان ناودیر بکەن بۆ بەشداری.

ئیمە گوتمان زۆر لە داواکانی بەردەم دادگای مافەکانی مرۆڤ هۆیەکەی دەگەریتەوە بۆ ئەوەی کوردەکان مافی کەلتوری خۆیان نیە، (ئەجەوید) گەرایەوە گوتی، کەوا زمانی کوردی زمانیکی پیشکەوتوو نیە، ئەگەر کوردەکان بیانەوی وەکو کەمە نەتەوایەتیەك مافیان هەبی، دەبی بەوە رازی بن کە مافەکانی زۆر نەتەوایەتیەکانیان[٢٢] لە کیس بچی. بە قسەی (ئەجەوید) بە پیی ئەو هەموو داوایەی لای کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤن، ئەوا دەستووری دەولەتی تورکیا نزیکەی ئەو ١٥ ملیۆن کەسە ناگریتەوە کە باوەریان وایە ناسنامەی ئەوان ناسنامەیەکی کوردیە.

هەلبەستە ئایندەبینەکەی (ئەجەوید) سەبارەت بە نەبوونی هێزی داهینان، وادیارە بوەتە خالی چەقینی کۆنەپەرستانەی ئاشکرای خۆی و زۆر لە سەرکردە تورکەکانی دی، کە حەزناکەن ریگای ئەوە بدەن ئەو سیاسەتە لەبارکەوتووە بمری.

---

[٢٢] دیارە مەبەست لە مافەکانی نەتەوەی سەردەستە، گوایە کوردەکان هەمان مافی تورکەکانیان هەیە پیویست ناکا ئەو مافانە بە چەند مافیکی کەمتر بگۆرنەوە. هەر بۆ نموونە کاتی خۆی ( صدام حوسین ) دەیگوت کوردەکانی عیراق زیاد لە عەرەبەکان دوو مافیان هەیە، جاریك وەکو کورد و جاریك وەکو عیراقی.

# تیکۆشەرانی تورکیا لە پیناو مافەکانی مرۆڤ

ئیستا من دەزانم کەوا حکومەتی تورکیا سەری دەلەقینێ لە بەرامبەر راپۆرتەکانی ئەمنستی و لیستەکانی مەرگ کە لە لایەن ریکخراوە کوردیەکانەوە دی. من ئەوەش باش ئاگادارم کە رونکردنەوە رەسمیەکانی تورکیا لە لایەن ریکخراوە مرۆڤایەتیەکانی ناوەوە و دەرەوەی تورکیا رەت دەکرینەوە.

بەلام ئەو راستیەش هەیە کەوا *PKK* وەك ریکخراویکی کوردی بەرپرسیارە لە زۆر کاری تیرۆر، تازەترینیان خۆتەقاندنەوەی قیزاوی ژنانە، کە وەك پەلاری کویر بە ریکەوت شتی بەردەکەوی. بەداخەوە شایەت هەیە لەسەر ئەوەی پیشیلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە هەردوو دیوی گۆرەپانی شەردا رودەدا.

(مەمەد ئو نەجەف) [٢٣] کە لیکۆلەرەوەیە لە سەنتەری خویندنی رۆژهەلاتی ناوەرۆاستی سەر بە زانکۆی (ئۆدینسە) [٢٤] لە پیرستی مانگانەی سەنتەرەکە لە تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری سالی ١٩٩٦ دا نوسینیکی لەبارەی شەرعیەت و ناشەرعیەتی شەری *PKK* بلاوکردۆتەوە. ئەو گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە لەژیر هەر هەلومەرجیگدا بی ئەوا *PKK* فاکتەریکی سیاسی گرنگ لە تورکیا پیك دینی، بۆیە پیویستە شەرعیەتی پی بدری و تیکەل بە سیستەمی سیاسی تورکیاوە بکریت. (بە هەر شیوەیەك بی پیویستە تورکەکان هەول بدەن (عبدالله ئۆجەلان) ی سەرەکی *PKK* بکەن بە (یاسر عەرەفات)

---

[٢٣] لە بەشەکانی پیشووی ئەم کتیبە ئاماژە بۆ ناوی کراوە.

[٢٤] زانکۆیەکی دانمارکییە.

يك. دەبی ساغی کەنەوە کامەيان زيتر لە بەرژەوەندی ولاتەکەدايە (عبدالله ئۆجەلان) يك کە لە شاخەکان شەردەکا و خەون بەوە دەبينی ببيتە (پۆل پۆت) يکی نوی لە کوردستانيکی بچووك، ياخود (ئۆجەلان) يك کە لە ناو پەرلەمانی ئەنقەرە تيدەکۆشی بۆ تەرخانکردنی پارەيەکی زيتر بۆ خويندنی کوردی و چاککردنی زيرابەکانی دياربەکر. (ئۆجەلان) يش هەمان ساغکردنەوەی لە بەردەمدايە.

مرۆڤ هەر ئەوەی پيدەکری ئوميدی ئەوە بخوازی هەردوولا ريگای ريککەوتن هەلبژيرن).

نموونەی يەکيك لەو ريکخراوانەی لە توانادا بوو وەکو پرديك بەکاربهاتبا بۆ ئەم جۆرە ريککەوتنە، ريکخراوی مافەکانی مرۆڤ بوو لە تورکيا *IHD* کە لە لايەن *EU* پشتگيری ليدەکری، بەلام هەتا ئيستاشی لەگەلدا بيت حکومەتە يەك بەدوای يەکەکانی تورکيا نايانەوی هاريکاری لەگەل *IHD* بکەن، بەلکو بە پيچەوانەوە.

لە مانگی ئەيلول/ سيپتەمبەری سالی ١٩٩٦ سەرۆکی ريکخراوی مافەکانی مرۆڤی تورکيا (ئەکين بيردال) لەئەنقەرە لە لايەن هيزەکانی ئاسايشەوە گيرا.

سەرۆکی *IHD* (ئەکين بيردال) لەگەل هەنديکی تر، لەوانەش ئەندامیکی پەرلەمان لە يەکی لە پارتەکانی ناو حکومەت چووبو بۆ باکووری عيراق. ئەم وەفدەی تورکيا هەولی ئەوەی دابوو حەوت سەربازی تورك ئازاد بکەن کە بۆ ماوەی چەند مانگيك بوو بە دەستی يەکيك لە گروپەکانی *PKK* ديل کرابوون.

دادگای ئاسايشی دەولەت (بيردال) ی گرتبوو، تاوانباری کردبوو بەوەی کەوا ئەو هەولدانەی لە پيناو بەردانی سەربازە تورکەکان ( پشتگيری کردنە لە ريکخراويکی ناشەرعی - *PKK* -). ماوەی سزادانەکەی دەگاتە پينج سال زيندانی کردن.

سەرۆکی *IHD* يەکيك بوو لە وتاربيژە سەرەکيەکان لە ديدارەکەی پەرلەمانی دانمارك سەبارەت بە تورکيا، لە مانگی نيسان/ ئەپريلی سالی ١٩٩٥، هەروەها يەکيك بوو

لە وتاربێژە سەرەکیەکان لە کۆنفرانسی وەزارەتی دەرەوەی نەرویج سەبارەت بە تورکیا لە هەمان سال.

گرتنی یەکەمین پیاوی بزووتنەوەی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا بەگژداچوونیکی روون بوو، لە کاتیکدا کە *IHD* ئاهەنگی یادی دەسالی دامەزراندنی خۆی دەگیرا.

حکومەتی تورکیا بە گرتنی (ئەکین بیردال)ویستی بەربەستیك لەپیش ئەو زانیاریانە دانی کە باس لە پیشیلکردنی دژی هیزە دیموکراتیەکانی تورکیا دەکەن.

(بیردال) هەر لە پیشوەخت بە هەمان شیوەی (ئەربەکان) ی سەرەك وەزیرانی تورکیا[٢٥] سالیك حوکم دراوە، لەبەر ئەوەی باسی چارەسەریکی سیاسی نەك عەسکەری لە نیوان کوردەکان و حکومەتی تورکیا کردووە.

لە سالی ١٩٩٦ (بیردال) بە بۆنەی هەفتەی ئاشتی جیهانی ووتاریکی لە شاری (مەرسین) دا. ووتارەکەی لە لە لایەن پۆلیسی نهینی تۆمارکرابوو، لە دادگا بە روویان دادایەوە. (بیردال) بۆی نەبوو شریتەکە وەرگری کە لە دادگا بۆیان لیدایەوە. وەکو *IHD* دادگایی کردنەکەی گیراوەتەوە، (بیردال) گوتبووی خەلك لە تورکیا حەزیان لییە بە ئاشتی و برایەتی بژین.

(بیردال) لە ووتە پینج دەقیقەیەکەیدا ئاشتی هیناوەتەوە سەر ئەوەی کە بە تەواوی بە مافەکانی مرۆڤەوە بەندە. باسی ئەوەی کردبوو کە ئەو ناتەباییەی لە خواروی رۆژهەلاتی تورکیا لە ئارادایە، بۆتە هۆی دەستدریژی کردنە سەر مافەکانی مرۆڤ، بەر لە هەموو مافیکیش مافی ژیان.

لە داواکەدا هاتبوو کە (بیردال) هانی رقابەری و دوژمنکاری داوە لەو کاتەی باسی جیاوازی رەگەز و هەریم و ناوچەکانی کردووە.

بە پیی یەکی لە وەرگیرەکانی بالویزخانەی دانمارك، (ئاکین بیردال) رونی کردۆتەوە کەوا لەمیانی قسەکانی گوتویەتی:

---

[٢٥] لە کاتی نووسینی ئەم کتیبە

" لە زۆر ولاتە سەرمایەدارەکان و ولاتە سۆسیالیستەکان شەر لە ئارادایە. بەلام لە هەموو ئەم شەرانە خویناوی تر ئەو شەرەیە کە لە نیو هەریمە جوگرافیەکەی خۆماندایە، ئەو دراما مرۆڤایەتیەی خەلك دووچاری بووە وەکو ئەو زەبرو زەنگەی (سرب) ەکان بەرامبەر بە خەلکی بۆسنیا لە وولاتی بۆسنیا -هیرسۆگۆڤینا. ئەوە ١١ سالە ئەو ناهەقیە بەردەوامە، ئەو شەرەش لە ئەنجامی نەبوونی مافەکانی گەلی کوردە.

گەلی کورد لە ژیر شەریکی پیسدا لە گوند و مالی خۆیان راگویزراون، شەریکی ئەوتۆ کە نزیکەی ٢٠٠٠٠ کەسی تیدا کوژراوە، سەدان گوندی تیدا سووتینراوە.

هەموو کەسی ئەو راستیانە دەزانی: تورکیا کیشەیەکی کوردی هەیە، ئەو کیشەیەی کورد پیویستە بە خیرایی و بە شیوەیەکی دیموکراتیانە و ئاشتیانە چارەسەر بکری. ئەم شەرە بۆتە هۆی ئەوەی کەوا گەلی کورد لە مالی خۆی دەرکریت و زەوی و زاری لی زەوت بکریت. بۆیە پیویستە تورکیا چارەسەریکی ئاشتیانەی ژیانی کوردەکان لە نیو دەستووردا زامن بکات".

بە پیی بۆچوونی داواکاری گشتی، (بیردال) بە دوو شت خۆی تووشی خەتاباری کرووە، یەکەمیان کاتی ئەو سوپایەی لە دژی کۆمەلەیەکی مارکسی _ لینینی شەر دەکا، دەیەوی شتیك دامەزرینی کە ناوی دەنین کوردوستان، ئەو سوپایە بەو زەبر و زەنگە دەشوبهینی کە (سرب) ەکان بەرامبەر بە بۆسنیەکان دەیکەن، دووەمیش کاتی ئەوە دەردەخا کەوا کوردەکان لە ژیر ئەم شەرەی دژ بە تیرۆریستەکان دەکری، لە گوندەکانی خۆیان راگویزراون.

هەروەها داواکاری گشتی (بیردال) تاوانبار دەکا چونکە رایگەیاندووە کە بنەمای شەری ئەو ریکخراوە ناشەرعیە ( مەبەست لە *PKK* یە ) لە سەر نەبوونی مافەکانی گەلی کوردە،(بیردال) ئارەزووی دەربریوە کە ژیانی گەلی کورد بخریتە ریزی ئەو مافانەی لە نیو دەستووردا زامن کراون، لە کاتیکا ژیانی هەموو دانیشتوانی تورکیا لە نیو هەمان ئەم مافانەدایە.

لەگەل بەردانی (بیردال)، مەسەلەی گفتوگۆکانیش لەگەل *PKK* سەبارەت بە بەردانی حەوت سەربازە دیلەکان کۆتایی پی هات، لە مانگی کانوونی یەکەم/ دیسەمبەری سالی ١٩٩٦ (بیردال) توانی سەربازە تورکەکان لە باکوری عیراقەوە لەگەل خۆی بینیتەوە تورکیا.

ئەمەو داواکەی تر لە دادگای ئاسایشی دەولەت هەر بەردەوام بوو.

کە(ئاکین بیردال) لە بەردەمی پەرلەمان[٢٦] و لە کۆنفرانسەکەی ئۆسلۆ لە مانگی ئەیلول/ سیپتەمبەری سالی ١٩٩٦ وتاری دا، باسی پیشنیار و دەستپیشخەریەکی کرد بۆ دانانی گروپیکی کار بۆ ریفۆرم و چاککردنی یاساکانی تورکیا. هەروەها دووپاتی ئەوەی کردەوە کەوا مەسەلەی کورد لە تورکیا لە هەموو بابەتیك زیتر لە ئارادایە و لە هەموو گیروگرفتەکانی تر سەرانسەری ترە، لە هەمان کاتیشدا مەسەلەی دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤیشە. هەروەها گوتی:

" مەسەلەکە بە تەنها مەسەلەی ناسنامەی گەلیك نیە، بەلکو لە تەك ئەمەدا مەسەلەی ژیانیکی سەربەست و شیاوە".

(بیردال) روونی کردەوە کە دەستوور و هەموو یاسا بنچینەییەکان دەگەرینەوە بۆ سالانی هەشتاکان، لەو کاتەی دەسەلات بەدەست سوپاوە بوو. بە رای ئەو، پیویستە هەموو کەسیك لە تورکیا کار بکات بۆ ئەوەی مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ بکاتە کەرستەیەك و یاسای نیودەولەتی بکاتە بناغەیەك بۆ هەموو یاسایەکی ناو وولات.

سەربەستی بیرکردنەوە و سەربەستی ریکخستن و دامەزراندنی پارتی سیاسی و کۆبوونەوە بەستان و خۆپیشاندان و هتد.

هەروەها سەرنجی بۆ ئەوە راکیشا هەموو لایەك دەبی بۆیان هەبی بەشداری ئەم لیدوانە بکەن سەبارەت بە چاککردنی یاساکان.

(بیردال) ریزگرتنی مافی ژیانی بە گرنگترین شت ناو برد.

---

[٢٦] مەبەست پەرلەمانی دانمارکە.

سزای مەرگ و ئەشکەنجەدان و هەموو شیوە سزایەکی نامرۆڤانە پیویستە لە دەستوور و لە یاساکانی تر بە ناشەرعی و نایاسایی بژمیردرین. سەرەرای ئەمەش پیویستە مافی یەکسان بوونی هەر تاکە کەسیك لە نرخ و پلەی کەسییتی و گشت مافەکانی بە بی فەرق وجیاوازی زامن بکری، بی گویدانە زمان و ئاین و رەگەز و نەتەوە و رەچەلەکی کۆمەلایەتی و بیرو باوەری سیاسی. بە کورتی (بیردال) باسی هەموو ئەو مافانەی کرد کە ئیمە وەکو بەدیهیەتیکی رۆژانە لەگەلیاندا دەژین.

باسی نەبوونی بیلایەنی دەسەلاتە دادگاییەکان و نەبوونی زەمانەتی کرد لە بەرامبەر گرتنی خۆرای بی ئەوەی لە توانادا بی پاریزەر بیتە هانا. باسی ئەوەی کرد چۆن یاسای ئەنتی _ تیرۆر ریگای داوە، کەوا خەلك بگیری و سزا بدری لە دەرەوەی دادگاکان.

(بیردال) داوای ئەوەی دەکرد کە هەندی دەزگای بۆ نموونە وەك ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی چیتر لە سەرووی پەرلەمانی تورکیەوە نەبی، ئەو دام و دەزگایانەی سەر بە ئەنجوومەنی ئاسایشن تیك بدرین، ئیتر ئەو کۆنترۆلەی لە سەر ئاین و دابونەریتی کەلتوری هەیە رابگیری. باسی دانانی میکانیزمیکی کۆنترۆلکردنی دەکرد لە بەریوەبەرایەتی کۆمەلگای مەدەنی و ریکخراوە هاوبەشیە مەدەنیەکان و سەندیکاکان، داوای دەکرد زانکۆکان چیتر لە ژیر کۆنترۆل نەبن.

(بیردال) کۆتایی بە باسەکەی هیناو ووتی بۆ ئەوەی ریفۆرمەکان جیگای باوەر بن پیویستە ئەنجامدانی هەموو ئەم گۆرانانە لە لایەن دەسەلاتدارانی راستەقینەی تورکیاوە قبول بکرین.

لیرەدا وەکو لە پیشوش باسمان کرد، ئەرکیکی دیارە کە بۆ نموونە دانمارك یاخود ئەوروپا دەستپیشکەریەك بکەن. پیکهینانی گروپیك لە شارەزا و پسپۆرانی جیهان لەگەل هەندیك ئەندامان کە تورکیا دەستنیشانیان بکات، بە پالپشتی *EU* دەتوانی کۆمەلیك پیشنیار ئامادە بکەن بۆ چاککردنی دەستووری تورکیا.

پەندیك لە قورئان[٢٧] هەیە دەلی ئەگەر پەنجەی بچووك هەوی کرد لەوانەیە ئەم هەوکردنە هەموو لەش دابگریت. بۆیە زۆر پیویستە کۆمەلگای نیودەولەتی پشتگیری ئەو هیزە دیموکراتیانە بکات کە لە ناو تورکیادا هەن _ یەکیك لەو هیزانەش ریکخراوەکەی (بیردال) ە. پیداچوونەوەیەکی ووردی ئەم مەسەلەی دژ بە کەسی (ئاکین بیردال) نموونەیەکی چاکە سەبارەت بە باری دیموکراتی لە تورکیای ئەمرۆدا.

کە سەرۆك وەزیران[٢٨] (پاول نیوروپ راسموسن) لە مانگی شوبات/ فیبریوەری سالی ١٩٩٦ خەلاتی _ گولەباخی بەخشیە (لەیلا زانا)، ئەم خەلاتەی لە لایەن (دیداری نیونەتەوەیی بزووتنەوەی کریکاری) پیشکەش کرا بوو، وتەیەکی دا تیایدا گوتی: "تیکۆشان لە دژی ناهەقی تیکۆشانیکی ئەوتۆیە کە ئیمە هەرگیز دەستی لی هەلناگرین _ چونکە ئەگەر دەستمان لی هەلگرت ئەوا دەستمان لە خۆمان هەلگرت ". ئنجا لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو گوتی: " ئیمە هەرگیز کوردەکان لە بیر ناکەین. ئەوان مافیکی زۆر سروشتی خۆیانە کە زمان و کەلتورە دەولەمەندەکەی خۆیان پیادە بکەن. مافی دەربرین بە زمانی خۆ مافیکی بنەرەتیە. سیاسەتی دانمارك بەرامبەر تورکیا لە سەر دوو سەرنجی سەرەکی راوەستاوە. یەکیکیان پەیوەندی بە بەرەوپیش بردنی پرۆسەی بە دیموکراتی کردن و ریزگرتنی مافەکانی مرۆڤە لە تورکیا، لە نیو ئەمەشدا دۆزینەوەی چارەسەریکی ئاشتیانە و دیموکراتیانەی مەسەلەی کوردە.

دووەمیش بەردەوام مسۆگەرکردنی رینمایی رۆژاواییە بۆ تورکیا نەوەکو خۆی لە ئەوروپا دابریت ". هەلویستی حکومەت و پەرلەمانی دانمارك دیارە: هەلویستی لایەنگیری کردنی دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤە.

بەلام کە مرۆڤ دەبینی وتارە هاوشیوەکەی (بیردال) بە چ ئاکامیکی گەیاند، ئەوساکە دەلیین خۆشبەختانە (پاول نیوروپ راسموسن) ئەم ووتارەی لە تورکیا نەدا.

---

[٢٧] لەوانەیە مەبەست لە فەرموودەیەکی پیغەمبەر بیت.

[٢٨] سەرەك وەزیرانی دانمارك

# مافەکانی کەمە نەتەوایەتیەکان

(بیردال) و هەموو ئەوانەی تر کە دەلین مەسەلەی کورد گەورەترین کیشەی تورکیایە، راست دەکەن. چونکە ئەمە مەسەلەیەکە پەیوەندی بە مافەکانی کەمە نەتەوەیاتیەکەوە هەیە.

(یەشار کەمال) ی نووسەر لە ووتارە بەناوبانگەکەی دەنوسی:

( هاوولاتیە کوردەکانمان زمانی خۆیان گەرەکە - ئەو زمان و کەلتورەی خۆیان کەوا لەت و پەت دەکری. برا کوردەکانمان ئیستا وان لە جەنگدا لە پیناو مافەکانی خۆیاندا. ئەو برا تورکیاییانەمان کە ئیمە هەمیشە لە خۆشی و ناخۆشی بەیەکەوە ژیاوین. لە کاتی شەری سەربەخۆیی ئیمە شانبەشان وەستابووین. ئیمە بە یەکەوە ئەم دەولەتەمان بونیات نا. دەشی مرۆڤ زمانی برای خۆی ببری؟... هۆی ئەم شەرە بە تەنها ئەو کولکەی شیرپەنجەیە: رەگەزپەرستی).

بەلام بابزانین کەمەنەتەوایەتی چیە؟. مانا ئاسایی و باوەکەی - هەروەها لۆژیکیەکەی - چەمکی کەمەنەتەوایەتی ئەو کۆمەلە خەلکە دەگریتەوە کە بەشیوەیەك لە شیوەکان لە زۆرایەتیەکە جیاوازن. بەلام لە لایەنی یاساییەوە ئەوەندە ئاسان نیە تا دەستنیشانی ئەوە بکەیت ئاخۆ کی کەمەنەتەوایەتیە.

بە دریژایی چەندەها سال ناتەباییەکی زۆر هەیە لەسەر پیناسەکردن و دیاریکردنی مافەکانی مرۆڤ و بنەماکانی. بەلام ئەم ناتەباییە شتیکی ئەوتۆ نیە

چونکە ئەوا دەیەها ساڵە ڕێککەوتنێک نیە لە سەر ئەوەی ئاخۆ کەمە نەتەوایەتی لەچوارچێوەی تێگەیشتنی مافی مرۆڤەوە چیە و کێن.

لە نێو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی وەك بۆ نموونە *UN* گفتوگۆی زۆر توند و گەرم کراوە، بە مەبەستی دانانی ڕێ و شوێنێك لە پێناو پاراستنی کەمە نەتەوایەتیەکان و دابین کردنی ماف و بەهاکانیان بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ زۆرایەتیەکان.

ئەمە هەر لەخۆیدا دیارە، کە ئەم جۆرە ڕێ و شوێنانە زەحمەتن بۆ دەوڵەتەکان کە عادەتەن زۆرایەتیەکان نوێنەرایەتیان دەکەن. هەروەها دەوڵەتەکان _ بە واتایەکی تر زۆرایەتیەکان _ خۆیان بە یەکەوە دادەنیشن و لە سەر چەند ڕێ و شوێنێك ڕێك دەکەون بە تایبەت بۆپاراستنی کەمایەتیەکانە. بۆیە شتێکی سەیر نیە کەوا ڕێککەوتنەکە وا زەحمەت بووە _ زۆر جاریش مەحاڵ بووە _ لەسەر ئەوەی چ چەشنە کەمایەتیەك سوود لەم ڕێ و شوێنە تایبەتیانە وەردەگرن. ئەو کەسانەی دانیشتوون و گفتوگۆیان لەم مەسەلەیە کردووە بە هیچ شێوەیەك ویستیان نەبووە، چونکە دەبوایە خۆیان یاخود گروپەکانیان واز لە بەرژەوەندی و پارەوە چەورەکانیان بێنن لە پێناو گروپە کەمایەتیەکان، کە زۆربەی جارەکان نمایندەیان لە نێو گفتوگۆکاندا نیە.

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە دوو چەشنە " پێناسە و دیاریکردنی " کەمە نەتەوایەتیەکان کاردەکات.

یەکەمیان ئەوەیە کە لە پەیماننامەی *UN* دایە سەبارەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان.

لە بەندی ژمارە ٢٧ دا هاتووە: " لەو شوێنانەی کەمایەتی ئیتنی ( نەژادی ) یان ئایینی یاخود زمانەوانی هەیە، ئەوا نابی کەسانی سەر بەم کەمایەتیانە مافی ئەوەیان لێ زەوت بکرێ کە بە هاوبەشی لەگەڵ ئەندامانی گروپەکەی خۆیان ژیانی کەلتوری خۆیان بژین، یان باوەر بە ئایینی خۆیان بێنن و جیبەجیی بکەن، یاخود زمانی خۆیان بەکار بێنن."

دووەمیان لە بەندی ١٤ ی پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤ لە ئەوروپا هاتووە:

" پێویستە کەلك و چێژ بینـین لەم ماف و ئازادیانەی لەم پەیماننامەیە دانیان پێدا نراوە، دابین بکرێت، بەبێ جیاوازی بە هۆی نێر و مێیەتی، رەگەز، رەنگ، زمان، بیروڕای ئایینی، سیاسی، بنەچە و رەچەڵەکی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی، سەر بە کەمە نەتەوایەتیەك بوون، سامانداری، هەلومەرجی لە دایکبوون یاخود هەر هەلومەرجێکی تر."

زاراوەی کەمە نەتەوایەتی لە بەڵگەنامەکانی *CSCE* [٢٩]، هەروەها لە پەیماننامەی *UNESCO* [٣٠] بەکار هێنراوە بۆ وەستان لە دژی جیاوازی کردن لە بواری فێرکردندا. هەروەها بەندی ژمارە ٣٠ لە پەیماننامەی منداڵانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە ووردی باس لە پاراستن دەکا لە ژێر یەك هەلومەرجدا.

بەم شێوەیە دەبینین ئەم جۆرە زاراوەیە زۆر بەکاردێن وەکو کەمایەتی نەتەوە، کەمایەتی زمان، کەمایەتی رەگەز، دانیشتوانی ئەسڵی و ئینجا ئەو کۆمەڵانەی خۆیان بە کەمە نەتەوایەتی نازانن، بەڵکو خۆیان بە نەتەوە دەژمێرن، وەکو بۆ نموونە کورد لە تورکیا و فەلەستینیەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

جگە لەمانە لە پەیماننامە نێودەوڵەتیەکانی تردا زاراوەی تریش دێنە پێش وەکو گروپی ئێتنۆلۆگی و ئایینی. لە هەمان کاتدا ئەم پێناسەکردنانە لاوازیەکی زۆریان تێدا بەدی دەکرێ، ئەگەر رێکەوتنێکی بەدوادا نەیەت سەبارەت بە هەندی پێوەر و مەرج بۆ هەر گروپێك کە کەی و چۆن دەکەوێتە ناو چوارچێوەی پێناسەکان.

کە مرۆڤ تەماشای بارۆمەتری واقیعی سیاسی دەکات، بە کێشە گرگرتووەکانی کەمە نەتەوایەتیەکانەوە لێرە و لەوێ، دەبینێ دەرفەتی سیاسی بۆ رێککەوتن لەسەر

[٢٩] ئەنجوومەنی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپا.

[٣٠] رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و کەلتور.

پێناسەکردنێکی دیار و ئاشکرای کەمە نەتەوایەتیەکان _ ئینجا پاراستنیشیان _ لە ئایندەیەکی نزیك، زۆر کەمە.

ئەم ریکنەکەوتنە سەبارەت بە پیوەر و مەرجەکان لە راستیدا مانای ئەوەیە، هەندی وولات لەبەر هۆی سیاسی یاخود هۆی تر نایانەوی پاریزگاری گروپیکی دیاریکراو بکەن. ئیتر بەم جۆرە ریزگرتنی مافەکانی کەمەنەتەوایەتیەکان ناکەنە ئەرك و نایانخەنە ئەستۆی خۆیان.

بەم شیوەیە ئیتر وولاتیك دەتوانی بلی کەوا ئەم لەگەل پرینسیپەکاندایە، بەلام کەمەنەتەوایەتی لە نیو چوارچیوەکانی سنووری ئەمدا نیە.

تورکیا نموونەیەکی کلاسیکیە لەم بوارەدا. لە دەستوورەکەیدا تەنها باسی یەك نەتەوە و یەك زمان هاتووە. بەلام فەرەنساش لەبەر هەمان هۆ خۆی دوورگرت لە بەندی ۲۷ لە پەیماننامەی *UN* سەبارەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان. فەرەنسا لە کۆبوونەوەی *CSCE* سەبارەت بە کەمە نەتەوایەتیەکان لە سالی ۱۹۹۰ خۆی لە (بەلگەنامەی کۆپنهاگن) بە دوورنەگرت، کە لەوانەیە بە هەنگاویکی لەپیش بژمیردری. کەچی بولگاریا و یۆنان و تورکیا خۆیان بەدوور گرت.

هۆی یەکەمی ترسی حکومەتەکانی ئەم وولاتانە لەوەدایە کە بوونی کەمە نەتەوایەتیەکان هەمیشە مەترسین بۆ سەر یەکپارچەیی وولاتەکانیان.

دیارە لایەنە باشەکانی فرە کەلتووری و کارلەیەککردنی سوودبەخش و پر بەرهەمی نیوان چەند کەلتوریکی جیاجیا، کار ناکاتە سەر بیری سیاسی دەسەلاتدارەکان.

زۆر جاران هەولی ئەوە دراوە چوارچیوەیەك بۆ مەسەلەی گروپە کەمایەتیەکان دابنری.

لە پەیمانی ئاشتی سالی ۱۹۱۹ لە نیوان هاوپەیمانەکان و بولگاریا، بەشیك هەیە سەبارەت بە پاراستنی کەمایەتیەکان. بۆ لیکدانەوەی مانای زاراوەی *community*، لە

سالی ١٩٣٠ پرس بە دادگای نیودەولەتی دەکری. بۆچوونەکەی دادگا لەم رووەوە نموونەیەکە بۆ دارشتنی ئەو چوارچیوەیەی لەسەرەوە باسمان کرد.

" بە پیی مانای باو *community* مانای کۆمەلە کەسانیك دەگەیەنی، کە لە وولاتیکی دیاریکراودا یاخود لە هەریمیکدا دەژین و رەگەز و ئایین و زمان و داب و نەریتی خۆیان هەیە، نیشانەی جیاکەرەوەی لەمەر رەگەز و ئایین و زمان و داب و نەریت یەکیان دەخات، لە نیو چوارچیوەی گیانی هاریکاری، لەسەر بناغەی پاراستنی داب و نەریتەکان، دەستگرتن بە شیوەی خواپەرستی خۆیان، دابین کردنی فیربوون و پەروەردەی مندالەکانیان بە گویرەی گیانی رەگەز و داب و نەریتەکانیان، یارمەتی دانی یەکتریان."

ئەمە یەکیکە لە جوانترین بەلگەنامە نیودەولەتیەکان لەمەر مافەکانی کەمە نەتەوایەتیەکان، چونکە لەم بۆچوونەدا ئاماژە بۆ ئەو هۆیە سەرەکیە دەکریت کە وای کردووە پاراستنی کەمایەتیەکان پیویست بیت ، دیارە مەبەست لە گرنگترین پیداویستی مرۆڤایەتیە، ئەویش ئەوەیە مرۆڤ سەر بە گروپیکی کەلتوری بیت.

لە نیو بواری *UN* یشدا هەول دراوە پیناسەیەکی وردتری گروپی کەمایەتیەکان بکریت.

لە سالی ١٩٧٩ کۆمەلیکی راپۆرت دانەر، راپۆرتیکیان بۆ *UN* ئامادە کرد کە تیایدا بە پیی بەندی ژمارە ٢٧ ی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان ئەم پیناسەیەی خوارەوەیان بۆ گروپی کەمایەتیەکان داناوە:

" ئەمانە گروپیکن لە نیو دەولەتیکدا، لە لایەنی ژمارەوە لە باقی دانیشتوان کەمترن، شوین و پایەیەکی دەسەلاتداریان نیە، ئەندامەکانی ئەم گروپە کە هاوولاتی ئەم دەولەتەن تایبەتمەندیەکی رەگەز و ئایین و و زمانەوانیان هەیە کە لە خەلکەکەی تر جیایان دەکاتەوە، بە شیوەیەکی دیار یان نادیار هەستی هاوکاری خۆیان دەردەبرن بەرامبەر پاراستنی کەلتور و داب و نەریت و ئایین و زمانی خۆیان."

ئەو مەسەلەی (نەبوونی شوین و پایەیەکی دەسەلاتداری) ئاماژەیەك بوو بۆ وولاتی خوارووی ئەفریقیای ئەوکات، کە کەمایەتی دەسەلاتیان بەدەست بوو، بۆیە نەدەکرا داوای پاراستنی کەمایەتی بکەن.

ئیتر بەم شیوەیە ئەم پیناسەیە هەرگیز نەگەیشتۆتە ئەوەی پشتگیری لی بکریت لە لایەن ئەو ولاتانەی تا ئیستاش بەردەوام خۆیان بە بەندی ژمارە ٢٧ نابەستنەوە.

ئەگەر تەماشایەکی ئەوروپا بکەین دەبینین ئەم جۆرە پیناسەیە کیشەی بۆ دەسەلاتدارە تازەکانی بۆ نموونە (ئیستۆنیا) و (لاتڤیا) ناوەتەوە، کە کەمایەتیەکی بە رەگەز رووسی زۆر گەورەیان تیدایە، وەکو کەمە نەتەوایەتیەك لە زۆربەی مافەکانیان بیبەش کراون.

گەورەترین دوو کۆرو کۆمەلی ئەوروپی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر مەسەلەی کەمایەتی و مافەکانی مرۆڤ *UN* و *OSCE* ین.

لە کاتی خۆی *CSCE* لە سالانی حەفتاکان لە کۆبوونەوەکانی هیلسنکی هاتە دروست بوون، کە ئیستا بۆتە *OSCE* _ ریکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپا.

یەکیك لە مەودا مرۆڤایەتیەکانی *OSCE* مەسەلەی ریزگرتنی مافەکانی مرۆڤە، کە بابەتی کۆمەلیك کۆبوونەوەی تایبەتی بوون. لەم کۆبوونەوانەدا یاسا و ریساکانی *OSCE* بۆ پاراستنی کەمایەتیەکان پەرەیان پیدرا.

یەکیك لە پرینسیپە گرنگەکانی شیوەی کارکردنی پرۆسەی *OSCE*، پرینسیپی تەبایی تەواوە، بە شیوەیەك پیویستە تەواوی وولاتانی بەشدار ریککەون لەسەر ناوەرۆکی دیکۆمەنتە جیاجیاکانی *OSCE*.

سەرەرای ئەمەش جیی بایەخە لیرەدا سەرنجی ئەوەش بدەین کە دیکۆمەنتەکانی *OSCE* دیکۆمەنتی یاسایی بەستەوەر نین وەکو پەیماننامەکانی *UN*، بەلکو زیتر دیکۆمەنتی سیاسی ئەخلاقین.

گرنگترین خال لە پاراستنی کەمایەتیەکان لە لای *OSCE* ئەوەیە، پی لەسەر ئەوە دادەگریت مەسەلەی کەمایەتیەکان مەسەلەیەکی نیودەولەتیە. ئەمە لە راستیدا هەنگاویکی یەگجار لە پیشە بۆ پاراستنیکی کاریگەرانەتری کەمایەتیەکان، ئیتر بەم شیوەیە دووپاتی ئەوە دەکریتەوە کەوا مامەلەکردنی وولاتان لەگەل دانیشتوانە کەمایەتیەکانی خۆیان ئیتر تەنها بە مەسەلەیەکی ناوخۆ ناژمیردری. بە واتایەکی تر ئیستا دەولەتان دەتوانن خۆیان تیکەلی کاروباری دەولەتیکی دیاریکراو بکەن سەبارەت بە شیوەی مامەلە کردنی گروپە کەمایەتیەکان لە لایەن دەولەتی ناوبراو.

خالیکی تری گرنگ ئەوەیە کەوا *OSCE* ئەوەی چەسپاندووە کە گروپە کەمایەتیەکان پیویستە مافی ئەوەیان هەبی لە بەرامبەر تواندنەوەی بەزۆر بوەستن و بەرەنگاری بکەن.

ئیتر نابی خەلکانی تر زۆری ئەوەیان لی بکریت تاکو شیوەی ژیان و نەریتی خۆیان بگۆرن بە مەبەستی ئەوەی وەکو هی زۆرایەتیەکەی لی بیت.

خالی لاواز و بیهیزی پرۆسەی *OSCE* سەبارەت بە کەمایەتیەکان لەوەدایە کە تەنها کار بە زاراوەی " کەمە نەتەوایەتی" دەکری.

بەم جۆرە کوردەکان لە تورکیا لە لایەنی تیۆریەوە لە نیو هەریمەکانی *OSCE* پاریزراون، بەلام ئەم کۆمەلانە ناگریتەوە کە خاکی خۆیان بەجی هیشتووە و لە شوینی دیکە دەژین بۆ نموونە قەرەجەکان و مهاجیرەکان و پەنابەرەکان.

لە کۆبوونەوەکانی *OSCE* لە هیلسنکی لە سالی ۱۹۹۲ کۆمەلیك بریار وەرگیرا سەبارەت بە کەمە نەتەوایەتیەکان، بە تایبەتیش کۆمیسیریکی بالای *OSCE* تایبەت بە کەمە نەتەوایەتیەکان دامەزرا. بەلام یەکی لە لایەنە بیهیزیە گرنگەکانی دەسەلاتی کۆمیسیرەکە لەوەدایە کە ناتوانی لە کاتی روودانی هەندی جۆرە رووداو کار بکات، وەکو ئەوانەی ناویان ناون " رووداوە تیرۆریزمیە نەخشەکیشراوەکان ".

ئـەم بریـارە لــە ئــەنجامی پیداگرتنــی تورکیــاوە تیئــاخنرا، کــە تیــایدا هــاتووە، کۆمیسیری بالا بۆ نموونە ناتوانی کاربکات لە مەسەلەی ئــەو کیشە تورکـی _ کوردیـەی وا لـە ئارادایـە. لـیرەدا باسـی *OSCE* مـان بـە دوور و دریــژی کــرد، چونکــە ئــا لــیرەدا پۆزەتیـف تریـن پیشـکەوتن لـە مـەر گروپـە کەمایەتیـەکان روویــداوە. لــەم دوادواییــە ئەنجوومەنی ئەوروپیش تۆزی جوولایەوە.

لە مانگی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری سالی ١٩٩٤ کۆمیتەی وەزیرانی ئەنجوومـەنی ئـەوروپا بریـاری پەیماننامەیـەکی دیـاریکراوی (پەیماننامـەی چوارچیوەیـی) [٣١]دا، سەبارەت پاراستنی کەمە نەتەوایەتیەکان لە ئەوروپا. ئامانجی پەیماننامەکە پاراسـتنی ئەو کەسانەیە کەوا سـەر بـەو کەمایەتیانـەن و لـە وولاتـانی ئـەوروپا نیشـتەجین، بـەم جۆرە ئەمە دەبیتە بەشداری کردنیك بـۆ پاراسـتنی سـەقامگیری و ئاشـتی و ئاسـایش و دیموکراتی لە ئەوروپا.

لـە پەیماننامەکـەدا پـی لەســەر ئــەوە داگـیراوە کــەوا ئــەم پاراســتنە ریزگرتنــی ناسـنامەی نـەژاد و کــەلتور و زمــان و ئــایینی کەمایەتیــەکان دەگریتــەخۆ. هــەروەها سەرەرای ئەمەش دەبی مەرجـە پیویسـتیەکان دابـین بکریـن بـۆ ئـەوەی کەمایەتیـەکان توانای دەربرین و پاراستن و پەرەپیدانی کەلتور و ناسنامەی خۆیان هەبی. ئەمە ئـەوە دەگەیەنی کە پەیماننامەکە هیندی پرنسیپ دەچەسپینی بـۆ چۆنیـەتی مامەلـەکردن و پاراستنی ئەو کەسانەی سەر بە کەمە نەتەوایەتیەکانن. بریارەکانی نیـو پەیماننامەکـە ریبازیك دیاری دەکەن تا دەولەتەکان لەسەری برۆن بـۆ گەیشـتن بـەو ئاسـتەی پاراسـتن کە ئاواتیانە.

لەبەر ئەم هۆیە زۆربەی بریارەکان لە شیوەی ئامانج راگەیاندنن، یاخود داواکارین بەلکو دەولەتەکان فـەرمان و دەسـتووری ئـەوتۆ بخەنـەکار بـە مەبەسـتی دابـین کردنـی مافەکانی کەمایەتیەکان. ئەم مافانە بە پیی پەیماننامەی کەمایەتیەکان بـە مـافی تاکـە

---

[٣١] ئەو پەیماننامەیە کە تەنهاچوارچیوەی مەسەلەیەك دەگریتەوە و بە دریژی ناچیتە ناواخنی بابەتەکان.

کەس دەژمێردرێن. بە واتایەکی تر مەبەست پارێزگاری کردنی تاکی سەر بە کەمە نەتەوایەتیەکانە. کەمە نەتەوایەتیەکان بەم شێوەیە وەکو کۆمەل پاراستن وەدەست ناهێنن. زۆربەی مافەکانی پەیماننامەکە دووپاتکردنەوەی هەمان ئەو مافە سەربەستیانەن کە لە پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤی ئەوروپادا هاتوون، وەکو مافی سەربەستی دەربرین و یەکسانی لەبەردەم یاسا و مافی فێربوون.

وەکو خالیکی تایبەت پەیماننامەی چوارچیوەیی جەخت لەسەر لایەنی پەیوەندی و هاموشۆیی دەکات.دان بە مافی کەمایەتیەکان دەنری کە لە بۆنەی تایبەتو گشتی بە قسە یاخود بە نووسین زمانی خۆیان بەکار بینن. هەروەها پیویستە دەولەت ئەوە دابین بکات کە زمانی کەمایەتیەکان بەکار بیت لە کاتی پەیوەندیکردن بە دەسەلاتە ئیداریەکان. سەرەرای ئەمەش پیویستە دەولەت مافی بەکارهینان و زانیاری گەیاندن بە زمانیك مسۆگەر بکات کە ئەو کەسانە تییان بگەن، سەبارەت بە کیشەکانی بەردەم دادگا لە مەسەلەی گرتن و شکات کردن و داوا خستنەرو. لەم رووەوە پەیماننامەکە مسۆگەریەکی ئەوتۆ زیتری تیدا نیە لەوەی لە نیو پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا هەن.

بەلام پەیماننامەی چوارچیوەیی لە ناوەرۆکیدا مافیکی تیدایە بۆ ئەو کەسانەی سەر بە کەمایەتیەکانن، کە بتوانن ناو و نازناو بە زمانی خۆیان بەکاربینن.

دەولەت پیویستە بە رەسمی دان بە بەکارهینانی ئەم ناوانە بنی.

ئەمە ئەو ناوانەش دەگریتەوە کە لە سەر تابلۆ گشتیەکاندا دەنووسرین... هتد.

هەروەها ئەرکی سەر شانی دەولەتە کە یەکسانیەکی تەواو و کاریگەر پیادە بکات لە نیوان کەمایەتیەکان و زۆرایەتیەکان لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی و کەلتوری.

سەرباری ئەمەش پیویستە دەولەت دەرفەت برەخسینیت بۆ ئەو کەسانەی سەر بە کەمایەتیەکانن تا بتوانن چالاکانە بەشداری ژیانی کەلتوری و ئابووری کۆمەلایەتی

کۆمەڵگا بکەن، لەگەڵ کاروبارە رەسمی و گشتیەکان کە بە تایبەتی پەیوەندیان بە کەمایەتیەکانەوە هەیە. بە هەمان شیوە ئەرکی سەرشانی دەوڵەتە کەوا کەلتور و ناسنامەی کەمایەتیەکان بەرەو پیش ببات.

جگە لەمەش پەیماننامەی کەمایەتیەکان بە ئەرکی دەوڵەتی دادەنی کە ری و رەسمی پیویست بگریتەبەر بۆ پاراستنی ئەو کەسانەی دەکەونە بەر شالاوی هەرەشە و مامەڵەی ئەوتۆ کە مۆرکی فەرق و جیاوازی و دوژمنکاری و توند و تیژی پیوەیە، کە هۆیەکەی لە بنەرەتدا دەگەریتەوە بۆ نەژاد یان کەلتور یان زمان یاخود ئایین.

هەروەها داوا لە دەوڵەت دەکری کەوا سەرەرای جیاوازی داب و نەریتە کەلتوریەکان، بە شیوەیەکی گشتی گیانی لیبوردن و گفتوگۆ بەرەو پیش ببات.

لە کۆتاییدا هەر کەسیکی سەر بە کەمایەتیەکان پیویستە مافی تەواو ئازادی هەبی کە خۆی بریاری ئەوە بدات وەکو کەمایەتیەك مامەڵەی لەگەڵدا بکریت یان نا، ئەم بریارە نابی ببیتە هۆی ئەوەی ئەم کەسە زیانی پیبگات لەو کاتانەی ئەم مافانە بە پلە و پایەی ئەو کەسەوە بەند بن.

# رۆلی کۆمەلگای مەدەنی

ئەگەر پەیماننامەی چوارچیوەیی ئەوروپا سەبارەت بە مافەکانی کەمە نەتەوایەتیەکان لە لایەن تورکیاوە مۆر بکریت و لە لایەن پەرلەمانی تورکیاوە پەسەند بکریت، لە نیو یاساکانی تورکیا و دەزگا دادگاییەکاندا کاری پی بکریت، ئەوا بۆی هەیە تورکیا لە ئەندامیەتی تەواوی *EU* زۆر نزیك بکەویتەوە، کیشە چەکداریەکەی چەندین سالەی لەگەل کوردەکاندا لە یەخە بیتەوە. بۆیە ئەرکیکی سیاسیە توندی لەگەل تورکیا بنوینریت، بۆ ئەوەی ئەم دوکۆمەنتە بە هەند هەلگری. تا ئەو کاتەی ئەم کارە ئەنجام دەدری ، دەتوانری نەك لە لایەن دەولەتەکانەوە بەلکو لە لایەن خەلکی ترەوە، پشتگیریکردنی هیزە دیموکراتیەکانی ناو تورکیا وەدی بهینریت.

بەریوەبەری سەنتەری دانمارکی مافەکانی مرۆڤ (مۆرتن کییەروم) سەبارەت بە توانای بەشداریکردن لە چارەسەری کیشەی کەمایەتیەکان نووسیویەتی:

"خۆپاراستن لە کیشەی چەکدار و چارەسەرکردنی ئەم جۆرە کیشانە ناکری بە تەنها بۆ حکومەتەکان و لیکدانەوە تەکتیکیەکانیان بەجی بهیلدریت. مەسەلەی شەر و ئاشتی نابی چیتر بەو جۆرە ببینریت وەك ئەوەی یاری شەترەنج بیت لە نیوان دوو لایەندا، بەلکو پیویستە زیتر وەکو بازاریك ببینریت، کە چەندەها کەس رۆلی تیدا دەبینن و هەریەکەو بۆ بەرژەوەندی خۆی بە لایەکدا رایدەکیشیت.

بەرژەوەندیە ئایینی و نەژادی و سیاسی و ناوچەییەکان هەمیشە بەهیز دەبن و ووزەی تازەیان تیدەکەویت و بە شیوەیەکی زۆر ئالۆز خۆیان دەسەپینن. ئەم

بەرژەوەندیانە بە چاك و خراپیانەوە زۆر ئالۆزترن لەوەی ڕەنگیان هەر تەنها ڕەش و سپی بێت.

توند و تیژی و دژایەتی لە كۆمەڵگای مەدەنی دەبێتە بەشێك لە بنەمای كێشەكە. بەشی هەرە زۆری قوربانیەكانی كێشە توند و تیژەكانی نێوان دەوڵەتان لەم سەدەیەماندا، دانیشتوانە مەدەنیەكان بوونە. لە كێشە ناوخۆییەكانیشدا هەمان هەلومەرجە و بگرە خراپتریش".

لەو وەزعەی لە توركیا لە ئارادایە، لە پێناو چارەسەركردنی كێشەكە دەسەڵاتدارانی توركیا و دوژمنەكانیان، واتا هەردوو لا، پێویستیان بە یارمەتیە لە لایەن چەند هێزێكی ئەوتۆوە كە هیچ نیازێكی شارەوەیان نەبێ.

(مۆرتن كییەروم) ئەم هەڵسەنگاندنەی خوارەوەی هەیە:

"لەم ساڵانەی دواییدا ڕێكخراوە مەدەنیەكان *CSO* [٣٢] ڕۆڵیكی یەكجار مەزنیان گێراوە لە بواری بەرەو پێش بردنی مەسەلەی مافەكانی مرۆڤ و ڕێكخستن و پێشكەشكردنی یارمەتی مرۆڤایەتی و بلاوكردنەوەی زانیاری لەمەر یاسای مرۆڤایەتی وخولقاندنی گۆڕانكاری كۆمەڵایەتی و ئابووری. *CSO* كان وەكو ئەڵقەی بەستنەوەن لە نێوان كۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەتەكان و سیستەمە نیمچە ڕەسمیەكان.

*CSO* كان زۆر هێز و توانای مرۆڤی و مەتریالیان تێدایە، كە لە توانا دایە لە كاتی تەنگ و چەڵەمەدا بە چاك بەكار بهێنرێن، بۆ نموونە وەك بەربەستێك لەبەردەم سەرهەڵدانی كێشەكان."

وەكو لەوە پێش لە بەشەكەی (ڤیللۆ سیگوردسن) یش باسكرا، هەر لە ساڵی ١٩٩١ وە دەستپێشكەریەكی دانماركی لە كاردا بووە، لە لایەكەوە تۆڕێكی پەیوەندی لەگەل پارت و ڕێكخراوە توركی و كوردیەكان چنیوە، لە لایەكی تریشەوە كاری گشتگری ئەنجام داوە سەبارەت بە بلاوكردنەوەی زانیاری لەمەر بارودۆخی توركیا بە گشتی و

[٣٢] Civil Society Organisations

ئەو کیشەیەی لە ئارادایە و گۆشەنیگای لایەنەکانی ئەم کیشەیە. ئەم کارە دوو ئەرکی لەسەر شان بووە: گەیاندنی زانیاریەکان و خولقاندنی گفتوگۆ.

ئەو راپۆرتانەی لیژنەکانی ساغکردنەوەی راستیەکان کە بۆ نموونە لە لایەن *UN* وە لەبارەی کیشەیەك ئەنجام دەدرین، لە زۆر حالەتدا نهینین و هەموو دەم ناگەنە دەستی لایەنە نارەسمیەکان.

دەستپیشکەریەکەی دانمارك هەولی داوە کە گشت کۆبوونەوەکانی لەگەل وەزیرەکانی تورکیا و سەرەك پارتە کوردیەکان لە راپۆرت و شیکردنەوەی گشتی ئەوتۆ بنووسرینەوە کە هەموو کەس دەستی بیانگاتی. بەم جۆرە ئیمە هەولمان داوە تیگەیشتنیك لەمەر ئالۆزی کیشەکە بخولقینین، تاوەکو چاو ببردریتە دۆزینەوەی چارەسەری سیاسی.

لە دوای ئەمەشدا ئیمە چەندەها پیشنیارمان خستە روو بۆ دەستکردن بە پرۆسەی دامرکاندنەوەی کیشەکە، کە لە توانادا بوو ببنە هاندەری داهینانی گەورەتر لە ناوچەکە بۆ دۆزینەوەی چارەسەریکی ئەم کیشەیە.

ئەنجامی ئەم کارە بۆتە پیشنیاریکی ئەوتۆ لە هەردوو لایەنی تورکی و کوردیەوە بۆ ئەوەی ئیمە بکریین بە نیوانیکاری چالاك. ئیمە وەکو گروپیکی مەدەنی لە توانامدا بووە بگەینە نوینەرانی کۆمەلگای مەدەنی وەکو بۆ نموونە ریکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا، لایەنەکانی کیشەکە هەروەکو بۆ نموونە (لاسە بۆدتز) کۆبوونەوەی لەگەل سەرۆکی *PKK* کرد.

گروپە مەدەنیەکان بە حوکمی شوین و پایەی خۆیان وەکو لایەنیکی سییەمی نارەسمی دەتوانن هەلویستیك بخولقینن کە لە لایەن هەردوو لاوە جیگای باوەربیت، بەم شیوەیە گفتوگۆیەك بەرپا بکریت. ریکخراوە مرۆڤایەتیەکانیش دەتوانن لە هەردوو لاوە ئەو کەسانە کۆکەنەوە کە رای گشتی دروست دەکەن، وەکو رۆژنامەنووسان

و نووسەران و سیاسەتمەدارەکان و زۆرانی تر، ئیتر ئەوانەش دەتوانن بەشداری بکەن لە بەرپاکردنی گفتوگۆ.

زۆرجاران زەحمەتە بۆ ریکخراوە نیمچە رەسمیەکان بتوانن ئەو رۆلە بگیرن لەبەر سروشتی ناوەوەی کیشەکە.

(مۆرتن کییەروم) بەم جۆرە باسی ئەم مەسەلەیە دەکات:

" رۆلی لایەنی سییەم زۆربەی کات دەبیتە یارمەتیەك، لە کاتیکدا ئەو لایەنانەی لە کیشەکەوە ئالاون زۆر جار هەر توانای ئەوەیان هەیە تەنها دوینی و ئەمرۆ ببینن، چونکە ئەو هەلویستە نەگۆر و چەقیوە وادەکا زەحمەت بیت بتوانن پیش چاوی خۆیان ببینن. بە هەمان شیوە زۆربەی لایەنەکان تا رادەیەك زیتر مەیلیان لییە باسی _ لایەکەی تر بکەن _ لەوەی باسی خۆیان بکەن. ئەمەش لە جیاتی بیرکردنەوەیەکی بونیاتنەر، بیرکردنەوەیەکی نیگەتیڤ دروست دەکات. بەم چەشنە کیشەکە لە جیاتی ئەوەی بکریتەوە و چارەسەر بکریت، هەر بە داخراوی و چەقیوی دەمینیتەوە".

# گفتوگۆ سوودی بۆ مافەکانی مرۆڤ هەیە

ئەو بارودۆخەی خواروی رۆژهەلاتی تورکیا کە لە شەری ناوخۆ دەچی، لە فراوانبوون دایە. کاری تیرۆر لە لایەن سوپای تورکیا و بزووتنەوە کوردیەکەی *PKK* وە ئەنجام دەدری. زیتر لە ٤٠٠٠٠٠ سەرباز لە شەریکی توند دان لە بەرامبەر ٣٠٠٠٠ پیشمەرگەی *PKK*. لە نیو خەلکی ئاساییدا لە تورکیا خەریکە (دەردە _ ڤی تنام) یك پەیدا دەبی، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە خەلکی مەدەنی و سەربازی لە شەرەکەدا دەفەوتین و دەبنە قوربانی.

سزای زیندان و بەندکردن بە سەخاوەتی بەسەر خەلکدا بەش دەکریت. دیهاتە سووتاوەکان بابەتی گفتوگۆی سیاسی رۆژانەن لە نیو پەرلەمانی تورکیدا. چەندەها سالە وا مافەکانی مرۆڤ بەو رادە فراوانە پیشیل دەکرین، بەلام خالی هەرە گرنگ ئەوەیە کیشەکە وا خەریکە بەرەو رۆژاوا رووەو ئەنقەرەی پایتەختی حکومەت دەگوازریتەوە. ئەمرۆ لە ناوچەی سیواشدا دیارە سوپا کەوتۆتە راونانی دانیشتوانە کوردەکان لە رۆژهەلاتەوە، و مرو لە میانەی لیدوانە سیاسیەکاندا گوییبیستی ئەو ترسە دەبی، کە *PKK* ستراتیژیەتی خۆی دەگۆری و دەست دەداتە شەریکی راستەقینەی گەریلای _ ناوشار لە تورکیا.

بۆیە زۆربەی پارتەکان سەرقالی ئەوەن قاسید و یارمەتی رەوانەی ناوچەکانی شەر بکەن، پرۆگرامی ئاوەدانکردنەوە ئامادە بکەن و ئەو دەستدریژیانە بدەنە دادگا کە لە لایەنی سوپاوە کراون.

بە پیی قسەکانی *Ilnur Cevik* نووسەری بەرپرسی رۆژنامەی *Turkish Daily News* کە بە زمـانی ئینگلیزی دەردەچی، ئـەو شـەرەی نـاوخۆی تورکیـا سـالانە حـەوت ملیـار دۆلاری تیدەچی. ئەو پارەیە هیندەی تەواوی ئەو پارە سەربارەیە[٣٣] کەوا تورکیـا سـالانە دەیداتە خاوەن قەرزە بیانیەکان.

هـەروەها ئـەو پارەیـە زۆرتـرە لـە سـەرجەمی گشت ئـەو پارانـەی لـە فرۆشـتنی بلیتەکانی یانسیب دەبرینەوە لەسەر جادەکان لە تەك کچۆلە تورکەکەی ئەنقەرە.

ئەمە بیگومان ئەوە دەگەیەنی، کە ئەم هـەموو پـارە زۆرە دەچیتـە گیرفـانی چـەن کەسـانیکی وەکـو بازرگانـانی شـەر، سـەرکردە سـوپاییەکان، کۆمەلـەکانی مافیـا، سیاسـەتمەدارەکان، خـاوەن زەوی و زارە گـەورەکان. ئەمانـە لـە ئـەنجامی سـەربرینی تراژیدیانەی روو لە زیادی خەلکە مەدەنی و بیگوناهەکە، پارەیەکی خویناوی دەچنن.

ریکخـراوی مافـەکانی مـرۆڤ لـە تورکیـا رایدەگەیـەنی، هـەر لـەو سـاوەی ریککەوتننامەی گومرگی نیوان *EU* و تورکیا کەوتە کار لە کانوونی دووەم/ ژانـوەری سالی ١٩٩٦، دەستدریژیەکانی سەر مافەکانی مرۆڤ بە سیستەماتیك لە زیادیدا بـووە. هۆیەکەی ئەمەش دەگەریتەوە بۆ ئەوەی سوپا و پۆلیس زیتر مەیدانیان بۆ خۆش بووە لەبەر بەردەوام دووبارە بوونەوەی راوەراوی سیاسی بـە دوای دەسـەلات و گۆرانـی خـیرا خیرای حکومەتەکان و وەزیرەکان.

هەر لەبەر هەمان هۆ بـوو *EU* بـە ملیارەهـا پـارەی راگـرت، کـە نیـاز بـوو بدریتـە تورکیا لە ئەنجامی ریکەوتننامەی یـەکییتی گومرگـی. بـەلام لـە هـەمان کاتدا دژایـەتی کردنـی مـافی ناسـنامە و مـافی ژیـانیکی شایسـتە بـۆ گـەلی کـورد، گـەورەترین دیـاردەی تورکیایە.

نەتەوەی کورد لە تورکیا بیبەری کراوە لەوەی بە گویرەی کەلتوری خۆی بژی.

گەلی کورد کەوتۆتە بەر شالاوی راونان بە هۆی کەلتوری خۆیەوە.

---

[٣٣] فائدە

مرۆڤی کورد هەر لەو ساتەی بە تازەیی لە دایك دەبی فەرق و جیاوازی دەرهەق دەکری. ئەمە ترسناکترین و بەسامترین تاوانە لە دژی مرۆڤدا دەکری. ئەمە پیی دەگوتری ئەپارتاید و رەگەزپەرستی. ئەم مەسەلەیە لە چەندین پەیماننامەی نیودەولەتیدا هاتووە کە تورکیا خۆی مۆری لەسەر کردوون.

لە دوای باسکردنی ئەم هەموو راستیە ترسناکە، گرنگە ئەوە دووپات بکریتەوە کە سەرەرای ئەم نموونە تۆقینەرانە، هیشتا لایەنی چاکەخواز لە لایەنی خراپەخواز زیترە لە جیهاندا، بە هەمان شیوە لە تورکیاشدا.

هەروەکو لەو بەشەی (لاسە بۆدتز) نووسیویەتی هاتووە، منیش بەشداری چەندین وەفدی *NGO* ی دانمارکم کرد بۆ تورکیا، لەویدا لەگەل سەرکردە سیاسیەکانی تورکیا قسەمان کرد.

لە سەردانیکدا (حیکمەت چەتین) ی وەزیری دەرەوە و جیگری سەرەك وەزیرانی پیشوو پیی گوتین کەوا تورکیا گیروگرفتی مەسەلەی گۆرانکاری دیموکراتی هەیە، ئەو خۆی حەز دەکا کۆمەلیك بەند و پەرەگرافی دەستوور هەیە، پیویستە یان ئەوەتا لابرین یاخود هەر بە یەکجاری هەلبگیرین.

سەرۆکی کۆمەلی سۆسیالدیموکراتەکان لە نیو پەرلەماندا باسی کرد کەوا پیش مەسەلەی دەستوور، بە لای کەم ٦٢ یاسای تایبەت هەیە کە پیویستە بگۆردرین بەر لەوەی دیموکراتیەت ببیتە شتیکی راستەقینە لە تورکیادا.

سەرەك وەزیرانی پیشو و وەزیری دەرەوەی ئیستا[٣٤] (تانسۆ چیلەر) لە لەندەن لە رۆژی ٥ ی کانوونی یەکەم/ دیسەمبەری سالی ١٩٩٦ کۆنفرانسیکی رۆژنامەنووسی بەست، تیایدا هەولیدا (بی ئەوەی هەولەکەی سەربگری) بریارەکەی پەرلەمانی ئەوروپا رابگری سەبارەت بە راگرتنی یارمەتییەکەی *EU* بۆ تورکیا.

---

[٣٤] بیگومان لە کاتی نووسینی ئەم کتیبەدا

(چیلەر) رایگەیاند کەوا تورکیا ئارەزوو دەکات بەردەوامی بە گفتوگۆکانی بدات لەگەل کۆمیسیۆنی ئەوروپا بۆ پاراستن لە ئەشکەنجەدان، حکومەتی تورکیا هەنگاو دەنی بەرەو خستنەروی کۆمەلی گۆرانکاری دیموکراتی کە دەبنە هۆی ئەوەی مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا پیشبخەن.

ئەمە شتیکی باشە وەزیرە بەرپرسیارەکان سینگیان بۆ رەخنە کراوەیە، ئەوە دەردەبرن کە دەیانەوی دیموکراتیەت پیشبخەن.

بەلام ئەوەی زۆر خراپە ئەوەیە، ئەم پرۆسەیە ئەوەندە کات دەبا وەك ئەوەی هەر کۆتایی نەیەت، ئنجا ئەوەی دەشگۆریت پیادە ناکریت، چونکە کەسی دەستی ئەو پۆلیسە و ئەو سەربازە ئاساییە ناگری کەوا لە دیهاتە بچووکەکاندا بەردەوامن لە سەر ئەشکەنجەدان و داپلۆسین.

هەموو ئەو بەلینە بە نرخانە و هەموو ئەو قسە خۆشانە یەك پوول ناهینن لە بەرامبەر ئەو دەستدریژیانەی جار بەدوای جار خیزان و گوندەکانی ناوچە کوردیەکان رەش دەکەنەوە.

دەبی ئاگاداری ئەوەش بین نەبادا وولاتانی تر، کە کیشەی نەژاد و نەتەوایەتیان تیدایە چاو لەم تەرزە رەفتارەی تورکیا بەرامبەر بە کوردەکان بکەن و لاسایی هەمان رەفتار بکەنەوە.

(مەمەد یوکسەکایا) لە رۆژنامەی *Information* ١٩٩٥/٤/٦ خالیکی باشی دەستنیشان کردووە:

"تورکیا خەریکی ئەنجامدانی ئەزموونیکی ترسناکە، بۆی هەیە بە ئاسانی ببیتە پیوەر بۆ دەولەتانی تر، کە کیشەی نەژادی و نەتەوایەتیان تیدایە. نموونەی ئەم وولاتانەش زۆرن، چ لە نیو کیشوەری ئەوروپادا و چ لە وولاتانی تری دوورەوە. ئەگەر ئەم پەرەسەندنە وا بروا بەرادەیەك ببیتە پیوەربەخش، ئەوا مەترسیەکەی لەوەدایە،

خەلکانی سیاسەتمەدار و سوپایی ئەو وولاتانە کە دەسەلاتیان بەسەر ئەوەدا ناشکی کیشەکانی ناوخۆ چارەسەر بکەن، ئەوا ئەو کیشانە رەوانەی دەرەوە بکەن".

گرنگترین گیروگرفتی تورکیا لە بواری مافەکانی مرۆڤەوە دەستوورەکەیەتی. وا پیدەچیت زۆر لە پارتە سیاسییەکان و ریکخراوە گرنگەکان ئارەزوویان لە دەستووریکی تازەیە، بەلام ناتەبایی و ناکۆکی ناوخۆیان لەمەر شتەکانی تر _لەگەل نەبوونی ئارەزوو لە لایەن سوپاوە _ بۆنەتە بەربەست لەبەردەم دەست بەکارکردن بۆ دەستووریکی تازە. لیرەوە کۆمەلگای نیودەولەتی دەتوانی باربۆ و بەشداری بکات.

(موزەیین بۆزتۆپراك) کە ئافرەتیکی باسکارە لە سەنتەری خویندنی رۆژهەلاتی ناوەراستی سەر بە زانکۆی ئۆدینسە، لە زۆر لایەنەوە راست دەکات کە داوا لە وولاتانی رۆژاوا دەکات دەستی یارمەتی بۆ حکومەتی تورکیا دریژ کەن، کە پارتی رەفاهی ئیسلامی تیایدا حوکمی بەدەستە. هەر بە تەنها رەخنەگرتن و مەحکومکردن کاریکی بونیاتنەر نیە.

بۆیە لیژنەیەکی دەستپیشکەری *NGO* ی دانمارکی پەیوەندی بە کۆمەلیك پسپۆرانی دەستوورناسی تورك و نیودەولەتی کرد، کە لە توانایاندا بوو پیشنیاریکی ریالیستیانەی دەستووریك پیشکەش بە تورکیا بکەن.

پسپۆرە دەستوورناسە دانمارکیەکان و ئەوانی تر شارەزایەکی زۆریان هەیە لە بواری یارمەتیدانی دیموکراتیە ساواکان و ئامادەکردنی دەستوورەکاندا.

هەروەها ئەگەر بیتو کاریکی لەم بابەتە لەسەر ئاستی *NGO* دەست پیبکا، ئەوا حکومەتەکانی ئەوروپا و حکومەتی تورکیاش دەتوانن زیتر بە ئازادی مامەلە لەگەل دەستپیشکەریەکەدا بکەن. بەلام لە هەمان کاتدا پیویستە ئەو هیزە سیاسیانەی بە راستی دەیانەوی کیشەی تورکی _ کوردی رابوەستی، پیویستە کاربکەن لە پیناو هینانەدی گفتوگۆیەکی سیاسی کە بتوانی تورکیا بینیتە نیو خیزانی وولاتە دیموکراتیەکان.

دیموکراتیەت و مافەکانی مـرۆڤ پیویستە لـە دەسـتووری تورکـی و لـە پراکتیکـدا زامن بکرین. ئەو هەمووو داوا و شکاتانەی لـە بـەردەم کۆمیسـیۆنی ئـەوروپی مافـەکانی مرۆڤن کە ژمارەیان زیتر لە ١٥٨٠ داوایە، ئەو پیشان دەدەن تورکیـا بـە تـەنیا دەرەقـەت نایـەت. بۆیـە دەبـی ئیمـە لـە لایـەنی دانمارکـەوە، لـە لایـەنی ئـەوروپاوە یارمـەتی بـۆ بەدیموکراتیکردن بخەینە روو.

هەروەها ئەوەش گرنگە بۆ ئیمە لە دانمـارك ئـەو هەولـەی دەیدەیـن لـە بەرامبـەر پیشیلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا، هەلنەگیردریتەوە و بکریت بـە رق و کینـە لـە دژی ئەو مهاجیرە تورکیاییانەی لیرە لامانن. ئـەو ٣٥٠٠٠ تـورك و کوردەی لـە دانمـارکن بەرپرسـیار نـین لـەو کـردەوە خراپانـەی لـە لایـەن دەسـەلاتدارانی تـورك و *PKK* وە دەکرین. ئەو رەخنە توند و تیژەی ئاراستەی دەسـەلاتدارانی تـورك دەکریـت، پیویسـتە بە خراپ بە سەر ئەو تورکانـە نەشکیتەوە کـە لـە دانمـارك دەژیـن. زۆر لـەوان هەسـت دەکـەن فـەرق و جیاوازییـان لەگـەلدا دەکریت و مامەلـەی رەگەزپەرسـتانەیان دەرهـەق دەکریـت بـە تایبـەت لـەو کاتانـەی رەخنـە دادەباریتـە سـەر خراپەکاریـەکانی تورکیـا. ئەمانـە زۆربـەیان بەشـداری دەکـەن و لەگـەل دیموکراتیـەتن لـە پینـاو خولقـاندنی کۆمەلگایەکی تورکی مرۆڤانە.

هـەروەها هـیزی دیموکراتـی زۆریـش بـۆ نموونـە لـە نیـو سیاسـەتمەدارانی تـورك، خـەلکانی ئـەندام لـە ریکخراوەکان، رۆژنامـەنووس و نووسـەراندا هەیـە. بۆیـە شـتیکی گرنگـە رەخنـەمان لەمـەر پیشـیلکردنی مافـەکانی مـرۆڤ نەبیتـە هـۆی پچرانـی پەیوەندیەکان و دابرینی تورکیا.

گفتوگۆ پیویستە بەردەوام بیت.

پیویستە زیـتر پشتگیری ئـەو ژمـارە زۆرەی کـورد و تـورك بکـری، کـە رۆژانـە لـە پینـاو بـەهیزکردنی دیموکراتیـەت تیدەکۆشـن. نـاوی نووسـەرانی ئـەم کتیبـە خراوەتـە لیستەی رەش لەگەل ناوی ئەو کەسانەی ناپەسەندن، دیارە ئەمـە نیشـانەی ئەوەیـە کـە

رەخنەکەمان لە بەرامبەر سوپا و پۆلیسی تورکی کاریگەر بووە. ئیمە ناومان خراوەتە لیستی رەشەوە، چونکە ئیمە داوا دەکەین حکومەتی تورکیا مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ بپاریزی، چونکە ئیمە لایەنگیری پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤی *UN* و ئەنجومەنی ئەوروپاین. بەلام ئەمە نیشانەیەکی خراپە کە حکومەتی تورکیا پیشانی جیهانی دەدات. چونکە خۆشبەختانە دەلیم کەوا هەر بەتەنها ئیمە نین ئەو داواکاریانەمان هەیە. دادگای مافەکانی مرۆڤ لە ئەوروپا هەمان داواکاریان هەیە. ئەمەش لەم حوکمانە بەدەردەکەویت کە باسمان لیوە کردن، چەندین شکاتی تریش وا بەریوەیە کە تورکیای تیادا حوکم دەکریت.

خەلکی دانمارکی وەکو ئیمەمانان، کە لە تورکیا (میوانی رەزا قورسین) ئەتوانین لەگەل ئەم دۆزە بژین. بەلام باری ئەو تورك و کوردانەی کە لە ژیر هەمان هەل و مەرجدان گەلی خراپترە و ناچارن چارەنووسی خۆیان وەکو پەنابەر لە ئەوروپا رزگارکەن. هەروەها دیارە بارەکە زۆر سەختە بۆ ئەو کوردانەی یاخود ئەو تورکانەی رۆژانە لە تورکیا هەول و توانایەکی یەکجا زۆر دەخەنەکار بۆ ئەوەی وولاتەکەیان بکەنە وولاتیکی مرۆڤانە. هەروەکو نووسەری بەناوبانگە تورك (نازم حیکمەت) نووسیویەتی: "ئیمەیان گرتووە و ئیمەیان خستۆتە زیندان. من لەم دیو دیوارەکان و تۆش لەو دیو. حالی من لەوانی دی خراپتر نیە، ئەوەی لە هەمووی خراپترە ئەوەیە، کە بە ئاگا یاخود بی ئاگا بەندیخانەکە لەناو خۆتدا هەلگری".

# گیروگرفتیك بۆ ئەوروپا

سەرەرای ئەم هەموو دەردوداخەش، کەچی جۆرە پیشکەوتنیك لە تورکیا هەیە.

مـن جـاری یەکـەم لـە سـەرەتای سـالی ۱۹۸۰ چوومـە تورکیـا، ئـەو کاتــە دەســەلاتی موتلەق بەدەست سوپاوە بـوو. ئەگـەر مـرۆڤ هـەر بـە تەنـها ووشـەی وەکـو دیموکراتـی یاخود کوردی بەسەر زاردا هاتبا، ئیتر یەکسەر مۆری پیاوی خراپی لیدەدرا. ئەمرۆ ئەم شتانە تارادەیەك بە ئاشکرا باس دەکرین.

راسـتە تـا ئیسـتاش کـەس نـاتوانی بــە ئاشـکرا رەخنــە لــە سـوپا بگریـت، بــەلام حکومەت و سیاسەتمەدارە دیارەکان دەخرینە بەر لیدوان و گفتوگۆی گشتی.

چەمکی کورد و مافەکانی کەمـە نەتەوایەتیـەکان لـە رۆژنامـە و تەلـەفزیۆن بـاس دەکرین، ناوە ناوە ریکخراوی سیاسی و مرۆڤایەتی سـەر هـەلدەدەن. زۆر پـارتی سیاسـی هەیە لـە ژیـر دامـەزران دان. لەتـەك ئـەوەی کـە سـوپا کردارەکـانی خـۆی لـە بەرامبـەر *PKK* ، بەرامبــەر بــە دانیشـتوانە کـوردە مەدەنیــەکان زیـاد دەکـات، ئــەوا لیــدوان و گفتوگۆیەکی دیموکراتی زۆر گەرم لە تەواوی تورکیا دەگەری.

لە سەردانیکمدا لەگەل شاندیکا بۆ تورکیا، بەیانیەکیان لەگەل خۆپیشاندانیك لـە جادەکان بە ئاگا هاتم. دواتر لە هەمان رۆژ شاندەکەمان ئامـادەی دەنگدانـی پەرلـەمانی تورکیا بوو سەبارەت بە سەندنەوەی باوەر لە حکومەت، کە بوە هۆی ئەوەی حکومـەتی (چیلـەر) لـە سـالی ۱۹۹۵ بروخـی. ئەمانــە نموونــەی چـاکی ئــەوەن کـە دیموکراتیــەت بەمەودایەکی فراوان کاردەکات.

رۆژی دواتر چاومان بە سەرکردایەتی ( بە وەکالەت ) دەستەی *UN* کەوت لە تورکیا، چونکە ئەو کات سەرۆك و سکرتیری گشتی ئەم دەستەیە کە بە هەلبژاردن هاتبوون لە بەندیخانە گیرابوون.

خیزانی یەکیك لەم دوو گیراوە بەدەم گریانەوە پیی راگەیاندین کەوا میردەکەی نەخۆش بووە و ریگای نەدراوە بچیتە لای دوکتۆر.... ماف؟ مافی چی ؟ ئەوە ئیوە باسی چی دەکەن.

مرۆڤ وای بۆ دەچی کە بلی تورکیا گیروگرفتیکی دووسەرەی هەیە، ئەویش ئەوەیە تا ئیستا نە لە لای سیاسەتمەدارە تورکەکان و نە لە سیاسەتی حکومەتی تورکیاش روون نیە ئاخۆ ئەم وولاتە سەر بە رۆژهەلاتە یاخود سەر بە رۆژاوایە.

تورکیا لەگەل ئیمەدایە بە هۆی بۆ نموونە *NATO* و ئەنجوومەنی ئەوروپاوە، کەچی لە دژی ئیمەدایە لەو کاتەی گالتەی بە بنەماکانی بیرو بۆچوونی دیموکراتی ئیمە دیت، سەبارەت بە پاراستنی تاکەکانی کۆمەل لە بەرامبەر دەستدریژیەکانی دەولەتدا.

بەلام گۆرانکاریەك روو دەدات. پەرلەمانی تورکیا خەریکە کۆمەلیك لە یاسا بنەرەتیەکان دەگۆری، تاوەکو چیتر ئەم یاسایانە دژوار نەبن لەگەل نموونە نیودەولەتیەکان، سەبارەت بە سەندیکای سەربەست و بارودۆخی فیرکردن و شتی تری لەم بابەتە.

وەزارەتی داد خەریکە چەند یاسایەکی تازە ئامادە دەکات لەمەر بەریوەچوونی دادگاکان، پەرلەمانیش لیژنەیەکی بۆ مافەکانی مرۆڤ پیکهیناوە.

لە ئایندەیەکی نزیك بەدەر دەکەوی ئەگەر گشت ئەمانە تەنها ئارایشت بن.

تەکانیك لە سیاسەتی تورکیدا هەیە، گۆرانکاریەکانیش لەوانەیە ئەوەندە خیرا برۆن بەرادەیەك بۆی هەیە رۆیشتن لەگەل ئەم رەوتە خیرایە ببیتە گیروگرفت بۆ سوپا خۆیشی. بۆیە دوور نیە هەر شتیك رووبدات. هەروەها لە بەرژەوەندی

تورکیایە و لە بەرژەوەندی وولاتانی رۆژاواشە کە هەندی دەستپێشکەری بکری لە پێناو دابینکردنی سەقامگیری سیاسی و مافە بنەرەتیەکان بۆ هەموو لایەك، لەوانەش کوردەکان، یارمەتی مرۆڤایەتی ئەو بەشە زۆرەی دانیشتوان بدری کە لە لایەنی ئابووریەوە پێخاوسن.

هیچ گومان لەوەدا نیە ئەگەر تورکیا بۆ نموونە ویستی ببی بە ئەندام لە *EU* ئەوا پێویستە توندی لەگەڵ بنویندری لە پێناو پەیرەو کردنی مافەکانی مرۆڤ.

بەلام تۆ بلیی ئەم شتە بەراستی مەبەست بێت؟

چی دەبێت ئەگەر تورکیا دانی بەوەدا نا کەوا بۆ نموونە ئەشکەنجە و تەعزیبدان هەیە؟

چی دەبێت ئەگەر کۆنسیر ڤاتواریك بۆ مۆسیقای کوردی بکریتەوە، تاوەکو کوردەکان لە جیاتی ڤیژە و هاوار و زریکەیان بۆ زنجیکی بی کەلك و پارچە زەویەکی تەواو لە کەلك کەوتوو، بە زمانی رەسەنی خۆیان ئەوەندە گۆرانی بلین تا دەنگیان دەنووسی؟ ئایا ئیتر *EU* باوەش بۆ تورکیا دەکاتەوە؟ یاخود وولاتانی رۆژاوا زراویان لەوە چووە کە ئەگەر تورکیا بووە ئەندامی *EU* ، ئەوا ١٥ ملیۆن تورك، بە شیوەیەکی سەرەکی کوردەکان، بە لیشاو روودەکەنە وولاتانی ئەوروپا؟

وولاتانی ئەوروپا پێویستە هەلویستی خۆیان لەم بارەیەوە روون کەنەوە.

تورکیا سالانیکی سەختی هەبووە. وینەی میوانداری گەرم و گوری تورکی و تیاترۆخانە نەسرەوتووەکانی ئەستەمبول و شوینەوارە میژووییەکانی ئەنادۆل، ئەم وینانە لە نیو رووخانی زاتدا شەق شەق بوونە، هەرچەندە هەندیك هەیە دەیانەوی ئەم تراژیدیایەی تورکیا بشارنەوە و دایپۆشن.

یەکی لە نووسینگە گەورەکانی گەشت وگوزار لە ئەوروپا، ***Sun Tours*** لە زستانی ١٩٩٦ -١٩٩٧ هەلمەتیکی مەزنی لە ئینگلتەرا دەست پیکرد تاوەکو خەلك رابکیشی بۆ ئەوەی پشووەکانیان لە تورکیا بەسەر بەرن.

دروشمەکەیان ئەوە بوو "زستان لە تورکیا بەسەر بەرن"

ئـەو ژمـارە زۆرەی بەڵگەنامـە راسـت و بابەتیـەکان لەمـەر پێشێلکردنی مافـەکانی مـرۆڤ نیشانەی ئـەوەن کـەوا زسـتان زۆر لـەمێژە لـە تورکیـاوە دەسـتی پێکـردووە، کوردەکان بە دەگمەن هاوین بە چاوی خۆیان دەبینن.

ئازاد مەولود

# یارمەتی و پاڵپشتیکردنی نیونەتەوەیی بۆ بەدیموکراتی کردن

ئەگەر بمانەوی شتیکی کاریگەرانە بکەین ئەوا پیویستە یەکسەر لەو ساتەوەی حکومەتی تورکیا شەر لە دژی کوردەکان رادەگری، بە کردەوە ئەو یاسا و دەستوورانەی ماف پەیرەو دەکات کە تورکیا خۆی مۆری کردوون، ئەوا ئیمەش پاڵپشتی بنوینین بۆ ئەم هەوڵانەی دەدرین، سەبارەت بە سیاسەتیکی ئابووری تازە و پرۆسەی بەدیموکراتی کردن.

کۆمەڵگای نیونەتەوەیی دەتوانی بە زۆر شیوە یارمەتی گۆرانکاریە دیموکراتیەکان بدات و باری مافەکانی مرۆڤ باشتر بکات. دەتوانری کۆمەڵی چاودیریکاران لە کاتی هەڵبژاردندا بنیردری تاوەکو هەم کوردەکان و هەم تورکەکانیش دڵنیا بن لەوەی هەڵبژاردنیکی ئازاد و دیموکراتی دەکریت.

دانمارك و وڵاتانی باکوور پیویستە یارمەتی و پشتیوانی ئەو ژمارە کەمە بکەن کە ناترسن و شکاتەکانیان لەمەر پیشیلکردنەکان دەگەیەننە دادگای مافەکانی مرۆڤ لە ئەوروپا.

ئەم پشتگیریەش لە شیوەی یارمەتی ئابووری دەبی بۆ کارەکانی ***Kurdish Human Rights Project***.

دەتوانری *NGO* کان بخرینە کار بۆ هاریکاری لە پیناو گیرانەوەی ئەو کوردانەی دوورخراونەتەوە، ئاوەدانکردنەوەی دیهاتەکانیان. شارەوانیەکان لە وڵاتانی باکوور و

وولاتانی ئەورووپا دەتوانن پرۆگرامی دۆستایەتی دامەزرینن و گوندە کوردیەکانی کە تا ئیستا ماون بگرنە خۆ. ئەمە دەبیتە بەربەستیك کە دەسەلاتداران چیتر دەستدریژی نەکەن.

ریکخراوە نیونەتەوەییەکانی مافەکانی مرۆڤ، بە هاریکاری لەگەل ریکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا، دەتوانن یارمەتی لە *EU* وەربگرن بۆ دروستکردنی وینەیەك لەمەر ئەو مافانەی پیویستن و سوودبەخشن بۆ تورکەکان و کوردەکان.

ریکخراو و دەزگا دانمارکیەکان دەتوانن یارمەتی بخەنە روو لەمەر وانە گوتنەوە و فیرکردنی هەلبژاردەیەك لە ئەندامانی سوپا و پۆلیس و فەرمانبەرانی بەندیخانەکانی تورکیا، کە پەیوەندیان بە مەسەلەکانەوە هەیە. لە بابەتی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراتی.

سیاسەتمەدارانی دانمارکی و وولاتانی باکوور و ئەورووپی دەتوانن سیاسەتمەدارە پۆزەتیڤە کورد و تورکەکان بانگ بکەن، تاوەکو سیمیناری نارەسمی بگیرن، کە تیایا دەتوانن باسی ئەوە بکەن چۆن یارمەتی لە پیناو بەهیزکردنی دیموکراتی لە تورکیا تاووتو بکریت.

هەروەها شتیکی گرنگە کەوا ریکخراوە مرۆڤایەتیە دانمارکیەکان کە بایەخ بە بارودۆخی کوردەکان دەدەن، هاریکاری بونیات بنین لەگەل ریکخراوە هاوشیوەکانی خۆیان لە وولاتانی تری باکوور.

هەموو شتیك، بگرە هەر لە کۆر بەستان بۆ باسکردنی باری مافەکانی مرۆڤ هەتا دەگاتە پرۆژەی کاری راستەوخۆ، وەکو بۆ نموونە پاککردنەوەی کیلگەکانی مین، ئەمانە گشتیان دەبنە هۆی خولقاندنی هەلومەرجی ئەوتۆ کە مەسەلەی مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ لە سایەیدا بەرەو پیش بروات. هەروەها لەم قۆناغەی ئیستادا پەیوەندی بەستن لەگەل ریکخراوە نیونەتەوەییەکان زۆر گرنگە، بە تایبەتی ئەمەریکا.

لە ژێر ئەم سیستەمە نوییە جیهانیەی ئەمڕۆدا حکومەتی ئەمەریکا کلیلی چارەسەری کێشەکەی ناو تورکیایە. هەموو شتەکانیش وا پیشان دەدەن کەوا ئەمەریکا دەیەوی بەرپرسیاریەك بگریتە ئەستۆی خۆی.

لە مانگی ئادار/ مارسی سالی ١٩٩٦ (پلامن بلیزناکۆڤ) لە بەشی مافەکانی مرۆڤی سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا راپۆرتیکی بە ناوی (مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا بە کردەوە، لە سالی ١٩٩٥) دایە حکومەتی ئەمەریکا. بەشیکی راپۆرتەکە بە یارمەتی ئەو زانیاریانە نووسراوە کە حکومەتی تورکیا خۆی داویتی بە دەستەوە، بەشەکەی تریشی زانیاریەکانی لە ریکخراوە مەدەنیەکانەوە وەرگرتووە، بەشەکەی دواییش لەو زانیاریانەوە پیك هاتووە کە ئەم نووسەرە خۆی لە ئەنجامی سەردان و چاوپیکەوتنەکانی لە هەموو بەشەکانی تورکیا کۆی کردوونەتەوە. هەرچەندە راپۆرتەکە تا لە توانادایە بە شیوەیەکی بی لایەن نووسراوە،

کەچی چەندەها جار بە نموونەی زۆر دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کردەوەکانی تورکیا لەگەل بەلگەنامە نیونەتەوەییەکانی مافەکانی مرۆڤ یەك ناگرنەوە. راپۆرتەکە سەرنج و تیبینی نیگەتیڤی لە زۆر بوار و لەمەر زۆر شت تیدایە، لەوانەش بارودۆخی ناو بەندیخانەکان، وەکو ئەشکەنجەدان و نەبوونی دادگایی کردنی دادپەروەرانە. هەروەها پشکنینی نامە و نامەکاری تایبەت، گوی هەلخستن بۆ گفتوگۆی تەلەفۆن. راپۆرتەکە باس لەو دەستدریژیانەی سوپا دەکا بۆ سەر دانیشوانە مەدەنیەکان و زۆر شتی تر. لە هەمان کاتدا راپۆرتەکە دیتە سەر باسی دادگایی کردنی پەرلەمانتارەکانی *DEP* و سەرکردایەتی پارتە کوردیەکەی *HADEP* و ...ئەوانی تر، ئەوا دووپاتی ئەو دەستدریژیانە دەکاتەوە کە دەکرینە سەر مافە سیاسیەکان. رەخنەی ئەوتۆیشی تیدایە کە ئاراستەی چالاکیەکانی *PKK* دەکرین. ئەو گرنگیەی ئەمەریکا پیشانی داوە پیویستە دەستی پیوە بگیریت و نەهیلدریت لە کیس بچیت. دانمارك پیویستە لە لیژنەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە *UN* داوای ئەوە بکات کەوا راپۆرتکاری تایبەت بنیردرینە

تورکیا، تاوەکو راپۆرتی لەم بابەتە لەمەر باروزروفی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا بنووسن.

تەنانەت ئەگەر تاك و تەرایەکیش لەم پیشنیارانە سەربگری، ئەوا هەر گرنگە کەوا پەیوەندی لەگەل هیزە دیموکراتیەکانی ناو تورکیا بپاریزری و پتەوتر بکری.

گفتوگۆ و دیالۆگ زۆر گرنگە ئەگەر بمانەوی ئومیدیك بدەینە خۆمان، بۆ راگرتنی ئەم کیشە ۱۲ سالیەی نیوان تورکیا و *PKK*، کە بۆتە هۆی کوشتنی ۲۱۰۰۰ کەس لە تورك و کورد[35]. هەربۆیەش پیویستە هەولی جیدی بخریتەکار بۆ بەرپاکردنی گفتوگۆ لە نیوان *PKK* و حکومەتی تورکیا.

تیکۆشان لە پیناو دیموکراتیەت و مافە رەواکان لە تورکیا چیتر هەر بە تەنها ئەرکی کوردەکان نیە. ئەم مەسەلەیە بۆتە بەشیك لە هەول و کاری هاوبەشی جیهانی دیموکراتی لە دژی فاشیزم و داپلۆسین.

کۆمەلگای نیونەتەوەیی لەوەپیش لە تیکۆشانی لەم بابەتە سەرکەوتووە، من باوەری تەواوم هەیە کە ئەم سەرکەوتنە جاریکی تریش روودەداتەوە.

[35] ئەمانە گشتی لە کاتی نووسینی ئەم کتیبە لە ۱۹۹۷دا.